

# ئامۆژگاری بۆ خوشکان
# بەر لە چوونیان بۆ زانکۆ

نوسینی: عبدالله خاکی

بسم الله الرحمن الرحيم

ئامۆژگاری بۆ خوشکان بەر لە چوونیان بۆ زانکۆ

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناسنامەی کتێب

**ناوی پەرتووک: ئامۆژگاری بۆ خوشکان بەر لە چوونیان بۆ زانکۆ**

**نووسین: عبداللّٰە خاکی**

**نـەخـشەسازیی ناوەوە: نووسەر**

**نـەخـشەسازیی بەرگ: محمد سیانی**

**نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٤ کۆچی – ٢٠٢٣ میلادی**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە « »ی**

**ساڵی «٢٠٢٣»ی پێ دراوە**

# پێشکەشە

- به پێشەوا و سەرکردەی خۆشەویستمان پێغەمبەری ئازیز ﷺ و ڕێبازە پیرۆزەکەی.
- به خێزان و هاوژینی ئازیزم.
- به هەموو ئەوانەی هاوکارم بوون له نووسین و ئامادەکردنی.
- به خوێندکار و قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگان.

خاکی

## پێشەکی

الحمد لله رب العالمين، اللهم لك الحمد على نعمة الإسلام والايمان، ولك الحمد أن جعلتنا من أمة محمد ﷺ، وأشهد أن لاإله إلاالله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، اللهم صل وسلم وبارك على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرەتا ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە، تەنها ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە، پاشان سوود بینینی گەنجانی موسڵمانە، بەتایبەت کچان و خوشکان کە دەبنە قوربانی سەرەکی، بەهۆی خۆشباوەڕی و سادەیی خۆیانەوە، بۆیە ئاواتمانە خوشکانمان دووربن لەکێشە و ناخۆشییەکان، و لەو پەڕی خۆشی و ئاسوودەیی بژین، چونکە ئەم ڕۆژگارەی تێیدا ئەژین، فیتنە و ناخۆشیەکانی وەکو لێزمەی بارانی بەخوڕ دادەبەرێ بەسەرمان، ئەگەر موسڵمان شارەزای دینەکەی نەبێ، لاڤاوی فیتنە ئەیبات و لە کەند و دۆڵێکی سەخت و دژوار گیری ئەکات، کە ڕزگار بوونی بۆ نەبێت. بۆیە ئەم کتێبەمان تایبەت کرد بەو کچانەی ئەچنە زانکۆ، چونکە هیچ شارەزای ژیانی ناو زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکان نین، زۆرێکیان ساویلکە و خۆشباوەڕن، بۆیە دەبێ کەسێك هەبێ ئامۆژگاریان بکات کە شارەزاییان هەبێت، چونکە کاتێک دەچیە زانکۆ هیچ لەو دونیاییە نەژیاوی و شارەزا نیت،

بۆیە پێویستە پێش چوونت بۆ زانكۆ خۆت ئامادە بكەی بۆ هەموو ڕووداو و شتێكی نەخوازراو، ئەم كتێبەی بەردەستت ئامۆژگاری كەرێكی دڵسۆزە بۆتۆی كچ لەبری دایك و باوك و كەسە نزیكەكانت، كەوایە پێویست بەوە ناكات لە كەس بپرسی دەربارەی ئەوەی ژیانی زانكۆ چۆنە و چیە، ئەوەی لەم كتێبە نووسراوە كۆكراوەی گشت ڕاستی و ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ژیانی ناو زانكۆ و بەشە ناوخۆیەكانە.

هەرچی ڕووداو بەسەرهاتە كە باسمان كردووە، گشتی ڕاستین و دوورن لە خەیاڵ و چیرۆكی هەڵبەستراو، پێش وەرگرتنی ڕووداوەكان لە خوێندكار و قوتابی زانكۆ و پەیمانگا و بەشە ناوخۆییەكان دڵنیامان كردوون، ئەگەر ڕووداوەكان خەیاڵ و ڕاستی نین وەری ناگرین، بەڵام سوێندو قورئانیان خواردوە كە ڕاستین، بۆیە قبوڵمان كردوون تاكو تۆی خوێنەر حەقیقەت و ڕاستی ژیانی زانكۆ و چوونە دەری كچانت بۆ دەربكەوێت.

بۆیە خوشكی باش و بەڕێزم لە خۆمانەوە هیچ شتێكمان نە نووسیووە، بەبێ بەڵگە، بەڵكو هەر ڕووداو و بەسەرهاتێک كە باسمان كردووە، بەچاوی خۆم بینیوە، لەو ماوەیەیی كە خۆم خوێندكار بوومە، یاخود لە كەسێكی ترم وەرگرتووە، كە خوێندكاری زانكۆ و پەیمانگا بووە، توێژینەوە و گوفتوگۆمان كردووە دەربارەی ڕووداو و بەسەرهاتی ناو زانكۆ و بەشە ناو خۆییەكان، كە ڕووبەڕووی كچان دەبێتەوە پێیان گوتوم، لە پێناو ئەو خوشكانەی تەجروبە و ئەزموونیان نیە، بۆ ئەوەی چاوكراوەبن.

لەوانەیە ئەو کەسانەی دوورن لـە ئیسلام و بیروباوەڕی پاك، کە ئەم کتێبەمان نووسیوە واگومان ببەن کە بەندە خۆمان خۆشەویست و باش دەکەین لای کچان، بەڵام اللە تعالی شاهێدە پێویستمان بەهیچ خۆباشکردن و بەرژوەندیەك نیە و سپاس بۆ اللە خێزان و هاوژینی خۆمان هەیە، بۆیە پێویستیمان بە خۆباشکردن و خۆشەویستکردن نیە لای هیچ کەسێك، گرینگ اللە تعالی کارەکەمان لێ قبوڵ بکات، و کتێب و نووسراوی تریشمان هەیە دەربارەی بابەتی تر، وە بابەتەکانمان ئامۆژگاری گشتین، و لە بازنەی قورئان و سوننەت خۆیان دەبیننەوە و دەرناچن.

بۆیە خوشکی سەنگینم هیوادارم دڵسۆزی منت لەبەر چاوبێت و بتوانی گشت نووسینەکەم، بە گوێی دڵ بخوێنیتەوە، و ئیهمالی نەکەیت بۆ ئەوەی تۆی بەڕێز لەم ژیانە کاتیەی دونیا بەخۆشی و دوور لە کێشە بژیت.

داواکارم لە اللّٰه ئەم ماندووبوونەی چێشتوومانە لە نووسینی ئەم کتێبە و تەواوی کردەوەکانمان لێ قەبووڵ بکات، کە تەنیا بۆ ڕەزامەندی خۆی بێت، هیچ ماندووبوون و کارێکمان بۆ جگە لەو نەبێت، و بەردەوامیمان پێ ببەخشێ لەسەر ڕێبازی پیرۆزی تەوحید.

**اللَّهُمْ اجْعَلْ عَمَلِي كُلَّهُ صَالِحاً وَاجْعَلْهُ لِوَجْهِك خَالِصاً وَلا تَجْعَلْ أَحَدٍ فِيهِ شَيْئاً**

عبداللّٰه خاکی.

دووشەمە ١٥ جمادی الاخرة ١٤٤٤

٢٠٢٣/١/٩

## خوێندن و چوونە دەرەوەی ئافرەت لەم ڕۆژگارەدا



سەرەتا پێش هەموو شتێک ئەم سەردەمەی ئێستا تێدایین پڕیەتی لەفیتنە و کێشە و ناخۆشی، و بەکورتی سەردەم ڕۆژگاری فیتنەیە، بۆیە دەبێ موسڵمان وریا و بە ئاگابێ تاکو نەکەونە ژێر شاڵاوی فیتنە و لەناو چوون، یانی چەند بژین و ڕۆژگار بڕوات ژیان ناخۆشتر دەبێ، بەهۆی دوورکەوتنەوەمان لە ئیسلام، هەروەک بەچاوی سەر ئەیبینین، ڕۆژ دوای ڕۆژ ناخۆشی و فیتنە و ئاژاوەکان ڕوو لە زیادبوون دەکات، هەروەک پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ فەرموویەتی: **(لا يأتي عليْكم زَمَانٌ إلَّا والَّذي بعدَه شَرٌّ مِنْه حتَّى تلْقَوا ربَّكُم)**[١] واتە: هیچ زەمانێک نایەت ئیلا ئەوەی دوای خۆی خراپتر دەبێت لەو (ئەمڕۆ خۆزگە بە دوێنێ) هەتاکو دەگەڕێنەوە لای اللَّه ی خۆتان.

بێگومان ڕاستی فەرمووە ئازیزمان ﷺ بە تێپەڕبوونی کات زیاتر ناخۆشی و قەیران و ئاژاوە ئەبینین، خەڵکی گشتی لە دوو دڵی و دڵەڕاوکێ ئەژیت، بەهۆی بوونی قەیران و نەبوونی و هەژاری، سەرەڕای دژایەتی ئەهلی کوفر بۆ موسڵمانان.

---

[١] - رَواه البُّخاري ٧٠٦٨

ئینجا خوێندن لە ئێستادا بۆتە گاڵتە و ڕابواردن و هیچ زانستێك فێر نابن، زۆرینەی بە واستەو واستەکاری، و بە قۆپیە و غەش و فێڵ دەرئەچن، بڕوانامە و شهادە مسقاڵێک سوودی نەک بۆ کچ بۆ کوڕیش نیە و دانامەزرێن و دواڕۆژیان دیارنیە، هیچ ئیش و کاسبیان دەست ناکەوێ، ئەبێ تەواوی تەمەنیان بەناچاری لە ئیش و کاسبی قورس و گران لەسەر جادە و مەیدانی کاسبکاران ببەنە سەر، تووشی نەخۆشی و پشت ئێشە بنەوە، بەهۆی سەختی و ناخۆشی ئیشەکەیانەوە، نەک دامەزراندن و بوونە موەزفی ئەو وەزیفەی کە بڕوانامەی لێ بەدەست هێناوە.

فێربوونی زانست بەتایبەتی زانستی شەرعی واجبە لە سەر موسڵمانان فێری ببن، بۆ ئەوەی لە دونیا بەختەوەر بژین و گومڕانەبن.

ئیسلام گرنگی زۆر بە زانست داوە و فێربوونی زانستی شەرعی لە عیبادەتە هەرە گەورەکانە پێشەوا زهري (رحمە اللە) دەربارەی دەفەرمووێ: (ما عبد الله بشيء افضل من العلم)[١].

واتە: الله تعالى نەپەرستراوە بەشتێک باشتربێت لە زانست و زانیاری.

[١] - حلية الأولياء لأبى نعيم (٣٦٥/٣)

وە پێشەوا عبداللەی کوڕی موبارەک (رەحمەتی اللە تعالی لێ بێت) فەرموویەتی: (لا اعلم بعد النبوە افضل من بث العلم)[١]. واتە: نازانم لەدوای پێغەمبەرایەتی شتێک هەبێت باشتربێت لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری.

وە سەبارەت بە گرنگی زانست پێشەوا ئیمامی ئەحمد (رەحمەتی اللە تعالی لێ بێت) دەفەرمووێت: (الناس إلى تعلم العلم أحوج منهم إلى الطعام والشراب، في اليوم مرة أو مرتين وحاجته إلى العلم بعدد أنفاسه)[٢]. واتە: خەڵکی پێویستیان بەفێربوونی زانست زیاترە لە خواردن و خواردنەوە، چونکە مرۆڤ لەڕۆژێکدا جارێک یان دوو جار پێویستی بە خواردن و خواردنەوە دەبێت، بەڵام پێویستی بەزانستە بەژمارەی هەناسەکانی.

وە فێربوونی زانست هۆکارە بۆ گرتنەبەری ڕێگای بەهەشت، بێگومان ئەگەر بە دڵسۆزیەوە هەوڵی بۆبدەی وەکاری پێکەیت و بیگەیەنی، لە فێر بونتدا مەبەستت هەبێ لە سەرخستنی دینەکەت بەهۆیەوە و زیندوو کردنەوەی ڕێگای هەق و دانەوەی بە گوێچکەی خەڵکیدا، ئەگەر وات کرد ئەوە براوەی و ڕێگایەکی مەزنت گرتوەتە بەر.

---

[١] - تهذيب الكمال ١٦ / ٢٠

[٢] - مدارج السالكين الابن القيم (٢ /٤٧٠)

هەروەکو پێشەوا ابـن القـیم فەرمـوویەتی: (مـن طلـب العلـم لیحیـي بـه الاسلام فهو من الصدیقین ودرجته بعد الدرجة النبوة)[١].

واتە: هەر کەسـێک داوای زانسـتی شـەرعی بکـات تـاکو ئیسـلامی پـێ زینـدوو بکـاتەوە ئەو کەسـە لە راسـتگۆیانە وپلەوپـایەی لە دوای پـلەو پایەی پێغەمبەرانە (علیهم السلام).

بەڵام ئایە لە زانکۆ دوای ١٦ ساڵ خوێندن فێری ئـەو زانسـتە ئـەبن کـە سوودی هەیـە بـۆ دونیـا و دوارِۆژی خـەڵك، ئایـە دوای ئەوەنـدە سـاڵە خوێندن هیچ شارەزای ئیسلام ئەبن، سەدان کچ هەن لە ماستەر و دکتۆرا ئەخوێنن و نازانن بنەماو بنچینەی ئیسلام چیە، گەر بەتەمای ئەوە بـی لە خوێندنی زانکۆ فێری ئیسلام دەبی، ئەوە تەنها فێڵ لە خـۆکردنە، چونکـە لە زانکۆی شەریعە کە تایبەتە بە زانستی ئیسلامی، بەڵام هـیچ فێـری ئەو ئیسلامە حەقیقە نابن کە اللَّه تعالی پێـی رِازیـیە، لە زانکـۆی شـەریعە لە ئاهەنگ و یەکترناسـین رِەشـبەڵەک و سـەرچۆپی تـێکەلاوی حەرام فێـر دەکرێن.

---

[١] - مفتاح دار السعادة (١/١٢١)

بە هەرحال ئینجا زانکۆ لە ئێستادا بـۆتە شـوێنی عاشـقاتی و ڕابـواردن و گاڵتەکردن بە شەرەف و ناموسی کچان، خـۆم لە بەشـی کۆمپیـۆتەر بـووم نزیکبوونەوەیان ئەگەیشت بە ڕادەیەك کە کـوڕ و کچیـان ئـەکردە بـوك و زاوا، (دوور لە ڕووتان) ئەوەندە سووک بوون، و یاری دەست لە یەکـدان و ئاو بەیەک داکردن و نزیک بوونەوە لە یەک، هەتا مامۆستاکانی زانکـۆ و پەیمانگا گێچەڵەی سیکسی بە قوتابیە کچەکان ئەکەن.

بۆیە پێم وایە باشترین شت بۆ کچ مانەوەیانە لە ماڵەوە بۆ ئەوەی دووربن لە تاوان و ڕەشەبا و شاڵاوی فیتنەو بەهیلاک چوونی دونیاو دوارۆژ.

وە چونە دەرەوەی ئافرەت بە مەبەستی زانکۆ یا ئیش و کار و پارە پەیدا کردن، زۆر جار کێشەی لێ دروست ئەبێت، بەتایبەت لە هاتوچۆکردن لەگەڵ سایەق تەکسی و کەسانی نامەحرەم و ژمارەی مۆبایل گۆڕینەوە بە بیانوی تەلەفۆن کردن بۆ پیویستی لەگەڵ سایەق تەکسی و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرە پیاوەکان.

کە ئەمەش زۆرجار کارەساتی لێ دروست دەبێت بۆ کچ و ئافرەتان، ئەمە خوشکێکە باسی کچێکی ناسیاویان دەکات لە زانکۆ لە بەشە ناوخۆییەکان دەمایەوە، باسی ئەوە دەکات کە سایەق تەکسی چۆن ویستویەتی بەچ ڕێگایەك داوای پەیوەندی و خۆشەویستی لەو کچە بکات بە فێڵ تاکو پێی ڕابوێرێ و بیخاتە ژێر دەستی خۆی کە هەرکات ویستی بانگی بکات و لەگەڵی بخەوێت،

بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت: ئەو کچێکە لە بەشە ناوخۆییەکان دەمایەوە، ڕۆژێک دەگەڕایەوە بۆ داخلی بە تەکسی، و سایەقەکە زۆر زۆرزان بوو، دەیەویست بە فێڵێک پەیوەندی لەگەڵی هەبێ، بۆیە بۆ ئەوەی ژمارەکەی بەدەست بێنێ بە درۆ دەڵێت: دادە گیان ئەکرێت موبایلەکەتم بدەیتێ زۆر بەپەلەم تەلەفونێکی پێ بکەم وەحدەم نەماوە، کچەکەش لە دڵپاکی خۆی موبایلەکەی دەداتە دەستی و ئەویش تەلەفونێک بۆ خۆی دەکات و ژمارەکەی خەزن دەکات.

ئیتر ڕۆژێک نامە بۆکچەکە دەنێرێت و دەڵێت دەبێت قسە بکەین و پەیوەندیمان هەبێت، دواتر کە کچەکە ڕازی نابێت، دەکەوێتە هەڕەشە کردن و داوای پەیوەندی و وێنە لە کچەکە دەکات کچەکە زۆر ئەترسێت بەلام رازی نابێت هەتا وای لێدێ کوڕەکە پێی دەڵێت: کارێکت پێ دەکەم بەکەس نەکرابێت، کچەکە زۆر دەترسێت بەڵام بریار دەدات و یەکێک لە دکتۆرەکانی زانکۆ ئاگادار بکاتەوە، و ڕووداوەکەی بۆ باس دەکات و ئەویش یارمەتی دەدات و دەزگای ئەمنی لێ ئاگادار دەکاتەوە و کوڕەکە دەستگیر دەکرێت.

بۆیە خوشکی سەنگینم هەر چۆنێك بێ چوونە دەرەوە بۆ کچ و ئافرەت فیتنەیەو کێشەو ئاژاوەی بە دوادادێ، بۆیە زۆر ئاگاداری خۆت بە ئەگەر هەر خوێندت و دەوامت هەبوو، ئەوە متمانە بەتەکسی و سایەقەکان مەکە و بە تەنها لەگەڵیان سەر مەکەوە، تەنها کاتێك نەبێ هاوڕێیەك یان ناسیاوێکت لەگەڵ ئەبێت، ئەگەر هەر بەتەنها بووی، ئەوە بە پاس بڕۆ، بەڵام ئاگاداربە لای پیاوەکان دامەنیشە، ئەوەتا خوێندکارێك کچ باسی خۆی دەکات کە بەپاس هاتووچۆی کردووە، ئەڵێت: ڕۆژێکیان لە زانکۆ دەهاتمەوە سواری پاسێک بووم، چاوەڕێ بووین پاسەکە پڕبێت، گەنجێك سەرکەوت کەمێک سەیری ناو پاسی کرد، شوێنی چۆڵی تریشی لێ بوو، بەڵام هاتە تەنیشت منەوە دانیشت، منیش کەمێک هاتمە ئەولاوە تاکو بەینێک هەبێت لەنێوان، پاسەکە کەوتە ڕێ لەنیوەی ڕێگادا هەستم کرد کەمێک دەستی نزیک کردەوە لێم، منیش جانتاکەم خستە سەر قاچم پاش کەمێکی تر هەستم کرد شتێک لەسەر قاچم دەجوڵێت سەرەتا گوتم: هیچ نییە بەڵام کەمێکی تری پێچوو هەر بەردەوام بوو کە جانتاکەم لابرد سەیر دەکەم دەستی ئەو گەنجەی تەنیشتم بوو، ئەیهێنا بەقاچمدا زۆر بەلامەوە ناخۆش بوو، ویستم قسە بکەم بەڵام نەئەکرا، ئیتر گەنجەکە کەزانی پێم زانیوە و توڕەبووم هەستا چووە شوێنێکی دیکە.

هەر بۆیە ئامۆژگاریم بۆ خوشکان ئەوەیە ئاگاتان لەخۆتان بێت کاتێک کە هاتووچۆ دەکەن بۆ زانکۆ، هەتا بۆتان دەکرێت نە خۆتان بچنە لای پیاوەوە، ئەگەر ئەوانیش هاتنە لاتانەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتەکانیان بن.

وە خوێندن و ئیشی دەرەوە بۆ کچان بووە هۆی دواکەوتنی زەواجی بەشێکیان بە هۆی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، ئینجا یەکێک لە مامۆستا ئافرەتەکانی زانکۆی وڵاتی بەریتانیا لە ڕۆژی ماڵئاوایی لە خوێندکارەکانی و لەو کاتەی نامەی دەست لەکارکێشانەوە پێشکەش بە بەڕێوەبەرەکەی دەکات بە خوێندکارەکانی ئەڵێت: وا ئەبینن من تەمەنم گەیشتە ٦٠ ساڵ، توانیم لەو ماوەدا بگەمە زۆر پلەی بەرز، سەرکەوتو بووم و پێشکەوتم لە ساڵەکانی تەمەنم یەک لەدوای یەک، لە تێڕوانینم بۆ کۆمەڵگە دەرئەنجامی گەورەم بۆ دەرکەوت، بەڵام ئایا من دڵخۆشم دوای ئەم هەموو دەستکەوتە؟! نا هەرگیز، بەڕاستی گەیشتمە ئەو بڕوایەی کاری ئافرەت تەنها هاوسەرگیریـیەو پێگەیاندن و پەروەردەی خێزانە، وە هەر کارێکی تر غەیری ئەمە ئافرەت خۆی پێیەوە سەرقاڵ کات و هەوڵ و کۆششی بۆ بکات نە قیمەتی هەیەو نە چێژ لە ژیانیدا.

وە چونە دەرەوە بۆ ئافرەتان دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە دین و قورئان و پەروەردە کردنی منداڵان و زەلیل بوونی منداڵان لەم لاو ئەولا و دایە نگاکان کە زۆر جار فێری ڕەقس و کریسمس و جەژنی لە دایک بوون و گۆرانیان ئەکەن لە دایەنگاکان بەشێکی کەمیان نەبێت.

چونکە زۆربەی ئافرەتان کاتیان نامێنێ بۆ منداڵەکانیان لە بەر دەوامی خۆیان، بۆیە منداڵ ئەبەنە دایەنگاکان.

اللَّه تعالى داوا لە ئافرەتـان ئـەکات لـە ماڵـەوە بمێنـەوە و دەفەرموویـت:

﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾[1] واتە: جێگیربن، بمێننەوە لە ماڵەکانت ئەی ئافرەتان.

بەڵێ مانەوە لە ماڵەوە لەم سەردەمەی پـڕ لـە فیتنەیـە چـاکترین کـارە بـۆ ئافرەت، گەر بۆ زەروریەت نەبێ و بۆ پێویستی و چوونە دکتـۆر پێویسـت بکات، ئەوەتا هـاوەڵی ئـازیز عبداللَّـه کـوڕی مسـعود (رضي اللَّـه عنـه) دەفەرموویێت: ئافرەت هیچ عیبادەتێکی نەکردوە، بە وێنەی لە اللَّه ترسـان و دانیشتن لەماڵەکەیدا.

(ما تعبّدتِ اللهَ امرأةٌ بمثل تقوى اللَّه، وجلوسها في بيتها)[2]

ئەی خوشکی موسڵمانی ژیر و بەشـەرم و حـەیام بە تەنهـا بە دانیشـتن لە ماڵەکەتدا باشترین عیبادەت ئەنجام دەدەیت، ئەمە فەزڵێکە بەس دراوە بە ئێوە بە فێڵی شەیتان لە کیس خۆتی مەدە.

سەیر بکە چۆن هاوەڵی ئازیز عبداللَّه کوڕی مسعود (رضي اللَّه عنـه) کە یەکـێکە لە هەرە کیبـاری سـەحابە ترسـان لە الـلە و دانیشـتن لە مـاڵەوە لەگەڵ یەک باس دەکات، بە دوو گەورەترین عیبادەت نـاوی دەبـات بـۆ ئافرەتان، بزانە، چاوەکانت بکەوە عەلمانی چۆن بە هەموو شێوەیەک هانت

---

[1] - سورەتی الاحزاب ٣٣،

[2] - بڕوانە: تفسير السمعاني

دەدەن، کە بچیتە دەرەوە، شان بەشانی پیاوان کار بکەی، پێشبڕکێیان لەگەڵ بکەی، بزانە گەورەترین فێڵت لێکرا، تا ماوی ناتوانی ووتەیەک، ئامۆژگارییەک، ڕێنماییەک بدۆزییەوە لەوەی باشتر، جوانتر، چاکتر!

بۆیە بیزانە لەم سەردەمی فەسادییە چاکترین شوێن مانەوەیە لەماڵەکەت.

تەنها ئەوەندە فێربی بنووسی و بخوێنیتەوە گەورەترین سەروەتە بۆتۆ، قورئان و ئیسلام شارەزا ببی باشترین بڕوانامەی دونیایە، بۆیە دەبێ کچی موسڵمان خۆی بپارێزێ لەوەی ببێتە هۆی کردنەوەی دەرگای فەساد و تاوان، دەبێ بزانین کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە ئەبێتە هۆی فەساد و لە خشتە بردنی گەنجان، ئینجا تەنها بۆ پیاو فیتنە نیە بۆ گەنجانی هەرزەکاریش فیتنەن ئەم نموونەیە باس دەکەم تا ڕاستی بزانن کە ئافرەت لە شوێنی کارکردنی چۆن دەبێتە هۆی تاوان، لەبەر ئەوەی کچان باوەڕ و قەناعەتیان بۆ دروست بێت، ئەگەرنا ئامادە نەبووم ڕووداوێکی لەم جۆرە باس بکەم، بەس بۆ ئەوەی قەناعەت بکەن کەچۆن ئافرەت دەبێتە فیتنە، ئەم نموونەی باس دەکەم اللّە تعالی ئاگادارە کە یەك ووشە درۆم نەکردووە و ئەو کەسانەی لەگەڵم قوتابی بوون ئێستا ماون و شاهێدن.

بۆیە بەچاوی خۆم دەیان جار دیوومە و قوتابی بووم لە پۆلی (٧ و ٨ و ٩) ناوەندی، کە ئەوکاتە قوتابیەکان گەر ساقیت بووبن تەمەنیان لە ١٣ ساڵی ١٤ و ١٥ ۆ تاکو ١٧ ساڵی لێ بوو، لەم قوتابخانەیە شتی زۆر سەیرم دی کە قوتابیەکان چیان بەرامبەر مامۆستای ئافرەت ئەکرد،

کە گێچەڵەی سیکسی یان پێدەکرا، مامۆستا لەکاتی گوتنەوەی وانە لە ڕێزی دواوە بوو، قوتابیەک ئەچووە پشتی ئەوەستا و جوڵەو لەقتەی ناشرینی بەرامبەر ئەکرد! هەموو قوتابیەکان سەیریان دەکرد و پێ ئەکەنین، ئینجا کە دەرس تەواو ئەبوو مامۆستا لە پۆل ئەچووە دەرەوە، قوتابی تر بە دوای مامۆستا ئەکەوت دەستی بە زنجیری تەنورە و لەچکی مامۆستا ئەکرد و ماچی لێ ئەدا، یان زۆر جار مامۆستا ئاگای لەخۆی نەبوو مەژغووڵی سەیرکردنی واجبی قوتابیەکان بوو، زۆر جار قوتابی تر دەرزیان لێی ئەدا بە قەڵەم نوک، نوکەکەی دەرئەهێنا وەکو دەرزی پەنجەی لەقەڵەم ئەدا و لە ڕانی مامۆستای نزیک دەکردەوە، ئەمانە هەموو ڕاستی و حەقیقەتن کە قوتابیەکان هێشتا نەبووبوونە ١٨ ساڵ ئەم هەڵسوکەوتە ناشرینەیان بەرامبەر مامۆستای ئافرەت ئەکرد، یان مامۆستا لەسەر ڕەحڵە دائەنیشت دواتر ئەڕۆیشت قوتابیەکان ڕایان دەکرد دەستیان لە شوێنی دانیشتنی ئەداو ماچیان ئەکرد، چونکە مامۆستا لەسەر ڕەحڵەکە دانیشتبووە، یان بە زمان شوێنی دانیشتنی مامۆستایان ئەڵێساوە، بەم شێوەیە قوتابیەکان زۆربەیان هیچ دەرسیان نە ئەخوێند و بەردەوام ئەم کارە دووبارە ئەبوویەوە، بە تەنهاش دەرسی ئافرەتەکان وابوو.

هەر بۆیە جارێك بڕیارمدا قسە بۆ مامۆستایەکی سفور بکەم کە خۆیان داپۆشن و دووربکەنەوە لەسەر پێچی فەرمانی اللّٰه تعالی، بۆیە ڕۆژێک ڕۆیشتمە سەر ڕێگای لەکاتی ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ وەستاندم،

گوتم: مامۆستا ئیزن هەیە دوو قسـەت بـۆ بـکەم، گـوتی: فەرمـوو کـاک عبداللَّه گوتم: مامۆستای بەڕێزم بە خوا لەپێناو اللَّه قسـەت بـۆ دەکەم، نە بۆ نمرەمە تاکو نمرەم پێ بدەی نەبۆ ئەوەی نـاجیحم بـکەی، هـیچم لێـت ناوێیت، ئینجا بە پوختی باسی مردن و فەرزبوونی حیجابم بۆ کرد، گوتی: زۆر مەمنـونم کـاک عبداللَّـە، هـاتمەوە مـاڵ، ڕۆژی دواتـر ڕۆیشـتمە کتێبخانە، نـامیلکەم بـۆ کـڕی، دەربـارەی ئامۆژگـاری بـۆ ئافرەتـانی ئەم ڕۆژگـارە و نـامەیەکی دوور و درێـژم بـۆ نووسـی، لە بەنـدەی خـوا بـۆ مامۆستا و خوشکی بەڕێزم، زۆرشتم بۆ نووسی و باسی مـردن و دواڕۆژ و کە بۆچی و لە پێناوچی ئەم قسانەم بۆ نووسیوە، نامەکەم لە لاپەڕی یەکەم داناو نامیلکەم کردە زەرفو کەپسم کرد، ڕۆیشتم بۆ ئیـدارەی قوتابخانـە و بانگم کرد، گوتم: فەرموو مامۆستا ئەم دیارییەت پێشکەش بێت.

گوتی: زۆر سپاس کاك عبدالله.

ئینجا ڕۆژێک لەناو دەرسی کـوردی بـووم، لەدەرگایـان دا، گـوتی: مـدیر ئیشی بە عبداللَّەیە بابێتـە ئیـدارە، مامۆسـتا ئیزنـی دام و ڕۆیشـتم، مـدیر گوتی: عبداللَّه وەرە منی بردە ژوورێکی بچووکی توێژەری کۆمەلایەتی بە تەنها هەردووکمان بووین، گوتی: چیت بەفڵان مامۆسـتا گوتـوە، وە چیـت نووسی بۆی لەنامەکەدا.

گوتم: بڕوابکە مامۆستا هەرچیم پێ گوتبێ لە چاکی و خەمخۆری خۆم بووە بۆی، باسی ئەخلاقی قوتابیەکانم کرد بۆی کە زۆر ناشرینە بەرامبەر مامۆستای ئافرەت، و باسی فەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپەم کرد، گوتم: واجبە خەم لە ئیسلام بخۆین و خراپەمان بینی بگۆڕین بە چاکە، زۆر قسەم بۆ کرد کە لەپێناو اللَّه پێم گوتووە و مامۆستاکە بە مدیری گوتبو: کە بە عبداللَّه بڵێ وازم لێ بینێت، ئەگەرنا من لەو قوتابخانەیە دەڕۆم، ئینجا مدیر گوتی: کاک عبداللَّه دەستت خۆش بێ و دەزانم تۆ ڕاستی و تۆ خێری خۆت کرد بەس واز لە ئامۆژگاری ئەم مامۆستایە بێنە گوێدار نابێت، گوتم: بەچاوان ئیتر کارم پێ نیە، مدیر زۆر ڕێزی گرتم، گوتی: تۆ ناوی ئەو قوتابیانەم پێ بڵێ کە بەم شێوەیەن،گوتم: مامۆستا یەك و دوونین، بەهەر حاڵ.

ئیتر مەبەستمان لەم باسە تەنها فیتنەی ئافرەتی دوور لە ئیسلامە ئەوجا ئافرەت لە هەر کوێ دەوام بکات، دڵنیام سەلامەت نابیت، لە پیلانی شەیتان و مرۆڤەکان ئیلا فیتنەی لێ سەر هەڵئەدا.

هەر وەکو چۆن لە ماوەی پێشتر گوێ بیستی ئەو پیاوە بووین لە وەزارەتی دارایی کچەکەی کوشت کە شووی پێنەکردبوو، ئەڵێن کابرا لە دەوام عاشقی بووبوو، چەندین جار داوای هاوسەرگیری لێ کردبوو.

بە کورتی ئیشی کچ و ئافرەت تەنها ماڵەوەیە و پەروەردەکردنی منداڵەکانیەتی، نەک خەمی ئیشکردنی بێت و ببێتە کێڵکەر و خزمەتکاری گشت خەڵکی، بەڵکو ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت گرتوە هەروەک لەسەرەوە باسمانکرد، کە ببێتە شاژنی یەک پیاو.

بۆیە پێم وایە کچی ژیر بیر لەوە بکاتەوە شوو بە کوڕی دیندار و بەڕەوشت بکات و شەرەف و ناموسی خۆی بپارێزێ و نەوەیەک پەروەردە بکات بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان، باشترین کارە بۆ دونیا و دواڕۆژی، نەک چوونە دەر و بە سووک سەیرکردنیان، ئەو کچانەی کە دەڵێن دوو ساڵمان ماوە، ئەو هەموو ماندووبون و چەن ساڵەمان کردووە و بەلاش بڕوات تا زانکۆ تەواو نەکەین شوو ناکەین، و دەمانەوێ لەبەشەکەی خۆمان خزمەت بکەین پێم وایە تەنها لووت بەرزی و خۆهەڵخەڵتاندن و فێل لەخۆکردنە، چیە وەڵا تا کارێک بکەین و مووچەیەکمان هەبێت بەڵام نازانن کە کاری ماڵەوەیان هەر لە کۆڵ نابێتەوە و دەبێ کاری دەرەوەش بکەن ماندووبونی دوو ئەوەندە دەچێژن، تەنها بێتاقەتیان بۆ دەمێنێتەوە، یان دەڵێن مووچەی خۆتت هەبێ تاکو مەجبوور بە مێردت نەبی نازانن ئیتر پیاوەکەی وا مەسرەفی ماڵ هەر ناکات دەبێت خۆی دەوام بکات و شتی ماڵەوەش بکڕێت، تێناگەن کە ژن و مێردایەتی واتا پەیوەندیەکی توند و رازی بوون بەوەندەی کە پیاوەکەی هەیەتی و بەخۆشی دابەشی بکەن لە نێوانیان تەنها هانی دەدەن ئاگاداری

ئەو کەسانەش نین کە دەوام دەکەن کە چەند بێزارن منداڵەکانیان یان لە ماڵە داپیرە گەورە دەبێ یان لە دایەنگا، ئیتر منداڵێکی بێ سۆز و پەروەردەیەکی خراپی لێ دەر ئەچێت، تۆی ئافرەت دەبێ خۆشەویستی و گرینگی پێدان بدەیت بە منداڵ و هاوسەرەکەت نەك شەهادەیەک و دەوامێک کە هیچ کەڵک و سوودی بۆ بەختەوەریتان نیە یان دەڵێن بخوێنە تا کەس نەڵێ خوێندنی تەواو نەکردووە نەزان و جاهیلە، لە کاتێکدا بەختەوەری لە هاوسەرگیریدا هەرگیز پەیوەست نیە بەخوێندن و بڕوانامە، ئەزیزم جاهیلی بە بڕوانامە نیە دەیان کەس دکتۆرا و پرۆفیسۆری هەیە بەڵام نازانێ قورئان چەن سورەتە ئەزیزم جاهیلی ئەوەیە تۆ هیچ لە ئیسلامەکەت شارەزا نەبی، ئینجا گەر تۆ ژیر و ئاقڵ بی، ئەتوانی لە ماڵەوە خۆت فێری خەیاتی و ئیشی چنین و درون بکەیت، گەر شوو بە کوڕی چاك و دیندار بکەی ئەتوانیت لە ئۆنلاین پێکەوە ئیشی دروستکردنی مەدالیاو ناو نووسینی دەزگیراندارەکان لەسەر مەدالیاو دروستکردنی تورشی و کولیچە و کێک و خواردنەکان بکەن و پیاوەکەت بیگەیەنێتە کڕیارەکان و بەڕێزیشت لە ماڵەوە خەریکی دروست کردنی بیت، بەڵام ئیشی گشتی و چوونە دەر بوونە کۆیلەی خاوەن کار و ئەمانە جائیزنین و زۆرجار چیرۆکی دەستدرێژیکەرانی خاوەن کار و مدیر و بەڕێوبەرەکان بۆ سەر کچان و ژنان ئەبیستین، بۆیە بوونە ژنی خاوەن کار و کۆمپانیاکان بەحەرامی مردن و حەیا و ئابرو چوونە.

بۆیە رسول اللَّە ﷺ ئامۆژگاری ئافرەتانی کردووە و بەمانەوەیان لە ماڵەوە و فەرموویەتی: **(المرأة عورة، فإذا خرجت استشرفها الشیطان، أقرب ما تکون من وجه ربها وهي في قعر بیتها)**[١] واتە؛ ئافرەت هەموو لەشی عەورەتە، و ئەگەر لە ماڵ ڕۆشتە دەرەوە (یان کەوتە تێکەڵ بوون) شەیتانی لەگەڵ دایەو دەبێت بەهاوڕێی، وە باشترین جێگا لە اللَّە نزیکی بکاتەوە ناوەڕاستی ماڵەکەیەتی.

بۆیە کوفر و ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی حوکمی هەموو جیهان بکەن پیلان و فیتنەیان داڕێشت و خوتەیان دانا بۆ لەناو بردنی موسڵمان و ژێر دەستە کردنیان، یەکێک لەو ڕێگایەیی کوفر بۆ لە خشتەبردنی تاکی موسڵمان ئافرەتە، بۆیە هەستان بە ناردنی ژنی داوێن پیس و جلی نمیچە ڕووتی سەرنج ڕاکێش و جوانکاری و میکاج و ئەشیای ئافرەتان بۆ کۆمەڵگای موسڵمانان، بڵاوکردنەوەی فیلمی سیکسی و بێ ڕەوشتی و سوککردن و بەکاڵاکردنی ئافرەت و دانانی وێنەیان لەسەر بەرگی سابون و شامپۆ و تەواوی کاڵاکان بۆیە ئەم ڕێگایەی کوفر زۆر سەرکەوتوو و لێزان بوو، توانی بێ ڕەوشی و داوێن پیسی تەواوی کون و قوژبنەکان بگرێتەوە، بێ ڕەوشتی بڕواتە هەموو ماڵەکان ڕێگایان ئاسانکرد، لە ناو ماڵ و بە موبایلەکەت ئافرەتی بێ ڕەوشتت نیشان بدەن، بۆیە موسڵمانان بەتەواوی

---

[١] - بروانە رمذي ١١٧٣.

دووکەوتونەوە لە ئیسلام، زۆرینەی تەنها بە ڕووکەش موسڵمانن گەرنا هیچ لە ئیسلامی حەقیقی شارەزا نین، و تەنها یەک دوو نوێژ و ڕۆژووە و تەواو، تۆ بەهەشتیت، ئینجا کوفر ئافرەتی لە ماڵ و دایکایەتی هێنایە دەرەوە و کردیان بە کاڵای ڕابواردن و تێرکردنی شەهوەتی پیاوان، بۆیە گەورەترین فیتنە ئافرەتی بێ ڕەوشت و دوور لە ئیسلامن، وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەسەرنج ڕاکێشی و هەڵخەڵەتاندنی پیاوان، باشترین کار بۆ گەنجان لە ئێستا زوو هاوسەرگیری کردنە، تاکو دووربی لە فیتنە.

بۆیە کچان ئەی خوشکانی بەرێز ڕەحمەتتان لێ بێت لەم ڕۆژگارەی پڕی فیتنەیە چیت داوە لە کێشە و سەر ئێشە، کە دەچیە بازاڕ گریانت بۆ حاڵی ئافرەت دێت، کە بەرگی شەرم و حەیایان لێ داماڵیوە، بەرگی ڕووت و جلی کافر و لەشفرۆشانیان کراوەتە بەر.

لەوانەیە کچ بڵێت من بڕوانامەم بۆ ئەوەیە پێی دابمەزرێم و ببمە خاوەن کاری خۆم لە شوێنێکی ئەهلی و کۆمپانیاکان، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیەش هەڵەیە، چونکە زۆرینەی شوێنی ئەهلی خاوەن و بەڕێوبەرەکەیان دەوڵەمەند و دوورن لە ئەخلاق و ڕەوشت، هەر کچێکیان ویست لەگەڵیان کار بکات ئەبێ کچەکە جوان بێ و جلی نمیچە ڕووت بکاتە بەر بۆ سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەرو کڕیارەکان.

مەسروفات و بەخێوکردنی ئافرەت هەموو لەسەر پیاوە کە ئیش بکات و پارە پەیدا بکات و ماڵ و منداڵی بەڕێوە ببات، بە هیچ شێوەیەك دروست نیە ئافرەت کاری دەرەوە بکات و هاوشانی پیاو ئیش بکات، لە ئیسلام ڕێز و نرخێکی تایبەت دانراوە بۆ ئافرەت و وەکو شاژن مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و ڕێز و گرنگی پێبدرێت، باشە بۆ ئافرەت منداڵی خۆی بەخێو بکات بێ بایەخەو ئەمە کار نیە بەڵام لە دایەنگە دەوام بکات ئیشی باشە! ئایا ئافرەت کار دەکات پێویستی پێیەتی ئەی بۆ لە مارکێت و شوێنی خزمەتگوزاری و قەرەباڵغ (ئیزدیحام) ئافرەتی بە تەمەن یان داپۆشراو وەرناگرن؟! دەبێ ئیلا کچی سەرنج ڕاکێش و جلی نمیچە ڕووتی لەبەر بێت، تا سەرنجی کڕیار ڕاکێشێ و بەردەوام پیاوان بچنە ئەم مارکێتە و فیتنە دروست بێت، ئەگەر دەڵێن با ئافرەت بێتە دەرەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ئافرەتان ئەی بۆ زۆربەی زۆری دوکانی فرۆشیاری جلی ژێرەوەی ئافرەتان پیاوە! ئەی بۆ زۆربەی ئاراشتگای ئافرەتان پیاوی لێیە و جوانکاری بۆ ئافرەت دەکات! لە سەدا نەوەدی ئافرەتان ئیش دەکەن بۆ ئەوە نیە پێویستی پێیەتی نا بەڵکو بۆ ئیسراف کردن و شتی زیادەیەتی یا خانم بێتاقەتەو دەڕواتە دەر جەو دەگۆڕێ یا...یا.... پەنا بە اللّٰه تعالى.

لەگەڵ ڕێزم پیاوان (باوک، مێرد، برا) غیرەتی نەماوە شانازی دەکات ئافرەت دەڕواتە دەرەوە بۆ پارە پەیدا کردن بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئەو پارەیە حەرامە، حەرام هەر دزی نیە، دەڵێن رەنجی شانی خۆیەتی ئاخر

کاتێ بۆ پەیدا کردنی پارە ئابڕووی کەوتە مەترسی و سوکایەتی پێ کراو شەرم و شکۆی نەما، ئەوکات پارەکە سوودی چیە!

ئەوە خوشکێکی بەڕێزە کە نیقاب و داپۆشراوە باسی کارکردنی خۆی دەکات لە دەرەوە و دەڵێت: من کارمەندم لە سەرۆکایەتی زانکۆی یەکیك لە زانکۆکانی کوردستان، زۆر جار ئەو ئافرەتانەی کاری مەندوبی ئەکەن ئەگەڕێن لە شوێنەکان و زۆرجار دێن بۆ لامان بۆ نمایشکردنی شتەکانیان، ئەو شتانەیان لایە بە وێنە کە ئەیفرۆشن ئینجا ئەڵێن: بەروخسەتتان دوو دەقە، ئیتر شتەکانیان باس ئەکەن نرخی چەندە و زەمانی چیە و مارکەیە و ئەو شتانە، ئینجا کارمەندەکانی لەگەڵم توانای گوێ گرتنیان نیە لە قسەی ئەو ئافرەتانە، بۆیە ئەو ئافرەتانە بە رسوایی و زەلیلی ئەژین کە هیچ کاتێک ئیسلام ڕێگا بەو جۆرە ژیانە نادات بۆ ئافرەتان، باوەڕ ئەکەی کەس توانای نیە گوێیان بۆ بگرێ خۆیان بێ نرخ کردوە، هەموو کەس بە چاوی بێزارکەر سەیریان ئەکات من خۆشم توانای گوێ گرتنم نیە لێیان هەر کە قسە ئەکەن، هەموو کەس پێیان ئەڵێ: ببورە نامەوێت، ئەگەر ویستم شتێک خۆم ئەچمە بازار ئەیکڕم.

دواتر زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتی گەنج و سفورن هەندێکیان یەکجار سفورن کۆمپانیاکان ئەو جۆرە کەسانە هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشن بە تایبەتی پیاوان، تا شتیان لێ بکڕن، بەڕاستی من کە

خۆم کە ئافرەتم ڕقم لێیان ئەبێتەوە لەبەر الله، زۆر سەیرە دایک و باوکانێک کچەکانیان ئەنێرن بۆ ئەو ئیشانە لەبەر پارە.

هەر ئەوەش نا زۆربەی دکتۆرەکان سکرتێری کچیان هەیە و شەو ئەگەڕێنەوە ماڵەوە، یان لە دەرمانخانەکان کچ و کوڕێك بەتەنها و بەیەکەون کە ئەمەش فیتنەو ئاشوبەی لێ دەکەوێتەوە.

من خۆم کە دامەزراوم و لە زانکۆ یەکەم بووم وەرگیراومەتەوە سوێند بە الله نیقابم و دەسکێش و تا توانیومە خۆم یەکجار دوور گرتووە لە تێکەڵاوی تەنانەت لە ئافرەتیش دوورم بەڵام واللەی هیچ ئاسوودە نیم و زۆر زۆر زەرورم بۆیە دەوام ئەکەم بەڵام سوێند بە الله دەرەوە و ئافرەتیان نەگوتووە، هەرگیز جائیز نیە ئافرەت بڕواتە دەرەوە واللەی بەس چاوم دیارە تەنانەت بڕۆشم ئەشارمەوە زۆر جار یەکجار نامورتاحم بەو دەوامە و دڵم ئەگوشرێت، چونکە هەستەکەم چاویشم عەورەتە و جێگای سەرنجی پیاوانە، بۆیە لە ژوورەوە خۆم ئەخەمە پاڵ کۆمپیۆتەرەکەوە، تاکو ئەوانەی دێن ئیشەکانیان بۆ جێبە جێ بکەین جا مامۆستا و دکتۆری زانکۆبن یا فەرمانبەر سەیری چاوم نەکەن، بەلام بەو حاڵەشەوە تەواو پارێزراو نیم، ئینجا لەبەر ئەو خۆ پارێزیەشم، ئافرەتەکانی دەوام زۆربەیان ڕقیان لێمە لەبەر ئەوەی وەکو منیان پێ ناکرێ مەبەستیشم لەم قسانە بە وردی ئەوەیە کە نامورتاحم لەگەڵ ئافرەتەکانیش نەک تەنها پیاو، کە

حاڵی ئافرەت ئەگەر نیقاب و داپۆشراو خۆ پارێزبێ بەم شێوەییە، چ جای کۆمپانیاو شوێنی ئەهلی وەکو خۆیان ئەڵێن ئیشی ئازادی.



ڕوونە کە لە زانکۆ و زۆرینەی قوتابخانەکان، مامۆستاکان پیاو و ئافرەت تێکەڵن، زۆرجا هەتا لەنێو خودی مامۆستاکانیش شتی زۆر سەیر ڕوودەدات، مامۆستایەکی ئافرەت بەم شێوەیە باسی پیشەکەی دەکات، و دەڵێت: من سێ ساڵە دامەزراوم، و دەوامی حکومی ئەکەم، بەڕاستی شتانێکی زۆر سەیر لەناو مامۆستاکان ڕوودەدا، بەچاوی خۆم بینیومە بەرێوبەری بەتەمەن لەژووری ئیدارە دەستی لەسەر دەستی کار گوزارەکە داناوە، ئەمە جگە لەوەی کە مامۆستا پیاوەکان بە هەر بیانویەک بێت، دادەنیشن باسی ژنەکانیان ئەکەن و زەمیان ئەکەن وێنەیان نیشانی مامۆستا ئافرەتەکان دەدەن، بەچاوی خۆم بینیومە مامۆستای پیر و نەخۆش چۆن بە نەزەرێکی پیسەوە سەیری قاچی مامۆستا ژنەکانیان کردووە کاتێ بە تەنیشتیان ڕۆیشتوون، ئەمە جگە لەگاڵتە و پێکەنین بە قسەی خۆیان بەحسابی برادەرایەتی، بەڕێوبەر هەبووە کاتێک مامۆستاکە پرسیاری تاقیکردنەوەی ڕادەست کردووە لەکاتی وەرگرتن دەستی مامۆستا ئافرەتەکەی توونذ گوشیووە، ئەی ئەوە بەشێک نیە لەدەست درێژی، بۆ سەر ئافرەتی نامەحرەم؟؟ جگە لەوەی مامۆستا سەڵتەکان هەر بەدوای یەکترەوەن و لەکاتی سەیران و خۆشی، خۆیان نمایش دەکەن و شایی و هەڵپەڕکێ دەکەن و دەستی یەک دەگرن واللە مامۆستایەکمان

توشی کێشە بوو لەگەڵ مێردی چونکە قوتابیەکان ڤیدیویان گرتبوو کە هەڵدەپەڕێ لەدەستی مامۆستا پیاوەکان، بێگومان لەکاتی تاقیکردنەوکاندا مامۆستاکان هەموو لەتەنیشی یەکترن جیاوازی نیە لەنیوان پیاوان و ژنان تەنانەت زۆر بەئاسایی وەریدەگرن گەر دەستیان بەر یەکتر بکەوێ و بەرامبەر یەکتر چا بخۆنەوە و جا کاتی قسە کردنیش پیویستە تەماشای قسەکەر  بکەی گەرنا بە کەسێکی گێل و گەمژە و دواکەوتوو و نەزان سەیرت ئەکەن و ڕێزت بۆ دانانێن، مامۆستای سفور بە ئارەزووی خۆی دوام دەکات، منالی خۆی دەباتە داینگەوە ڕۆژێکیان منالێکی مامۆستایەکی هاوڕێم لە داینگەوە توشی نەخۆشی ڤایرۆسی جگەر بوو بەناو خزمەتی منال خەڵکی دەکەن، منالی خۆیان پێ خزمەت ناکرێ سەیری ڕفتاری منالیان بکە هەر بە موبایل و ئای پاد منالیان بێ دەنگ کردووە نە تیکە نانێ گەرم بۆ مێرد و منال نە خزمەتکردنی میوانی پێ ئەکرێت.

بەڕاستی زۆر پەشیمانم لەم دەوامەی کە هەمە، ان شاءالله ڕۆژێک دەبێت هەر واز بێنم چونکە مامۆستایی پیشەیەکە بۆ خۆ نمایشکردنی جل و بەرگ و مکیاج و ئاڵتون !!

پێشەوا سفیان سەوری (رحمه اللَّه) دەفەرمووێت: بۆ ئـافرەت هـیچ شتێ باشتر نیە وەک ماڵەکەی خۆی کە تێیدا بمێنێتەوە نەچێتە دەر ئەگەر چـی پیریش بێت.[١]

لـە ئێسـتادا باشـترین شـت شـووکردنتە و نـازهەڵگرتنتە لای پیـاوە ساڵحەکەت و بەڕێکردنی ڕۆژە ناخۆشەکانتانە بەیەکەوە، خۆتان شارەزای زانستی شەرعی بکەن و قیامەت و مردن بیری یەکتر بخەنەوە و پێشـبڕکێ بکەن لە دڵخۆشکردنی یەکتر خەمت خوێندن و جوونە زانکۆ نەبێ دەیـان بڕوانامەی بێسـوود بەقوربـانی گریـانی منـداڵەکەت بـێ لەنیـوە شـەو لە خەوی شیرین ڕات ئەپەڕێنێت، دڵنیابە دەیان بڕوانامە نـاتوانن دڵخۆشـت بکەن گەر بێبەشـبی لە شـووکردن بە پیـاوی سـالح و چاکەکـار، کەوایـە ژیرانە بۆخۆتان بـژین دونیـایەکی کـاتی و کەم شـایەنی ئەوەنـیە تەواوی تەمەنت بە خەم و ئـاخ و حەسرەت بەڕێ بکەیـت، بـۆیە خـۆت یەکلایـی بکەوە، تۆ داخوازی کار و پیشە و هەلی کـار و دونیـای، یـان داخـوازی بەهەشتەکانی!

---

[١]- بڕوانە: الإستذكار ٢/٤٦٩

## ئامۆژگاری و خۆپاراستن لە کوڕەکانی زانکۆ و پەیمانگا.



سەبارەت بە تێکەڵ بوون و نزیک بوونەوە لە خوێندکارە کوڕەکان، ئەبێ زۆر ئاگاداربین و هەرگیز بەهیچ شێوەیەک لێیان نزیک نەبینەوە، چونکە لە زانکۆ کوڕ و کچ تێکەڵن، هەر بۆیە زۆرینەی جار فیتنە و ئاژاوەی بەدوادێ، بۆیە خوشکی سەنگینم ئەم ئامۆژگاریەم بۆ ئێوەیە بۆ ئەوەی وەکو گەوهەرێکی بەنرخ بمێننەوە، نەکەونە تەڵەی شەیتان و هەڵخەڵەتاوی ئەو کەسە بێ ئابڕو و دڵ نەخۆشانەی کە ئەیانەوێت حەیاو حیشمەتتان لە بەر ڕامالٔن، دەبێ خۆت بپارێزی لە تێکەڵی کوڕان، الله تعالی چۆن فەرمانی بە پیاوان کردووە کە چاویان بپارێزن لە حەرام، وە فەرمانی بە ئافرەت کردوە چاوی خۆیان لە حەرام بپارێزن، ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ﴾[1] واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ بەپیاوانی ئیماندار بڵێ کە چاویان بپارێزن.

بەهەمان شێوە لەسەرنجدان و قسەکردنی ئافرەتی نامەحرەم لەگەڵ پیاوان، ئەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ﴾[2] واتە: ئەی پێغەمبەرﷺبەئافرەتانی ئیماندار بڵێ چاویان بپارێزن لە ئاستی نامە حرەم.

---

[1] - سورەتی النور:٣٠

[2] - سورەتی النور:٣٠

ئیسلام ئەم قسە سەقەت و بێ سەنەدانە ناخوێنێتەوە ئەمە وەکو برامە و کوڕێکی چاك و موسڵمانە یا موسڵمان بێت و ئیماندار بێت خۆ بێبەری نیە لە تاوان!!

سەیربکە هەر بۆیە کاتێك ژنەکەی پادشای میسر مەکرو فێڵی بۆ پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) بەکارهێنا بۆ لە خشتەبردنی یوسف (علیه السلام) و ڕاکێشانی بۆ داوێن پیسی، ئەگەر فەزڵ و بەخششی اللّٰـه تعالی نەبوایە پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) ڕزگاری نەدەبوو لەو مەکرو فێڵە، بۆیە پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) لە اللّٰه تعالی پاڕایەوە ئەگەر نەی پارێزێت ئەوا تووشی تاوان و سەرپێچی ئەبێ و هەروەکو اللّٰهی بەرز دەفەرمووێ: ﴿وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ﴾ یوسف (علیه السلام) گوتی: خودایە ئەگەر تۆ فێڵ و حیلەی ئەوانەم لێ لانەدەیت بەمیهرەبانی خۆت ﴿أَصْبُ إِلَيْهِنَّ﴾ لەوانەیە دڵم مەیل و ئارەزوویان بکات ﴿وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ﴾[١] و بچمە ڕیزی نەزان و نەفامەکانەوە.

ئەگەر پێغەمبەر یوسف (علیە السلام) ئاوا لەمەکرو فیتنەی ئافرەتان ترسابێت، مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێستامان چی کە بەهەموو شێوەیەک ئاسانکاری کراوە بۆ تاوان و تووشبوونمان بە خراپە ئەی خاکمان بەسەر!

[١] - سورەتی یوسف؛٣٣)

کەوایە خوشکی ژیرم تکایە زۆر ئاگاداری خۆتبە، چەند کچی وەکو ئێوە بە نزیك بوونەوە و تێکەڵ بوون و هاوڕێیەتی کوڕان بەهیلاك چوو، کە تووشی بوو بەکەسانێکی دڵ نەخۆش و بێ ئابڕووی گورگ لەپێستی مەڕ و ناپاك بۆ تێرکردنی نەفسی، بەقسەی نەرم و درۆ بەناوی هاوسەرگیری هەموو ڕۆژ بەو کچە ڕابوێرێت، و دوای پێ ڕابواردنی کوڕەکە خۆی کچی تری هێناو، ئافرەتەکەش سەرگەردان بوو، و ئابڕو و ناموسی تکێنرا و هە ڕەشەی لێکراو دوای کەوتە بەر سزای توندی کەسوکارەکەی!

بێنە پێش چاوی خۆت خوشکی من، تۆ ئیماندارى تۆ پێویستە زۆر لە پیاوان زیاتر وریابی کە حەیات تکێنرا و شکا چاك نابێتەوە دڵنیابە!

تۆ کە ئیمانداری پێویستە پێشەوات خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بێت، پێویستە کە پابەندی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا بیت ﷺ نەك پابەندی مۆدە و سەرگەردانبووی کچانی بێ ڕەوشت بیت و شوێنی ئەم و ئەوی دڵ نەخۆش بکەویت!!

بۆیە خوشکی من مەکەونە تەڵەی شەیتان و هەڵخەڵەتاوی ئەو کەسانە کە بە ناو ماف و ئازادی ئەیانەوێ حەیاو حیشمەتیان لە بەر ڕامالْن، ئەوەش لەبەر تێرکردنی ئارەزووە گڵاوەکانیان، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا ئێوە وەکو گوڵێکی گەڵا هەڵوەریو بە جێ بهێڵن!!

دوای ئەوەی وەکو بوکە شووشەی دەستی منداڵان یاری خۆیانتان پێ بکەن!!

بۆیە ئێوە گەوهەرێکی بەنرخن و قەدری خۆتان بزانن، پێش ئەوەی ناموس و حەیاتان بشکێن.



بەڕاستی ئافرەت گەورەترین فیتنە و تاقیکردنەوەیە بۆ سەر پیاو، گەورەترین فیتنەش لە دوای دەجال، ئافرەتە هەروەکو پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرموویت: پاش خۆم لە نێو خەڵکیدا هیچ فیتنەیەکم جێ نەهێشتووە لە فیتنەی ژنان خراپتربێت بۆ سەر پیاوان.

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ (مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً هِيَ أَضَرُّ عَلَى الرِّجَالِ مِنَ النِّسَاءِ)[١].**

مەبەست خراپترین تێیاچون و فیتنە بەسەر پیاوان ئافرەتانن، چونکە ئافرەت سەرنج ڕاکێشە بۆ پیاو هەستی دەجولێنێ و وادەکات خۆی نەگرێت بەرامبەر ناز و مەکری و جوانی سەرئەنجام تووشی تاوان دەبێ.

پێغەمبەری خودا ﷺ وەسفی ئافرەتانی بەفیتنە کردووە، ئیتر خوشکی من چۆن هاوڕێیەتی کوڕ دەکەی و دەکەونە قسەو کۆدەبنەوە.

وە هەروەها فەرموویەتی: (لا يَخْلُوَنَّ رجُلٌ بامرأةٍ الا كان ثالثَهما الشَّيطانُ)[٢] واتە: پیاو ئافرەت لەهەر شوینێ (قسەو) تێکەڵاوی دروست بکەن شەیتان سێیەمیانە.

---

[١] - بوخاري ٤٨٠٨

[٢] - أخرجه أحمد (١٥٦٩٦)

چونکە هەموو فیتنەو شەڕەکانی شەیتان لە قسە و تێکەڵاوی دەست پێ دەکات، پێشەوا ئبن قەیم (ڕەحمەتی خودای لی بێت) دەفەرمووێ:

کل الـــحوادث مبـــــــــداها من النـــــظر
ومعــــظم النــــار من مستصـــغر الشـــرر
کـــم نظـــرة بلغت من قلـــب صاحبـــــــها
کمب لغ الســــــهم بین القــــوس والوتــر

واتە: هەموو تاوانەکان سەرچاوەیان لە سەیرکردن و ڕوانینی حەرامەوەیە.
ئاگرە بڵێسە دارەکانیش بە هەمان شێوە لە ترووسکە بچووکەکانەوەیە.
چەندەها بینین هەبوو کاریگەریان لە سەر دڵی خاوەنەکانیان بوو.
وەك کاریگەری تیر وابوو، کەچی کەوانیشی تێدا بەکار نەهێنرابوو .

بۆیە خوشکانی خۆم پابەند بن بەفەرمانی الله تعالی پاشان پێغەمبەرەکەی ﷺ وەکو پێشینە چاکەکان، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ لە دەرەوەی مزگەوت بوو، بینی پیاوان و ئافرەتان لە ناوەڕاستی ڕێگادا تێکەڵی یەکتر بوون، ئینجا بە ئافرەتەکانی فەرمووو: لە ناوەڕاستی ڕێگا دوا بکەون و دوور بکەونەوە لە پیاوەکان، چونکە بۆ ئێوە نابێت لەگەڵ پیاوان لە ناوەڕاستی ڕێگا بڕۆن، بەڵکو دەبێت بە تەنیشت و لایەکی ڕێگاکە دا بڕۆن، کاتێك ئافرەتەکان ئەم ئەمرەیان بیست لە پێغەمبەری خودا ﷺ یەکسەر گوێ ڕایەڵی بوون و بە دوور کەوتنەوە لە پیاوان، ئەوەندە لە دیواری ڕێگاکە نزیك بوونەوە ئەو جلەی لەبەریان بوو دەنوسا بە دیوارەکەوە.

لەم فەرموودەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئافرەتانی پێشین چەندە بە پەرۆش بوون بۆ ئەنجام دانی فەرمانی الله تعالى پاشان پێغەمبەرەکەی ﷺ بەداخەوە بە پێچەوانەی ئافرەتانی ئەم سەردەمە کە قورسترین و ناڕەحەتترین کردەوە لایان ئەنجامدانی ئەو فەرمانانەیە کە جگە لە سوود و قازانجی دونیای و قیامەتی خۆیان هیچ شتێکی تری تیا نابینرێت.



بۆیە خۆتان بپارێزن تاکو بەپاکی بمێننەوە، چونکە کوڕان زۆر فێڵ زانن لە نزیك بوونەوەتان، ئینجا شتێک زۆر گرنگە و زۆر جاریش ڕوو دەدات ئەویش ئەوەیە سەرەتای قۆناغی یەک نامە بۆ زۆرینەی کچەکان دێ لە لایەن بەشێک لە کوڕەکانی گروپەوە یان گروپی دیکەوە، یان کوڕەکانی قۆناغی دوو و سێی هەمان زانکۆکە بەناوی هاوڕێیەتی یان دەرسەوە یان سیمینار ناردن یان داواکردنی سیمینار، یان ڕێگا و بیانویەک ئەدۆزنەوە شێوەی پرسیار بدا، یان نامەیەک بێ وا لە کچەکە بکات جوابی بداتەوە، و وا تێبگا ئەم کوڕە کارێکی گرنگی پێتە.

یان مەجبوری بکات کە جواب بداتەوە یان گوایە پرسیاری دەرست لێ ئەکات، یان ئەیەوێ یارمەتیت بدات، ئەوجا زۆر ڕێگای فێڵاوی بەکار ئەهێنن بۆ ئەوەی کچەکە مەجبوری ئەوە بکەن جوابیان بداتەوە، بۆیە لەوێوەوە کەم کەم قسە درێژ ئەکەنەوە تاکو وا لە کچەکە ئەکات کە گیرۆدە و هۆگری خۆی بکات.

یان كوڕ ئەوەندە خۆی باش دەكات، وەكو باوك و برات تاكو بە فێل لێت نزیك دەبێتەوە دواتر شەرەفت لەكەدار ئەكات.



خوێندكارێكی تری كچ ئەگێڕێتەوە، ئەڵێت: كچێكمان لەگەڵ بوو زۆر ڕێك و پێك بوو، بەڵام لەگەڵ كوڕێكدا بوون بە هاوڕێ، چەند پێمان گوت: هاوڕێیەتی كچ و كوڕ ئاسایی نییە، گوتی: نەخێر ئەمە كوڕێكی زۆر باشە لە ژیانمدا و وەكو خێزانەكەم دڵسۆزە، گوتمان: باشە یاخوا وابێت و ئێمە هەڵە بین، دواتر وای لێ هات هەر بە ناوی هاوڕێیەتیەوە هەموو كارێكی ناشەرعیان پێكەوە كرد، كوڕەكەش هەر ئەوەنەی دەوام تەواو بوو ڕۆشتە دەرەوەی وڵات داهاتووی ئەم كچەی ڕەش كرد بە هۆی ئەوەوە كچێنی لەدەست دا، هانای بۆ ئێمە هێنا گوتی: چی بكەم! گوتمان: وەڵا تازە كار لە كار ترازاوە ئێمە پێش ڕووداوەكە كەوتین و ئامۆژگاریمان كردی و پێمان گوتی: كە نەكەیت هاوڕێیەتی هیچ كوڕێك بكەیت چونكە هەڵە ئەكەیت و دوایی پەشیمانی ئەژنۆت ئەشكێنێنت، بەداخەوە ئێستا ئەو هاوڕێ كچەمان چەند داواكاری دێ ناتوانێ شوو بكات چونكە ڕاستی ژیانی خۆی ناتوانێ بە كەس بڵێت، بۆیە ئێستا باجی هەڵەكەی دەدات و ژیانی پڕە لە ئازار و خەم، ئەمەش باجی هەڵەی نزیک بوونەوەی بوو لە كوڕە هاوپۆلەكەی.

من هەموو خوشکان دڵنیا ئەکەمەوە کە نەترسن لەوەی پێیان بڵێین عەشایەر یان داخراو و یان مۆن و گرژ یان خۆ بەگەورەزان، لەم قسانە مەترسن هەر ماوەیەکە دواتر ئەوان لە سەنگ و قورسایی ئێوە تێئەگەن، و هیچیان پێ ناکرێت.

هەر لە سەرەتای قۆناغی یەکەم ئەددتان بۆ ئەنێرن جوابی ئەدەکەیان مەدەنەوە، ئەگەر جواب بدەنەوە ئەوا زیاتر خۆیان نزیک ئەکەنەوە و شەرم مەکەن لە جواب نەدانەوەیان و بڵێن ئەددی کەس وەرناگرین، وە سەرەتای مەرحەلە یەک زۆر جار گروپ چات ئەکەنەوە و لەو ڕێگایەوە دەمەتەقێ ئەکەنەوە لەگەڵ کچەکان، جا هیچ ئەو شتانە گرنگ نین و ناسیاوێکمان ئەوائیلی یەکەم بوو کەچی فەیسبوکیشی نەبوو یەکەمیش بوو وە تێکەڵی کوڕیشی نەئەکرد و عەبایش بوو.

بۆیە خوشکی من مەهێڵن بەناوی سەعی کردنەوە نیزکتان ببنەوە، و ئەوەش بۆخۆتان مەکەنە بیانو گوایە تێکەڵیەکەت لەگەڵ کوڕ بۆ دەرس و سەعی کردنە، چونکە ئەو شتانە تەنها بیانوە، ئەگەر لەبەر دەرس و سەعیتە ئەوە بە کچەکان بڵێ بۆ واجب و دەرس.

برادەرێکم لە زانکۆ دەیگوت: کچ هەبووە لامان باوکی نەخۆش بووە، برای نەبووە، بەڵام تاکو کۆتایی زانکۆ واتا هەرچوار ساڵەکە نەمانبینی قسە لەگەڵ کورێکدا بکات، ئەوەندە سەنگین و بە شەرم بوو،

هەتا بە کوڕی باش و کوڕی سووکیشەوە بە نموونەی باڵا باسی ئەو کچەیان ئەکرد، کە چەند ڕێك و بە شەرم و ئەدەبە.

بۆیە بیزانە خوشکی خۆم هەر کوڕێک کە مەبەستی هاوسەرگیری هەبێت ئەو کچەیان ئەوێ کە لەگەڵ کوڕان تێکەڵ نین، و جا لە ژێر هیچ ناوێک ڕێگە مەدە نزیکت ببنەوە و باوەڕ بە هیچ کوڕێ مەکە و مەڵێ بۆم دەرکەوتووە کە چاکە ئەوەندە سادە و خۆشباوەڕ مەبە ئەی خوشکم.

برایەکی خوێندکاری زانکۆ ئەیگێڕێتەوە، کە چۆن کوڕێک ژیانی کچێکی فەوتاند، و ئەڵێت: هەندێک لە کوڕانی زانکۆ دەوڵەمەند بوون و چاویان تەنها کچەکان و لایەنی سیکسی دەبینی هەر کچێک جوان بوایە، ئەوە خۆیان لێی نزیک ئەکردەوە.

بۆیە یەکێک لە کوڕەکان خۆی نزیک کردەوە لە کچێک، بە بەهانەی دەرس و سەعی و شتی وا، بوون بە هاوڕێ پێکەوە هاتووچۆیان دەکرد، تا وای لێهاتبوو هەموو کوڕ و کچانی زانکۆ بە پەیوەندی ئەوانیان دەزانی، ئینجا کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژیک کوڕەکە دەست درێژی کردبووە سەر کچەکە و وێنەی ڕووتی لێ گرتبوو بەدزییەوە، ئەوکاتەی کە لای خەوتبوو، ئینجا لە کوتا ساڵی خوێندن نێوانی ئەو کچ و کوڕە تێک ئەچێت، چونکە کچە بۆی دەرکەوتبوو کوڕەکە تەنها بۆ ڕابواردن ئەوی دەوێت، بویە کچەکە بڕیاریدا شوو بکات، کاتێک کوڕەکە زانی کچەکە شووی کردووە، بویە هەستا بە هەڕەشە کردن و چەندین جار پارەی لە

کچەکە وەرگرتبوو، ئەگەرنا مەلەفی وێنەکانی بڵاو دەکاتەوە، بویە ڕۆژێک مێردەکەی لە ڕێگای مۆبایلی ئافرەتەکەوە هەموو شتێک دەزانێت، ئەویش کچەکەی تەڵاق دا پاش دوو هەفتە برای کچە بە هەموو شتێک دەزانێت، بۆیە بە فیشەکێک کۆتای بە ژیانی کچەکە دەهێنێت.

بۆیە داوام وایە خوشکانی ژیرم خۆیان بپارێزن لە نزيك بوونەوەی کوڕەکان و هەم لە مامۆستا، وە تێکەڵیان نەکەن چونکە سوێند بەالله جگە لە سوودی قیامەت ئەگەر لەگەل خۆیان ڕاست بکەن هەر بەچاوی خۆیان بەرهەمی ئەو تێکەڵی نەکردنەیان ئەبینن.

دوای وەفاتی ئازیزی دڵمان رسول اللَّه ﷺ و هاوەڵ و تابعین، تێپەربوونی هەزار و چوارسەد ساڵ زیاتر، خەڵکی دوور کەوتنەوە لە ئیسلام، کوفر فیکر و ئایدۆلۆژیای خەڵکی کۆنترۆڵ کرد، تەواو کەوتووینەتە نێو گێژاوی دونیا و غەرقی دەریای فیتنە و ئاژاوەکان بووین.

سەرەڕای دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە ئیسلام ڕۆژ نیە باس و هەواڵێکی کوشتن و خۆسوتاندن و کچ و کوڕ نەکرێ، کەس نازانێ لەسەر چی دەکوژرێن، نەمانی شەرم و حەیا و گۆرینەوەی ژنی یەکتر بۆ پارە و چێژبینین و نێربازی و دەیان و سەدان و خراپە و تاوانی تر.

بۆیە ئازیزمان ﷺ ئاگاداری کردووینەتەوە لەسەردەمی فیتنە و زۆری ئاژاوەکان کە کەسی دانیشتوو لە ڕاوەستاو چاکترە لەکاتی فیتنەدا.

هاوەڵی ئازیز پێشەوا ابو بکر (اللَّه لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری ئازیز ﷺ فەرموویەتی: بێگومان لەمەولا چەندین فیتنه بەرپا دەبێت بزانن ئاگاداربن دیسان پێتان دەڵێم لەمەولا چەندین فیتنه بەرپا دەبێت،

دیسان ئاگادار بن لەمەولا چەندین فیتنه بەرپا دەبێت، ئەوەی دانیشتووە تێیدا باشترە لەوەی بەناویدا دەڕوات، ئەوەیشی تێیدا دەڕوات باشترە لەوەی بە تەکان بەرەو پیریەوە دەچێت، ئاگاداربن کاتێکیش دابەزییە ناوتان-یا ڕوویدا- با هەرکەسێك حوشتری هەبوو بچێتە بەلای حوشترەکەی خۆیەوەو هەرکەسیش مەڕی هەبوو بابچێت بەلای مەڕی خۆیەوە، هەرکەسیش زەوی و زاری هەبوو بابچێت بەلای زەوی و زاری خۆیەوە. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (إِنَّهَا سَتَكُونُ فِتَنٌ، أَلَا ثُمَّ تَكُونُ فِتْنٌ، أَلَا ثُمَّ تَكُونُ فِتَنٌ الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْمَاشِي فِيهَا، وَالْمَاشِي فِيهَا خَيْرٌ مِنَ السَّاعِي إِلَيْهَا، أَلَا فَإِذَا نَزَلَتْ -أَوْ: وَقَعَتْ- فَمَنْ كَانَ لَهُ إِبِلٌ فَلْيَلْحَقْ بِإِبِلِهِ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ غَنَمٌ فَلْيَلْحَقْ بِغَنَمِهِ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ أَرْضٌ فَلْيَلْحَقْ بِأَرْضِهِ)[١].

بۆیە سەردەمێکە زۆرینەی بەدوای تێرکردنی نەفس و شەهوەتیانەوەن، باشترین شت دوورکەوتنەوەیە و تێکەڵ نەبوونە، کوفر بەهەموو شێوەیەک دەستی گرتووە بەسەر جیهانی ئیسلامی و بێ ڕەوشتی و بێ ئەخلاقی

[١] - صحيح مسلم الرقم: ٢٨٨٧.

بڵاوکردەوە و نەوەیەکی هێناوەتە ژیان تەنها بیریان لای سک و دامێنیانە، نە شەرم و حەیا ماوە، نە ئەخلاق، بۆیە باشترین شت بۆ ئیماندار خەمی پەروەردەکردنی خۆی منداڵ و ژنەکەی بێت، هەر بەتەنها بتوانی کچ و ژنت پەروەردە بکەی ئەوە لەم سەردەمە سەرکەوتوبوی و تۆ بەختەوەری.

چونکە لە ئێستا کەس ئامۆژگاری وەرناگرێ، نە برا، نە خوشک، کەس گوێدارت نابێ، کەسی وا هەیە پێیان گوتوە: خوشکت لەگەڵ کوڕ دەستی تێکەڵ کردوە، گوتویەتی: چی بکەم باوکمان هەیە با ئەو ئامۆژگاری بکات، لە کاتێکا براکەشی لەگەڵ کچان ڕادەبوێری و لەگەڵ شەش کچ پەیوەندی هەیە، بۆیە هەموو کەوتونەتە دوای ڕابواردنی نەفسیان.

بۆ ئەوەی دووربی لە فیتنە هاوسەرگیری کردن باشترین کارە لەگەڵ کەسی موتتەقی و ئەهلی ئیمان تاکو جەوێکی ئیمانی پێکەوە دروست بکەن، گەر تۆ پیاوەکەت، ژنەکەت ئەهلی ئیمانە و دوورە لە ئەهلی دونیا ئەوە بەردەوام شوکربە و سوجدەی شوکرانە ببە، بزانە کە سەروەتی دونیا هەموو هی تۆیە دەبێ دڵخۆشترین کەس بیت، بۆیە خۆت بکە قوربانی بەردەوام لە خزمەتی بە و نرخ و قەدری بزانە تاکو لە دەستت نەداوە.

چونکە باسمان کرد چ سەردەمێکی پڕی فیتنەیە، سەلەفی سالح ئامۆژگاری یەکتریان کردوە و یەکتریان ئاگادار کردۆتەوە لەفیتنەکان.

یحیى بن أَبي كثير ئەڵێ: چومە لای أَبِي سلمه بن عبدالرحمن كه نەخۆش کەوتبوو پێی گوتم: ئەگەر ئەتوانیت بمریت بمرە، سوێند به اللَّه ڕۆژێک دێت بەسەر خەڵکیدا مردن خۆشەویست ترە لە لای هەریەکەیان وەک لە بەدەست هێنانی ئاڵتونی سوور[1].



ئێستاکەش خەڵک ئەوەندە بێزارە لە ژیان و ئاوات بە مردوو ئەخوازێ، لەبەر ناخۆشی و نەبوونی و زۆری کێشەکان، بۆیە کاتێ ئەڵێین: کچان شوو بکەن و ژیانتان نەفەوتێنن لە پێناو بڕوانامەیەکی بێسوودی دونیایی کە ١٦ ساڵ بخوێنی و دواڕۆژت دیار نەبێت، بۆیە کچ دەبێ ژیرانە بژیت چۆن ژیانی بەڕێ دەکات، چونکە کچ وەکو کوڕ نیە هەمووشت بکات و گەر تەمەنی بڕوات کەس داوای ناکات، و بێ پیاوی دەمێنێتەوە، بۆیە ئێمە بۆ سەلامەتی و خۆشی کچانمانە تا ژیانێکی خۆشیان هەبێ لە ژێر سایەی گەنجی دیندار و بەڕەوشت، خوێندن و بڕوانامەی بێسوود نابنە دڵخۆشی تۆ وە ئەوانەی دەچنە زانکۆ و پەیمانگا گەر زۆر تەقوادار نەبێ و ئیمانێکی پۆلاینی نەبێ دین و دونیای دەدۆڕێنێ.

من خۆم لە ساڵی یەکەمی دەوامم کچێک لە بەشەکەمان بوو زۆر مولتەزیم بوو یەک تاڵ قژی دیارنەبوو ئەوەندە بەجوانی خۆی دائەپۆشی، لە داخلی بوو لەگەڵ هاوڕێکانی سبحان اللَّه ڕۆژبە ڕۆژ بەرەو سفوری

[1] - بڕوانه: العُزْلَة لِلْخَطَّابي , ص٧٨

ئەچوو ڕۆژێ هاتە دەوام تەواو سفور ببوو، کچەکانی گرووپ لێی کۆببونەوە و پیرۆزبایان لێی دەکرد و وەسفیان دەکرد کە جوان بووی.



بۆیە کچ خۆشباوەڕ و ساویلکەیە پێویستی بە پەروەدەیەکی قیامەتی هەیە و دڵی عەمەلیات بکرێ و بەشی دونیا و ڕابواردنەکانی دەربێنی و دڵێکی پاک و بەهێز و قیامەتی لە جێگای دابنرێتەوە، ئینجا بڕوات بخوێنێ لە بەشێکی شەرعی بێ و نەچێتە بەشی فەلسەفە و یاسا و فەلەکناسی و کۆمەڵناسی ئەدەبی کلاسیکی، ئێستاکە دایک و باوکان کچیان دەبنە قوتابخانەیەک وانەی مۆسیقا و ڕەقس و قونباندانیان فێر دەکەن، لە منداڵیەوە بێ ڕەوشتیان فێر دەکەن و بەیانی گەورە بوو لە زانکۆ دەبێتە قوربانی تێرکردنی شەهوەتی گورگەکان.

کاتێ کۆلێژ و پەیمانگا تەواو دەکەن دەگەنە تەمەنێك کە کوڕان دەگەنە ئەو تەمەنە هیچ داهاتێکیان نیە تا بتوانن خێزان پێکبهێنن نە دامەزراندن هەیە و نەکارێ تا بتوانن دەست مایەك بێتە دەستیان و تا هەوڵی هاوسەرگیری بدەن، کچەکانیش ووردە ووردە تـەمەنیان هەڵدەکشێ، لەگەڵ ئەو تەمەن هەڵکشانەش بەهۆی کاریگەری قسەی خەڵك و دەورووبەر لەناخەوە تووشی گرێی دەروونی دەبن، تووشی پاڵەپەستۆی قسە پوچەکانی کۆمەڵگا دەبن، دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی زۆر ناخیان دەخوا، وایان لێدێ هەست بە کەم و کوڕی و نامۆیی دەکەن لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە پڕیەتی لە کەم و کوڕی و بێ ڕەوشتی،

بۆیە هانا دەبەنە خۆشەویستی پێش زەواج، زۆرێك لە كچان هەوڵ دەدەن پێش ئەوەی تەمەنیان هەڵكشێ و نەگەنە ئەو حاڵەتە دەروونیەی كەباسمان كرد زووتر بەدوای كوڕدا دەگەڕێن و پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ دەبەستن تا لەم ڕێگەوە بتوانن زووتر هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، كە ئەم جۆرە پەیوەندیەش بەداخەوە ڕووداوی خراپی لێدەكەوێتەوە و كۆتایی چیرۆكەكان بەخراپتر لەوە كۆتایی دێ كەكچان بیری لێدەكەنەوە.

ئەمە نامەی كچێكە دەڵێـت: دڵم بەوە خۆش بوو قۆناغی ئامادەییم تەواو كردووە و چوومەتە زانكۆ، ساڵی یەكەمم ئاسایی بەڕێ كرد و نمرەكانم باش بوون ساڵی دووەم یەكترناسینەكان زۆر دەبوون و تێكەڵاوی و دانیشتن و قسە و لێك نزیكبوونەوەكان زیاتردەبوون، لەم نزیك بوونەوانەش كوڕێكم ناسی زۆر ڕێك و پێك، دوای ئەوە ماوەیەكی باش پەیوەندیمان هەبوو وەك و خوشك و برا بەڵام دوای ئەو ماوەیە پەیوەندیەكە گۆڕا و هۆگری بووم و خۆشەویستی كەوتە نێوانمان.

بەبەردەوام قسە و نامە گۆڕینەوە لە نێوانمان هەبوو، قسەو نامەی زۆر زۆربەی جارەكان ڕایدەكێشاین بۆ قسەكردنی سێكسی بێ ئەوەی من مەبەستم بێ ئەو جۆرە قسانە بكەم كاتێ دەكەوتینە ناو ئەو قسە سێكسیانە ئەوكوڕە دەیگوت: كەی بێم وابكەین؟ كە بەتەنها بین ئاوا و ئاوات لێدەكەم، من ئەو قسانەم بەشتی ئاسایی لێكدەدایەوە، تا ڕۆژێك زوو لە كۆلێژ هاتینە دەرەوە گوتی:

وەرە بچین خانوەكەمانت پیشان بدەم پێشتر باسی كردبوو كە خانووی بۆ خۆمان كڕیوە تا دوای تەواو بوونی كۆلێژ بێتە داوام و لەو خانوە بەیەكەوە بژین منیش بەڵێنم پێی دابوو لە مەجالێكا بچین ببینیـن، ئیتر ئەو ڕۆژە چووین لەڕێگادا زۆر ئاسایی مامەڵەی دەكرد هیچ چاوەڕوانیەكی خراپم لێی نەبوو تا ئەو كاتەی گەیشتمەماڵەكەم، ئەو ماڵەی كە بڕیارە ببێتە شوێنی حەوانەوەو پشوودانم، ببێتە ئەو بەهەشتەی كە ئەو كوڕە دروستی كردبوو لە ناخ و بیركردنەوەكانم ئەو ماڵەی كە دەبێتە شوێنی لەدایك بوونی منداڵەكانم، بەڵام كەوتمە داوەكە.

ئەو ماڵە دۆزەخ بوو شوێنی لەگۆڕنانی من بوو، منداڵی چی!پشوودانی چی! ئەوەی نەدەبوو بهێڵم بكرێ كرا، بە ئازارێكی زۆرەوە جلەكانم لەبەر كرد و قاچم هێزی تێدانەبوو توانای هەڵگرتنی منی نەبوو، تا گەیشتمەوە ماڵ نازانم ئەو كوڕە چی دەگوت.

گەڕامەوە ماڵ نەمتوانی وەكو ڕۆژانی ڕابردوو دەستی دایكم ماچ بكەم و سەیری بكەم، نەمتوانی كەمێ لەلای دابنیشم و ماندووبوونم بحەسێنمەوە، جگە لەوە نامەیەكم بۆهات لە مەسنجەرەكەم سەیرم كرد ئەو كوڕە بوو، ئەو زانی من زۆر تێكچوویمە بەو كارە هەندێ قسەی كرد تا هیچ نەڵێم دواتر هەڕەشەی كرد گەر هەرچیەك بڵێم ڤیدیۆكەم بڵاو دەكاتەوە، بەڵێ ئەو بێشەڕەفە ڤیدیۆی گرتبوو، بۆی ناردم ئەوەی كەباش بوو بۆمن دەم و چاوم دەرنەچوو بوو ئەگینا ئەوەی تر عەورەتی خۆی و

منی دەرچواندبوو من پشتم لەکامێراکەبوو لەبەر ئازاری زۆری دواوەم ئاگادار نەبووم ئەو ڤیدیۆ دەکات، لەو کاتەوە لەمن دوورکەوتەوە پەیوەندیم پچڕاند، ئێستا نە دڵم بە بڕوانامەکەم خۆشە نە دامەزراندنیش، لەماڵێ کەوتووم زۆر بێهیوام تەمەنم هەڵکشاوە، داواکارم زۆر هات بەڵام نەمتوانی شوو بکەم لەبەر دووهۆکار:

یەکەم: کاتێ پیاوێ دەهاتە داوام وامدەزانی ئەویش وەکو ئەو بێ شەرەفەیـــە و یاری بەناموسی خەڵك کردووە بۆیە دڵم سارد دەبوو.

دووەم: کاتێ پیاوێ دەهاتە داوام دەمگووت ئەوە پیاوێکی باشە من شایستەی ئەو پیاوە پاکە نیم من نابێ ببمە دایکی منداڵەکانی، ئەو پاکە با بەهۆی منەوە شەرمەزار نەبێت، ئەگەر ڕۆژێك ئەو تاوانەی منی زانی پێ دەشکێت.

بەڵێ ئەو بەسەرهاتە ڕاستەقینەیە و دەیان و سەدان نموونە هەن، کچ ئە گەر زۆر بە ڕەوشتیش بێت، کوڕێک خۆی لێی نزیک بکاتەوە بە درۆ خۆی وانیشان بدات کە کەسی چاکە و بە ئەدەبە یەکسەر باوەڕی پێ دەکات و هۆگری دەبێت و دواتر کوڕە بە دڵی خۆی وەکو گورگی برسی لەسەر جەستەی یاری دەکات.

ئەمە کچێکی ترە باسی خۆی دەکات، کە کوڕە هاوپۆلەکەی ویستوویەتی فێڵی لێ بکات و بەم شێوەیە باسی خۆی دەکات و دەڵێت: ئێمە تەلەبەی قۆناغی یەک بووین مامۆستاکەمان بابەتێکی واجبدا کە دەبێت بە ڤیدۆ

ئامادەمان کردبا و بابەتەکەمان شەرح کردبا، بەڵام پێم خۆش نەبوو ڤیدۆکە ئامادە بکەم چونکە بەلامەوە باش نەبوو کچێکی وەکو من لە ڤیدۆکە دەربچم.

وە سێ هاوڕێی کچم لەگەڵ بوون ئەوانیش حەزیان نەدەکرد دەربچن لە ڤیدۆکە، پاشان مامۆستاکەمان گوتی: ئەتوانن بە دوو کەس واجبەکەم بۆ ئامادە بکەن، من و ئەو دوو سێ هاوڕێیەی برادەرم گوتمان: هەر یەکێ لە ئێمە لەگەڵ کوڕێک دەبین، بۆ ئەوەی لە ڤیدۆکە دەرنەچین، ئەگەر ڕازی بن بۆ ڤیدۆکە زۆر باشە دەبێ، بۆیە بە دوو سێ کوڕمان گوت، کە دوور و نزیک برادەرەکانم ئەیانناسی، منیشیان لەگەڵ کوڕێک دانا، کوڕەکە بە شێوە کوڕێکی خراپ دیار نەبوو، بۆیە بابەتەکەم ئامادەکرد و بۆیم ناردو ئەویش کومەڵێ پرسیاری کرد و جوابم دایەوە و ئەویش ڤیدۆکەی دروستکرد و ناردی.

دوای ناردنی ڤیدۆکە ئەو کوڕە دەبوایە نامەی نەناردبا چونکە واجبەکەمان ئامادە کردبوو، بەڵام هەر نامەی ئەنارد باسی هەندێک بابەتی کرد، منیش بەدڵ سافیەوە جوابم دایەوە، جار جار باسی بابەتی خۆشی ئەکرد و ئەو شتانەی زانکۆ و باسی دین و...جار جار ڕەسمی خۆی و دایکی و خوشکەکەی بۆ ئەناردم، تا تەواو متمانەی پێ بکەم بۆیە زۆر وەسفی دایکی و خوشکەکەی ئەکرد یان پرسیاری ئەکرد ئەیگوت لەوانەیە تۆ باشتر بزانی من لە دایکم ئەچم؟

لێرەوە ئەو کوڕە بەینی خۆی لەگەڵ من خۆش کرد بە فێلی بابەتی دین و ئەوانەوە چونکە من کچێک بووم لەچکم ئەکرد، یەک تاڵی قژم بەدەرەوە نەبوو تۆزێک خۆم بەدیندار ئەزانی بۆیە کە ئەو قسانەی ئەکرد باسی دین و ئەوشتانە بەلامەوە گرنگ و خۆش بوو کە ئەو شتانە باس ئەکات و قسەی لا بەلا ناکات.

ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆی ئەو کوڕە ڕۆژنەبوو قسە لەگەڵ من نەکات بگرە سەعات نەبوو نامەمان بۆ یەکتری نەناردبایە وای لێ هاتبوو چی بەسەر دەهات ئەیگێڕایەوە بۆ من ئیتر نازانم ڕاست بوو یان درۆ بەڵام ئەو کاتە وام لێ هاتبوو باوەڕم پێ ئەکرد.

وە جارجار باسی برادەرەکانی خۆشی ئەکرد بە خراپە تەنانەت ئەو برادەرانەشی کە لە ژوور لەگەڵیا بوون و لە بەشەکەمان بوون.

ئینجا کە تەواو زانی گومانم لێی نیە، جار جار قسەی خۆشەویستی بەکار ئەهێنا لە قسەکانی باسی خۆشەویشتی ئەکرد، منیش بەلامەوە کێشە نەبوو چونکە ئەو کوڕەم هیج بە کەسێکی خراپ نەئەزانی ئیتر ئێمە هەر بەم شێوەیە بەردەوام بووین لە قسەکردن.

کوڕەکە وردە وردە هەستەکانی بۆ من دەرەخست ئەیگوت: من کچی لەم شێوەیەم خۆشدەوێت و ئافرەتی ئاوام بەلاوە جوانە کە لێی وردە بوومەوە ئەو وەسفانە باسی من ئەکات.

تا وای لێهات هەستی خۆی بۆ من دەربڕی منیش زۆرم بەلاوە سەیر بوو وە پێم گوت: باسی ئەو شتانە مەکە من جارێ نە خۆشەویستی ئەکەم نە ئەمەوێت هاوسەرگیری بکەم.

کوڕە هەر وازی نەدەهێنا جاری وا هەبوو نامەیەکی دورو درێژی بۆم ئەنارد باشی خۆشەویستی بۆم دەکرد، ئەیگوت: بەدەستی خۆم نیە تۆم خۆشدەوێ تازە چویتەتە دڵمەوە ناتوانم تۆ لەبیر بکەم  ئیتر کە ئەمانەی نارد، گوتم: ئەڵێم واز لەم شتانە بێنە من پێشتر قسەی خۆمم پێ گوتوییت، جوابم دایەوە تۆزێک بە توندی بوو.

بۆیە قسەی گۆڕا لەگەڵم درەنگ جوابی ئەدایەوە منیش نامەم بۆی نەدەنارد، دوای ماوەیەک تەلەفونی بۆ کردم هەڵم نەگرد، دووبارە کردیەوە هەر هەڵم نەگرت، گوتی: هەڵی گرە، گوتم: هەڵی ناگرم، گوتی: باشە بلۆکت ئەکەم، گوتم بیکە.

بەحساب ئەیویست من هۆگری خۆی بکات بەم قسانە، دواتر گوتم: ئەم کوڕە ئەبێتە کێشە بۆم نەمدەزانی بە کێ بڵێم نەوەکو بوهتانێکم بۆ بکات ئەوکات ئەبمە پەند.

تا زۆرم لە خۆم کرد بە هاوڕێیەکی ئەوم گوت: کە هەندێک بەینیان تێک چوو بوو هەر لە بەشەکەی خۆمان بوو، تەواوی شتەکەم بۆی باس کرد.

ئەو کوڕە گوتی: ڕاستە من و ئەو بەینمان تێک چووە بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم لێ نەدەکرد شتێکی وا بکات ئەبێ بەدواچوونی بۆ بکەم،

ئەم کوڕەی هاوڕێی بۆ ڕۆژی دواتر هات و پێمی گوت: هەر تۆ نیت ئاوای لەگەڵت کردووە.



گوتم: چۆن دەزانیت، گوتی: سەیری موبایلەکەیم کردە دەیان ڕەسمی کچی لەکن بوو، لە ژماردن نایەت و لەگەڵ دەیان کچی تر قسە دەکات و کەپڵی دونیای هەی، هەتا لەگەڵ کچی تری بەشەکەی خۆمان بەینی هەیە کەپڵی یەکترن، و دەیان قسەی نەشیاویان بەیەکەوە هەیە (قسەکانیشی نیشانم دا کە وێنەی گرتبوو)

هاتمەوە بۆ داخلی و سوجدەیەکم بۆ خوای گەورە برد، گوتم: خوایە بەس نیە نەکەوتمە داوی ئەم ڕێویەوە ڕزگارم بوو شوکر بۆتۆ.

ڕۆیشتم نامەکانم سڕیەوەو لە هەموو شوێنێکەوە بلۆکم کرد

ئەو کوڕەی هاوڕێی گوتی: مەترسە یەک شتی تۆی لا نیە بە نامەکانیشتەوە چونکە کاتێک موبایلەکەی گۆڕی فەیسبوکەکەی سوتا، بۆیە فەیسبوکی تازەی دانایەوە نامەکانی تۆی لا نەمابوو

سوجدەیە شوکرم برد، گوتم: خوایە دووجار منت پاراست نەت هێشت من توشی تاوان بم.

چونکە من بە قسە خۆشەکانی هەڵخەڵەتابووم ئەمگوت کێشەنیە لەگەڵی قسە دەکەم خۆ ئێمە قسەی خراپ ناکەین، چونکە یەک جاریش لەگەڵی ڕۆیشتمە دەرەوە، باسی هەندێک شتی زانکۆمان کرد، زۆرم بەلاوە خۆش بوو لەگەڵ کوڕە هاوڕێیەکدا بچمە دەرەوە

من لە ناو ئەو تاوانەدا بووم کە قسەکردنە لەگەڵ کوڕ و ڕۆیشتنە دەرەوە لەگەڵی وە ئەو خەریک بوو زیاتر بێتە پێشەوە، بۆیە خوای گەورە پاراستمی منی بە ئاگا هێنایەوەو، هاتمەوە هۆشی خۆم

هەزار سوپاس بۆ تۆ خوایە گیان کە منت پاراست هەتا مردن سوپاست ئەکەم یارب کە تووشی تاوان بم و بکەومە داوی ئەو ڕێویە فێڵبازەوە هەزار سوپاس بۆ تۆ.

نموونە و ڕووداوی ئەو کچانەی کە لە خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا تووشی کوڕ و کەسی خراپ بوونە ئەوەندە زۆرە لە ژمارە نایەت.

ئەمەش بەسەرهاتی ئەو خوشکەیە کە لەڕێگای پەیمانگاوە تووشی هەڵە دەبێ و چاو لە کچەکانی سفور دەکات و دواتر توشی خۆشەویستی و داوی کوڕێك دەبێ کە دەیەوێ شەرم و حەیایی ببات و لە کۆتایی هیدایەت وەردەگرێ و بەم شێوەیە باسی خۆی دەکات و دەڵێت:

من کچێک بووم کە خودا خۆشی ویستووم هەر لەسەرتایی تەمەنی منداڵیمەوە پاراستوومی سپاس بۆ خوای گەورە، هەر چەند عەقیدە شارەزا نەبووم هەتا کۆتا ساتەکانی پەیمانگا، لە پۆلەکانی پێنجی سەرەتایمەوە لەچکم دەکرد بە توندی سبحان اللّٰه هەر لەمنداڵیەوە خەڵک پێی دەگوتم: تۆ بچوکی ئەم لەچکەت بۆ واتووند بەستووە!؟ بۆ وا وەکو دۆڵمە خۆت پێچاوەتەوە؟!

هەتاوەکو پۆلی دوانزەم تەواو کرد کچێکی زۆر باش و ڕێک بووم نوێژم دەکرد الحمدلله بەڵام بەهۆی دەرس و خوێندن و قوتابخانەوە لە قورئان زۆر دووربووم.

پێش چونم بۆ پەیمانگا هیچ موبایلێک و ئەکاونتێکم نەبوو، لەگەڵ چونم بۆ زانکۆ مۆبایل و فەیسبووک و سیمکارتیان بۆ کڕیم، من دەم گوت: تەنها نۆکیایەکم بۆ بکڕن بەسە ئەوەندەی ئاگاردارم بن پێویستم بەم مۆبایلانە نیە!

بەڵام عائیلەکەم پێداگریان کرد کەمن خوێندکاری زانکۆم وەکو بڵێی پێیان شەرم بوو موبایلی نۆکیام هەبێت گوتیان: پێویستیت پێی دەبێت!

ڕۆژ  بە ڕۆژ بۆمن خراپتر دەبوو لەوەی حەزی دونیاییم لە دڵ جێگیربێ ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی دونیا و ژیانی فانیم لا خۆشەویست بێت.

لە سەرەتایی دەوام زۆرم حەزم دەکرد ببمە یەکێک لە ئەوائیلەکانی پۆلەکەم، تاوەکو درێژە بەخوێندنەکەم بدەم و بچمە زانکۆی ئەو بەشەی کە دەم خوێند، زۆر بیرم لە ڕێگایەک دەکردەوە تا بتوانم یەکەم بم بەڵام لەبەر ئەوای زمانەکەم نەدەزانی هیچ ڕێگەیەکم نەدۆزیەوە.

بەهەرحاڵ چیرۆکی من لێرەوە دەست پێدەکات کە چۆن تووشی گێژاوی خۆشەویستی دونیاو حەز و ئارەزوەکانم بووم، بوومە دیلی حەزەکانم یەکەم ساڵم کچێکی زۆر فەقیر و گۆشەگیر و دووربووم لە هەموو ئەم مرۆڤانەی کە لە ناو پەیمانگابوون، کاتی وانەکانم کەم بوون ئەو پەڕی ئە

گەر سێ سەعات لە محازەرە بوومایە، کاتەکانی تر لەسەر کورسی بەتەنیا دادەنیشتم و سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد کەچی دەکەن!؟ چی دەپۆشن؟ خۆیان بۆچی وا جوان دەکەن بە کچ و کوڕەوە!؟ بۆ ئەوەندە گرنگی بە خۆیان دەدەن؟ ئێمە بۆ ئێرە هاتووین تا داهاتوومان بنیاد بنێین کەچی ئەمانە بۆ وادەکەن!؟

سەیرم لێ دەهات، چونکە من کچێک بووم دووربووم لە هەموو شەهوەتێک و حەزو ئارەزوویەک بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەتا کۆتایی پەیمانگاشم هەر وابووم، الحمدلله.

ئەم پرسیارانە هەموو ڕۆژێک لە مێشکم دەخولانەوە شەیتان بە هەموو شێوەیەک بۆم دەهات و لە کۆتاییا کاری خۆیکرد و زاڵ بوو بەسەرمدا تا منیش وام لێهات حەزم لێ بوو وەک ئەو کچانەبم، کە هەموو ڕۆژێک بەرچاوم دەکەوتن بە مۆدێلات و مەیکئاپ و جلی جوان لەبەر کردن، بە خۆمم دەگوت چیت لەم کچانە کەمترە!؟

بۆچی خۆت جوان ناکەی بۆ تۆش وەک ئەوان مەیک ئاپ ناکەی؟ بۆچی دووری لە تێکەڵ بوونی کوڕ؟ بۆ وەک ئەو کچانەی هاوڕێت نابێ، وردە وردە منیش وەک ئەوانم لێهات وام لێهات میکئاپ بکەم و گرینگی بە جل و بەرگ و مۆدێلات بدەم، وام لێهاتبوو شەرمم دەکرد کە من وەک ئەوان نیم هەستم بە کەم و کورتی دەکرد لە خۆمدا،

بەهەرحاڵ منیش هەمان شتم دووبارە دەکردەوە، وەک لاسایی کردنەوەیەک ئیتر بەم شێویە زیاتر ڕۆچووم لە حەزەکانم بۆ دونیا، دەم بینی لە کافتریا کچ و کوڕ بەتەنها و لە ناو کافتریا گۆرانیان لێدەدا و دەستی یەکیان دەگرت و هەڵدەپەڕین، منیش حەزم لێبوو بەڵام شەرم و حەیا ڕێی پێ نەدەدام بیکەم تەنها تەسویرم دەکردن وەک ئەوانەی تر کە دەیان کرد، ئەوان لە ناو پەیانگا هاوڕێیەتی کوڕیان دەکرد، بەڵام من بەهۆی فیسبووک و ناردینی نامە بۆمن و وەڵام دانەوەیان تووشی زۆر شت بووم لە مەرحەلە دوو، تێکەڵاوی کوڕ دەبووم درێژەی دەکێشا لە هاوڕێیەتیەوە بۆ خۆشەویستی دووجار تووشی خۆشەویستی بووم و بە مسنجەر قسەمان دەکرد زۆرجار قسەی ڕۆمانسی شتیشمان دەکرد.

لە هەردوو جارەکەیا وازیان لێهێنام و دوورکەوتنەوە بەهەر هۆکارێک و بیانویەک بێت، کە دەیان دۆزیەوە کە نەیەنە داوم, لەم دوو کەسەوە کە بوونە هۆی دڵتەنگی من هەموو کات و خەمباریم و گریان و ناخۆشی بۆم, فێربووم کە کوڕ هیچ کات ڕاست ناکەن و تەنها بۆ حەزی قێزەونی خۆیان دەیانەوێت شەوان قسەت لەگەڵ بکەن و دواتر فرێت بدەن.

الحمدلله تووشی هیچ مۆقیفێکی خراپی وانەبووم کە هەڕەشم لێبکەن یان شتێکی منیان لابێ تا بڵاوی بکەنەوە.

ئیتر منیش خوشی ئەو کوڕانەم وەرگرت لەتۆڵەی خۆم بە کوڕی ترم ڕادەبوارد کە نامەیان دەنارد بۆم ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە فەیسبووک کۆمێنتم دەکرد، لەو ڕێیەوە نامەیان دەنارد منیش وەڵامم دەدانەوە،

کە دەمزانی هەمان شتن لەگەڵ کوڕانی تر دەستم دەکرد بە گاڵتە پێ کردنیان قسەکانیشم شکاندنیان نەبوو تەنها بەڕەقی یان خود بەقسەیەک کە وەک گاڵتەکردن بێ پێیان قسەم دەکرد، بەم شێوەیە بەردەوام بووم جا لەگەڵ هاوڕێیەکم کە نهێنی یەکمان دەزانی هەموو ئەو نامانەی کە کوڕ بۆی دەناردین بۆ یەکترمان دەنارد هەر کوڕێک نامەی بۆ یەکێکمان ناردبا، ئەوەی ترمان تاقیمان دەکردەوە تا چەند ڕاستە لەگەڵ ئەوی ترمان، مەلەفی زۆر کوڕی وەک قۆندرەمان پێ بوو حاشا وەکی موسڵمان.

خراپترین شت کەبەسەرم هاتبێ لە ساویلکەیی و خۆش باوەڕی خۆم ئەوە بوو کە کەسێک لە گرووپی فەیس بووکی پەیمانگا کە هیچ پەیوەندی بە پەیمانگاوە نەبوو ئەویش بە هەمان شێوە لەکۆمێنت کەوتە موناقەشە لەگەڵم لەسەر پرسیارێک کە: ئایا پەیوەندی نێوان کچ و کوڕێک وەک هاوڕێیەتی تا سەر دەمێنێتەوە یاخود نەخێر؟ دەبێتە پەیوەندی خۆشەویستی؟ هەروەها ئەگەر پەیوەندی هاوڕێیەتی گۆڕا بۆ خۆشەویستی و پاشان زەواج ئایا لەم پرۆسەیەیی هاوسەرگیریە سەرکەوتوو دەبن یاخود نەخێر؟!

لێرەدا کە بووە موناقەشەمان و ڕاجیاوازیمان هاتە چاتی تایبەت لەوێش زۆر مناقەشەی لەگەڵ کردم، کاتی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵیشم بوو کاتی زۆری لێ بردم لەبەر ئەوەی بچم بخوێنم دەم ویست بیبڕێنمەوە ئەویش هەر وازی لێ نەدەهێنام و درێژەی پێدەدا، گوتم: تاقیکردنەوەم هەیە و ئەو شتانە ئیتر گوتی:

باشە ڕەقەمەکەتم بدێ بەیانی پاش تاقیکردنەوەکە دێم بە دوات قسە دەکەین، منیش یەکەم جارم بوو بەو ڕادەیە هەڵبخەڵەتێم چونکە وام دەزانی کەسێکی بەڕێزە و ڕۆشنبیرە ڕەقەمەکەم داپێی و پاش تاقیکردنەوە تێلی کرد، گوتی: وەرە دەرەوە لە پەیمانگا واهاتم منیش چووم، ئیتر هەر بەچات یەکترمان بینی پێشتر ڕەسمی خۆی بۆ ناردبووم تا بیناسمەوە بە سەیارە هاتە پێش پەیمانگا سوێند بە خوای گەورە ترس ڕۆیشتە دڵم و مێشکم زۆر ئاڵۆزبوو، لەپڕا و منیش نەم دەزانی چیکەم نەڕۆم بڕۆم باشە من بۆ وام کرد بۆچی هاتووم؟!

یەکەم جاریشم بوو کە کەسێک بەم شێوەیە مەوعیدم لەگەڵ دابنێت، وە یەکەم جاریشم بوو سوای سەیارەیەک ببم کە بەتەنها بم بەداخەوە کچ و کوڕێک بەتەنها بن بەدڵنیاییەوە کەسی سێیەم شەیتانە لە نێوانیان، پێش ئەوەی سواری سەیارەکەبم پێم خستە ناو سەیارەکە دوعام کرد و لە خودا پاڕامەوە کە بم پارێزێ و پەشیمان بووم،

کە بچم بەڵام تازە تائەوێ هاتبووم نەمدەزانی چیبکەم چۆن بگەڕێمەوە ناچار ڕۆشتم دوعام کرد خودایە بمپارێزی..!

ئیتر پاش چونی باشی و ئەم شتانە من مێشکم هیچ کاری نەدەکرد نەم دەزانی بۆچی هاتوومەتە ناو ئەو سەیارەیە من چ کارێکم هەیە لێرە؟ ئەو کوڕە گوتی: دوێنێ بۆ وات دەکرد و کەلە ڕەق و ئەوشتانە بووی زۆر تووڕەبووی و....هتد گوتم: چیم کردووە چی بووە سوێند بە خوای گەورە بیرکردنەوەم هیچ نەماو کاری نەدەکرد سبحان اللّٰه ئیتر گوتی: ئەوە ماڵمانە و لەگەڵ دایکم دەژیم و باسی خۆی کرد.

پاشان داوای خۆشەویستی و پاشان گوتی: سوێند بە اللّٰه دێمە داوات ئەم شتانە منیش ڕازی نەدەبووم چونکە خۆم زۆر نەبووم خۆشەویستی پێشووترم وازی لێ هێنابووم، گوتم: ناتوانم لەبەر ئەوەی پێشتر خۆشەویستم هەبووە و هێشتا لە مێشک و دڵم ماوە.

گوتی: باسی ڕابردووت مەکە بەهیچ شێوەیەک لاپەڕی سپی لەگەڵ من هەڵدەوە و منیش باسی ڕابردووی خۆم ناکەم!!

ئیتر بەهەر شێوەیەک بێ ڕازی کردم و دەستی هێنا و گوتی: بەڵێنم پێبدە تا کۆتایی لەگەڵم دەمێنیتەوە و هاوسەرگیری دەکەین پاش مانگێکی تر دێمە داوات دەستی زۆر ڕاگرت چونکە من تا ئێستا دەستی هیچ کوڕێک بەر دەستم نەکەوتبوو، گوتی:

بۆ دەترسی دەستت بخە ناو دەستم و بەڵێنم پێ بدە دەستەکانم دەلەرزی و دەستم خستە ناو دەستی و بەڵێنم پێدا، دەستمی برد و ماچی کرد.

کاتێک باسی ئەمانە دەکەم دڵم تێک هەڵدێ بەڵام فی سبیل اللّٰه بۆ ئێوەی خوشکانم دەینووسم ئەو تاوان و هەڵانەی کە کردوومن و پەشیمانم لێی داواکارم لە خوای گەورە لێم خۆش بێت.

پاشان هەر لە ناو سەیارە ڕۆیشتین تا لە شوێنێک ڕای گرت ترسام، گوتم: چی بووە؟ سەیارەکە چی لێهاتووە؟ گوتی: هیچ خۆم ڕام گرت هەر سەیری دەکردم ویستی دەستی بۆ جەستەو سینگم بێنێ نەم هێشت هەتا دەم بوسێ بە بلوزەکەمەوە بوو خەریک بوو بچێت بەدەستیا گوتی: نەترسای بە دەستم بچێ!

دەنگم نەکرد زۆر ترسابووم و گیانم هەمووی دەلەرزی لە ترسا پاشان هەوڵی کردنەوەی قایشی پانتۆڵەکەی دەدا منیش خێرا بەستم توووند گرت بە دەم و چاوم و سەرم خستە سەر سەیارەکە سەیری پێڵاوەکانم دەکرد گوتم: ئەوە چی دەکەی؟! خەریکی چی؟!

گوتی: من پێش ئەوەی ژن بێنم دەبێ ئەو کەسەی کە دەی هێنم دەبێ بۆم بمژێ ئینجا دەی هێنم ئەگینا نای هێنم!!

منیش هەر بەو شێوەیە مامەوە کە گوتم: ئیتر گوتی: تۆ بەڵێنت پێم داو ئەو شتانە منیش گوتم:

هەرگیز کاری واناکەم دڵنیابە، بۆیە زۆر تووڕەبوو، سەیارەکەی لێخوڕی و بەرەو پەیمانگا منی بردەوە، زۆر زۆر بە خێرای لێدەخوڕی لە تووڕەییا دەمگوت: ئێستا هەڵدەگەڕێین زۆر بە زووی گەیشتینەوە بەردەم پەیمانگا، لەبەر ئەوەی چەند کچێک تەلەفۆنی بۆ دەکرد، تا بچێت بە شوێنیاندا واتا هاتووچۆی بە چەند تەڵەبەیەک دەکرد، گوتی: باشە کەمێکی تر لای ئێوە دەبم منی گەیاندەوە پەیمانگا، پێش ئەوەی دابەزم گوتی: جارێکی تر من نابینیتەوە بەهیچ شێوەیەک بۆیە ئێستاش درەنگ نەبووە بڕیاری خۆت بدە گوتم: بڕیاری خۆم ناگۆڕم ئیتر ڕۆشتمەوە پەیمانگا سەعاتێک لەسەر کورسی بەتەنها لەناو باخچەکە دانیشتبووم، بەبیرم داهات تەلەفۆنی بۆ بکەم ڕیسوای بکەم و پاشان بلۆکم بکات بۆم کرد گوتی: چیە بڕیارت گۆڕی گوتم: نەخێر گوتی: ئەی بۆچی تەلەفۆنت کردووە هەندێک قسەم پێ گوت و گوتم: بەهیچ شێوەیەک تێلم بۆ ناکەیتەوە و بلۆکم دەکەی من نەم دەزانی کەسێکی ئاوا و ئاوای؟ گوتی: باشە بۆت ناکەمەوە منیش دامخستەوە نەمدەزانی بلۆکی بکەم ڕۆژی دواتر تاقیکردنەوەم زوو تەواو بوو بۆیە بە پاس ڕۆشتمەوە تا بۆ بەیانی خۆم ئامادەبکەم بۆ تاقیکردنەوەی دواتر لەسەر نان خواردن بووین تێلی کرد منیش قەپاتم کرد مۆبایلەکە خوشکم ئاگای لێبوو گوتی: ئەوە کێ بوو؟ گوتم: هەڵەبوو هیچ نەبوو جارێکی تریش کردیەوە خوشکم دەستی برد بۆ مۆبایلەکە دڵم زۆر بە سەریعی لێدەدا و ترسام کە هەڵی بگرێ زۆر مشەوەش بووم،

مۆبایلەکەم زۆر بەتووندی لەدەستی ساند ئیتر بویە شەڕ لە نێوانمان و مۆبایلەکەی لێ ساندم منیش چومە ژورێک و دەرگام داخست و چەقۆیەکم برد لەگەڵ خۆم گوتم: خۆم دەکوژم گەر مۆبایلەکەم نەدەتەوە، ئیتر براکەم هات دەرگاکەی کردەوە و چەقۆکەی لێ ساندم،
نیازی خۆکوشتنم نەبوو تەنها ویستم بیانترسێنم تا مۆبایلەکەم بدەنەوە ئاشکرا نەبم، بەهەر حاڵ وەرم گرتەوە بلۆکی ماسنجەرم لاداو تێر جوێنم پێدا و بلۆکم کردەوە، ئیتر لێرە کۆتایی پێهات، سپاس بۆ خوای گەورە منی پاراست و دوعای پێش چونە ناو سەیارەکەی قبوڵکردبووم، تووشی هیچ شتێک نەبووم لێرە بەدواوە کەم کەم گەر کەسێک نامەی بناردبا وەڵامم نەدەداوە تەنها ئەوەی کە خۆم بم ویستایە بزانم چی دەوێ زوو لەمەرامی بۆگەنی ئەو گورگانە تێدەگەیشتم بلۆکم دەکردن، لێرە بە دواوە بەڵێنم دا کە بەهیچ شێوەیەک کاری لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە ئەمە ببێتە دەرس و وانەیەک بۆم.
لەماوەی ئەم دوو ساڵەی پەیمانگام بە هۆی حەزوو ئارە زووەکانی دنیایی فانییەوە زۆر دوور بووم لە خوای گەورە، وە نوێژەکانم زۆر بە خێرایی و ئیهمالی دەکرد تەنانەت ڕۆژێک کە لەگەڵ هاوڕێیەکم چووین بۆ نوێژ ئەو پێش من نوێژی کرد و منیش دوای ئەو سەیری منی کردبوو کە تەواو بووم پێی گوتم: ئەوە چ زوو تەواو بوو تۆ دوو ڕکاتت کرد یان چوار؟!
نوێژ ئاوا ناکرێت و قبوڵ نابێت ئاگادار بە منیش بەهەندم وەرنەگرت.

پاش ئەوەی کە دەوامان تەواو بوو، من زۆر زۆر هەستم دەکرد کە چەند لە خودای گەورە دوور بوومە ئەم دوو ساڵەم لە ناو مانگی ڕەمەزان بووین شەوان دوعام دەکرد و لەدەرگای خوای گەورە دەپاڕامەوە کە کەسێک بهێنێتە ژیانم لەم غەفڵەتیەم ڕزگارم بکات و بیکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕوو لە دین بکەم، کچێک داوای ئەوەی لێ کردم ببمە ئەدمین لە پەیجێکی فەیسبووک کە پۆستی ئاینی تیا دەکرا منیش ڕازی بووم زۆر بە خۆشحاڵیەوە بە درێژایی مانگی ڕەمەزان پۆستم تێدادەکرد، ڕۆژێک کەسێک نامەی نارد کە ئەو ڤیدیۆیەی بۆ بنێرم کە پۆستم کردبوو ڤیدیۆی هەورێک بوو بارانێکی زۆر بە خوڕی لێدەباری،

وەک ڕووبار و کانی سبحان اللّٰه، ئەم کەسە گوتی: من بانگخوازم هەر پرسیارێکت هەبوو پێم بڵێ جوابت دەدەمەوە! چەند جارێک پرسیارم لێ کرد و وەڵامی دەدامەوە، ئیتر ڕۆژێک پێی گوتم: دەتەوێ لە دینەکەت شارەزابی دەتەوێ فێری دێنت بکەم؟؟ منیش بۆ کەسێکی وا دەگەڕام سبحان اللّٰه، اللّٰه تعالی دوعایەکەی قبوڵ کردم ئیتر لە ڕێی ئەو بەڕێزەوە هیدایەتم وەرگرت و تەوحیدم ناسی شارەزایی زۆرم پەیداکرد و لە شیرک و کوفر تێگەیشتم، حەق و باتڵم لێک جیاکردەوە دەم زانی کێ لەسەر حەقە کێ ناحەق و گومڕا و سەر لێ شێواوە، چونکە تەوحید دەرگای هەموو زانیاری و زانستێکە، وە کاتی کۆڕۆنابوو بۆیە ئێمە بەحسەکەمان کردبوو بەڵام لێپرسینەوەمان لێ نەکرا، الحمدلله زۆرباشەم هەبوو، پاشان

ئاهەنگی عەبا و تەخەرووج و ئەم شتانە نەکرا بە هۆی کۆڕۆناوە بەڵام قوتابیەکان لە نێوان خۆیان کۆبوونەوەو کردیان بەبێ مامۆستا، الحمدلله من نەچووم بۆ وێنەگرتن و ئەم شتە هیچانە کە ڕەسمت لای هەموو کەسێک بێ چونکە هیدایەتم وەرگرتبوو سپاس بۆ خوای گەورە، ئەم کەسە بووە هۆی هیدایەت دانی من هەتا ماوم قەرزای ئەوم، داواکارم لە خوای گەورە ئاواتەکانی بۆ بێنێتە دێ و بە موسڵمانی بیباتەوە بۆ لای خۆی و پلەی بەرزی بەهەشتی بە قسمەت ببێت ئامین.

ئەمە چیرۆکی من بوو کە لە ژیانی ڕاستەقینەی مندا ڕووی دا هەمیشە ئاواتم دەخواست کە نەچووبامە پەیمانگا کاتی خۆمم بە هەدەر نەدابا کەم کاتە زێڕینەی کە اللّٰە تعالی سوێندی پێ دەخوات، لەچیدا سەرفم کرد؟ ئێستا هیوادارم ئەم کاتەی لە ژیانم ماوە بە خودای تەرخان بکەم و قەرەبووی ئەو ماوە زۆرە بکەمەوە کە لەدەستم چووە بە هۆی خوێندنی بێ کەڵک کە نە بۆ دونیا نە بۆ ئاخیرەت هیچ سوودێکی بۆم نەبوو، تکایە خوشکان ئەم ئامۆژگارییە خۆشکی بچوکتان وەربگرن (ڕەحمەتی اللّٰە تان لێ بێت) بۆ خودا بژین بۆ حەزوو ئارە زووەکانتان و بۆ خەڵیکی مەژین، دڵنیابن سەرفراز و بەختەوەری دونیا و دواڕۆژ ئەبن.

## خۆپاراستن لە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا



ئەم بابەتە تایبەتە بەو مامۆستایانەی لە پاڵ ناوەکەیان کاری زۆر نەشیاو و خراپ بەرامبەر خوێندکارە کچەکان ئەکەن، گورگ ئاسا دەستی ناپاکیان بەو کچە ساویلکانەی دایك و باوکانیان چاوەڕێی دواڕۆژێکی گەشیان لێ ئەکەن، لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستا باش و بەڕێز و لە خواترسەکان، هیوادارم لە مەبەستمان تێ بگەن، کە ئێمە هەموو مامۆستاکان بەچاوی خراپ سەیر ناکەین، بەڵکو باس لەوانە دەکەین کە بوونەتە ئازارێکی سەخت بۆ کچان و بەردەوام بەدوای ڕێگایەکەوەن بۆخۆشی نەفسیان بەکاریان بێنن.

وە تاك لایەنە خەتاباری لایەنێك ناکەین، بە تەنها بڵێین مامۆستاکان خەتابارن، بەڵکو خەتای کچیشە، ئەگەر کچ بە شەرم و حەیا بێ و گران و سەنگین بێ، دەتوانێ ڕێگە نەدات مامۆستاکەی هیچ کارێکی خراپی بەرامبەر بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەکچان خۆیان حەزیان لە گاڵتە و ڕابواردن و خۆنزیککردنەوە لە کوڕان و مامۆستایانە.

وە خاڵێکی تر بەداخەوە کە هۆکارە بۆ فریودانی گەنجان، ئەوەیە کە خوشکان خۆیان ئەڕازێننەوە و مەیک ئاپە و نەشتەگەری جوانکاری ئەکەن، کە بۆتە فیتنە بۆ چەندین کوڕ، لە تەنانەت ئەو کچە عەبا لەسەر و بەناو حیجابەکانیش فێر بوونە و تەنانەت نیقاب پۆشەکان زۆربەیان بە

چاوێکی ڕەش و عەدەسەوە بۆ زانکۆ و دەوام دەچـن نەک نـاوی خـۆی ناوی عەباشی ناشرین کردووە، خوشکێکی بەڕێز بۆی گێڕامەوە و گوتی: خوشکیکی مولتەزیم هەبوو لە دواناوەندی زۆر بەشەرم بوو تەنـانەت بـۆ ماڵەوەش مەیک ئاپی نەدەکرد، بەڵام کە چویە زانکـۆ بینـیم ڕۆژ بەڕۆژ وا خۆی سپی دەکات و مەیک ئاپێکی کاڵ دەکات پێم گـوت: خوشـکم ئەم مەیک ئەپە چییە؟ وەڵامی دامەوە بەخوا ئەگەر مەیک ئەپ نەکەم هەمـوو کچانی مەرحەلەکە و هاوڕێکانم وا ئەزانن نەخۆشم هەر ئەڵین چیـتە بـۆ بێزار دیاری بۆ وا خەمۆکی کێ تورەی کردوی کام کوڕ دڵتی ڕاکێشاوە لە بەر ئەو قسەیان ئەیکەم تا واز لەو پرسیارە بێنن.

والله گریانی دەوێ ئافرەتی بەعەبـا و شـەرم بەم شـیویە بێـت، بۆیـە بـەو خوشکانە ئەڵێن کە چاو لە کچە سفور و گۆرانی بێژ و کچانی تیکتـۆك و سناپ ئەکـەن، بیـر لە ناخۆشـی ئـاگر و گەرمـی و سـەختیەکانی دواڕۆژ بکەوە، ئێمە لە دونیا زۆر جار لەبەر گەرمی و ماندویەتی بێزار و بێتاقەت دەبین، بۆ نموونە: ڕۆژێکی چلەی هاوین نەخۆشی و ئەچیتە نەخۆشخانە و لە چاوەڕوانی دکتۆر خەڵکێکی زۆر لە پێش تۆ وەستاون، گیانت هەموو بۆتە ئارەق، لەوانەیە بـەهۆی ناخۆشـی و بێـزاری و گـەرمی ئـەو ڕۆژە لە هۆش بچیت و ئاوات بە مـردن بخـوازی ئەوەنـدە بێـزاری، ئەی دەبێـت ئاگری جەهەنەم چەندە ناخۆش و گەرم بێت، خوشکە ئاقڵەکەم سەیر بکە ئافرەتانی پێشین چەندە لە ئاگری دۆزەخ ترساون.

ڕیباحی کوڕی جەراح دەڵێت: ئامینەی کچی موریع لەو کەسانە بوو کە زۆر دەترسا لە ئاگری جەهەنەم و هەر کاتێک باسی ئاگری جەهەنەم و دانیشتووانی بکرایە، دەستی دەکرد بە گریان و خەڵکەکەشی دەکردە گریان و دەیفەرموو: دەخرێتە ناو ئاگرەوە و خواردنیان ئاگرە خواردنەوەیان ئاگرە و ژیانیان لە ناو ئاگردایە، پاشان دەستی دەکردەوە بە گریان.

**(قال رباح بن الجراح الموصلی: کانت امنه بنت المورع من الخائفین وکانت انا ذکرت النار واهل النار بکت وابکت وقالت: ادخلوا النار، واکلوا من النار، وشربوامن النار، وعاشوا فی النار ثم تبکی)**[١].

بیزانە خوشکە باشەکەم نموونەی ئافرەتی لە خوا ترس ئاوا بوونە، بەردەوام گریاون و خۆیان پاراستووە لە بێ فەرمانی و سنور بەزاندنی الله، لەترسی ئاگر و ناخۆشیەکانی، بۆیە خوشکی خۆم تۆ ئەم ئافرەتە ژیر و لە اللەترسانە بکە پێشەنگت، نەك کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژە جاهیل و کچە بێڕەوشتەکان و کچە سفورەکانی زانکۆ پێیان هەڵبخەڵەتێیت، تۆ بۆ فێربوونی زانست دەچیتە زانکۆ یان بۆ نمایشکردنی جەستە و جوانیت؟!

با لە الله بترسین نەبینە هۆکاری فیتنە و بەلاڕێدانی گەنجان.

---

[١] - بڕوانە: الجامع لشعب الایمان (٢/٥٤٥)

خوشکانی ژیرم ئەی ئەوانەی شەرم و حەیاتان ناگۆڕنەوە بەهیچ خۆشیەکی دونیای کاتی، ئەی ئەوانەی ئاواتتان گەیشتنە بە پلەیەکی بەرز لە زانکۆ ئەبێ بزانیت پێش هەموو شتێک کە نابێ بە چاوی برا و باوک سەیری گشت مامۆستا پیاوەکان بکەی، لەوانەیە قسەکەمت پێ سەیربێ و بڵێی چەن کەسێکی داخراوە،

بەڵام ئەوەی دەیڵێم دڵنیابە کە لە دڵسۆزی خۆمە بۆت، دەمەوێت بت پارێزم و هیچ گورگێکی برسی دەستە پیسەکانی بە شکۆ و شەرم و حەیا پاکەکەت نەسڕێتەوە.

بۆیە نابێ لە مامۆستا پیاوەکان بێخەم بی و وابزانی کە لە شوێنی باوک و براتانن، مامۆستای زانکۆ کە باسەکەمان لەسەر زانکۆیە بەشێکیان (لەگەڵ ڕێزمان بۆ باشەکان) تینوی کچانن و هەر کچێک کە ئەوان بیانەوێ و حەزیان لێی بێت، هەوڵی نزیک بونەوەیان ئەدەن، ئینجا هەوڵەکانیان جیاوازن، زۆر فێڵ زان و زۆرزانن کە چۆن کچەکان لە خۆیان نزیک بکەنەوە.

جارێک بەناوی توێژینەوە، جارێک بەناوی دڵسۆزی و یارمەتی دانەوە، جارێک بەناوی سیمینار و سەرچاوە ناردنەوە، جارێک بەناوی ئەوەی غیابی زۆرە، یان هەر ڕێگایەکی تر هەبێت بەکاری ئەهێنن، جا زۆرینەی مامۆستاکان ژووریان هەیە، ئەم کچە بانگ ئەکەن بە دڵی خۆیان قسەی

لەگەڵ ئەکەن و لەوانەیە کە من و تۆیش بیانبینین بڵێین ئەمە دیارە ئیشی سیمینار و یان توێژینەوەی هەیە.

جاری وا هەیە هەر کچەکە و مامۆستاکە لە ژوورەوەن کە وەک ڕوونە ئەمە حەرامە پیاو و کچێک بەتەنها بن و سێیەمیان شەیتانە.

سەلەفی سالح ڕێگریان کردووە بە هەموو شێوەیەك دانیشتن لەگەڵ ئافرەت ئەگەر قورئانیشی فێربکەی، ئەوەتا پێشەوا عومەری کوڕی عبدالعزیز ئامۆژگاری میمونی کوڕی مهران دەکات و دەفەرمووێ: من ئامۆژگاریت دەکەم کاریان پێ بکە: بەتەنها لەگەڵ هیچ ئافرەتێک دامەنیشە کە بەربەستێک نییە لەنێوانتان ئەگەر قورئانیشی بۆ بخوێنی.[١]

بۆیە ئەبێ زۆر وریابن و بە تەنها نەچن بۆ ژووری هیچ مامۆستایەک و بێخەم نەبن لێیان، ڕەنگە ترسی ئەوەی لا دروست ببێت بڵێی مامۆستاکە لە دەرسەکەی دەرم ناچێنێ یان ترسی دیکە، بەڵام ئەگەر مامۆستاکە زانی تۆ ناچیە ژێر داخوازیەکەیان ناچار دەبن واز بێنن لەو کچە.

بۆیە خوشکە ژیرەکەم ئەم قسەیەم لێ وەربگرە هەرگیز بەهیچ بیانویەک نەکەی ڕازی بی بە تەنها بچیتە ژورەکانیان، ئەگەر کچێکی خوێندکاریان بەلاوە جوان بێ زیاتر ئەوان تووشی تەڵەی ئەو مامۆستایانە دەبنەوە، بۆیە

[١] - بڕوانە: مساوئ الأخلاق للخرائطي (٢٥٨).

خوشکی من تۆزێ ترسی اللەت هەبێ تۆ هەر ئەتەوێ زانکۆ بخوێنی، چ پێویست دەکات جوانیت بەدەربێخی و بەو هۆیەوە شەرم و حەیات بشکێت، تۆ بۆ فێربوون ئەچی نەك خۆ نمایش کردن.

کە تۆ جوانی خۆت بە نامەحرەکان نیشاندا، ئیتر شەیتان تووشی تاوانیان دەکات، ئەگەر مرۆڤ زۆر لە الله ترس بوو، شەیتان نەیتوانی گومڕای بکات، ئەوە لەڕێگای ئافرەتەوە بۆی دەچێت،

هەروەکو حەسەنی کوڕی صاڵح (ڕەحمەتی اللە تعالی لێ بێت) دەفەرمووێت: گوێم لێ بوو شەیتان دەیگوتە ئافرەتێک: تۆ نیوەی سوپاکەی منی، وە تۆ تیری منیت کە دەت هاوێژم هەرگیز هەڵە ناپێکیت، وە تۆ شوێنی نهێنیەکانی منی.!

قال بن صالح رحمه الله: سمعت أن الشيطان قال للمرأة: أنت نصف جندي، وأنت سهمي الذي أرمي به فلا أخطئ، وأنت موضع سري)[١].

بۆیە خوشکی بەشەرم و حەیام تۆ ئەگەر ئەتەوێ شەرەف و حەیات بە پاکی بمێنێتەوە، جوانی و نازو مەکری خۆت نیشانی مامۆستا و کوڕەکانی هاوپۆلت مەدە و لە الله بترسن و وازبێنن لەو دیاردە ناشرینە، مامۆستاو خوێندکارەکان کە چاوتان تێ ئەبڕن بەو شێوەیەن ئیتر شەیتان سواری ملیان دەبێ، واز ناهێنن تاکو شەرەف و حەیات نەبەن، واللە گریانی

[١] - موسوعة ابن أبي الدنيا: ٥٣٩/٤

دەوێیت ئەم حاڵە، سەیری حەیایی ئافرەتانی سەلەفی پێشین بکەن چەندە تەقوادار بوونە، ئەوەتا نموونەیەکی تر لە ئافرەتانی لە خواترس،

پێشەوا ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری (ڕەحمەتی الله تعالی لێ بێت) دەفەرمووێت: پیاوێک چووە ژوورەوە ئافرەتێکی (عەربی) واتە خانەدان خاتوونی لێبوو، نیقابەکەی هەڵدابۆیەوە ئەو پیاوەش سەر و قژی بینی، ئیتر بەو هۆیەوە ئەم ئافرەتەساڵحەش قژی خۆی بڕی و گوتی: نابێت هیچ کەسێک سەیری قژم بکات ئیلا حەلالی خۆم نەبێن.!

قال العلامة ابن قتيبة الدينوري رحمه الله: دخل رجلٌ على امرأة عربيةٍ وهي واضعةٌ خِمارها فرأى شعرَها، فحلقتْ رأسها وقالتْ: ما كان يَصحبُني شعرٌ نظر إليه غير ذي مَحرَم)[١].

بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتێك پێچەوانە بۆتەوە، ئافرەت و کچانمان بۆتە پیشەیان لاشە و جوانی خۆیان بۆ هەموو کەس دەربخەن، بۆیە فیتنە و کێشە زۆر بووە لە نێو کچ و کوڕان، بەتایبەتیش لە ناوەندەکانی خوێندن.

بۆیە خوشکی بەڕێزم لە لایەن مامۆستاکانەوە هیچ یارمەتیەك وەکو دەرەجەو دیاری و شت قبول مەکە، چونکە دوای لەبەرامبەردا داوای شتی خراپ ئەکەن، ئەگەر ئاشکرایان بکەیت خۆت توش ئەبیت و

[١] - عيون الأخبار (٤/٨٧)

هەرگیز هیچ مامۆستایەکیش لەسەر ئەو بابەتـانە دور نـاخرێتەوە لەلایەن سەرۆک بەش و زانکۆوە بەڵکو خۆت حەیات ئەچێت.

وە بۆ بانگکردنت بۆ ژوورەکەیان زۆربەیـان بیانویـان ئەوەیە ئەڵـێن فـڵان شتم بۆ بێنە بۆ ژوورەکەم، یـان ڕاپـۆرتەکەت، سـیمینارەکەت هەلەی هەیە بـۆتی چـاک دەکەم دواتـر وەرە ژوورەکـەم بـەجوانی هەڵـەکان ڕاسـت ئەکەمەوە، پاشان پێت ئەڵێـت تـۆ خوێنـدکارێکی زیرەکیـت و حەزدەکەم یارمەتیت بدەم و ببیتە ئەوائیل و یەکەم، زۆرزانانە بەم شێوەیە قسـەت بـۆ دەکات، تۆش وادەزانی زۆر دڵسۆزە پاشانیش دەڵێت نابێ کەس بزانێـت بەم شتە بۆ کەس باسی مەکە، چونکە من لەسەرم ئەکەوێ بزانن یارمەتیم دایت، بۆیە خوشکی ژیرم ئەگەر ڕۆیشتنە ژوورەکانیشیان ئەوە هاوڕێیەک لەگەڵ خۆتان ببەن.

وە خوشکی سەنگینم لە تۆڕی کۆمەلایەتی بەهیچ جۆرێک مەبنە فرێنـد و هاوڕێیان، لەو ڕێیەوەش دەیانەوێ نزیکت ببنەوە.

کچێکـی خوێنـدکار ئەگێـڕێتەوە، گـوتی: مـن یەکەم سـاڵی زانکـۆم بـوو لەبەشی کۆمپیوتەر جا بەبۆنەی کۆڕۆنـا دەرسـەکانمان زۆربەی ئـۆنڵاین بـوون، بەشـەکەمان بریاریانـدا کە چەنـد خوێنـدکارێک بـڕۆن بـۆ لای سەرۆکی زانکۆ قسـەی لەگەڵ بـکەن، بـۆ کەم کـردنەوە چـونکە بەشـی کۆمپیوتەر زیاتر دەرسەکانی عەمەلیە، بۆیە وا ڕێکەوت کە من و کچێک و دوو کوڕی ناوشاریان ڕاسپارد بۆ قسە کردن لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ.

ئیـــتر ڕۆژێـــک ڕۆیشـــتینە لای ســـەرۆکی زانکـــۆ، بەڵام کە ڕۆیشـــتین جێگرەکەی لەوێ بوو، گوتی:

سەرۆکی زانکۆ لە کۆبوونەوەیە جارێک وەرن دانیشـن چـاوەڕێ بـکەن، ئیتر گوتی: کێشەتان چیە منیش قسـەم کـرد، کەچـی کورسـیەک نزیکـی خۆی بوو، بەمنی گوت: وەرە ئێرە دانیشە قسەکانت بکە، منـیش ڕۆیشـتم ئیتر کەوتە قسەکردن و هەر سەیریشـی دەکـردم، ئەو خوێنـدکارانەی کە لەگەڵم بوون، ئیهمالی کردبوون، بەس قسەی لەگەڵ من دەکرد.

ئینجا هەر چاوەڕێ بووین کەچی سەرۆکی زانکۆ هەر نەهاتەوە، گوتمان با بڕۆین، گوتی: ژمارەکەت بەجێ بێڵە لام، کە دواتر کاتی هەبوو پێتان ئەڵێمەوە، ئەو ڕۆژە وەرنەوە.

من لە دڵی خۆم کە گەڕاینەوە لە مێشکی خۆم گوتم: ئەم جێگرە کارێک نەکات لەسەری بکەوێ، بڕوانامە و خزمەتی هەیە.

دوای ئەوە ڕۆژێکی تر، تێلێک هات، جوابم نەدایـەوە، بـۆ جـاری دووەم کردیەوە، گوتم: بزانم کێیە بۆیە جوابم دایەوە، گوتی: چۆنی باشی (ناوی هێنام) من ئەو کەسەم جێگری سەرۆک، گوتم: فەرمـوو کـارت هەبـوو، گوتی: بۆ ئیلا دەبێ کارم هەبێ تێل بکەم؟

گوتم: بەڵێ، بۆ کەی من و ئەتو قسەمان هەبووە، تـاکو بەبـێ ئیشـی تیـل بکەی، گوتی: دەستت خۆشبێت، گوتم: سەرچاوان.

دوای ئەوە ڕۆژێکی تر تێلی کردەوە، گوتی: ئەتەوێ لە پڕۆژەیەکدا بەشدار بیت؟ گوتم: پڕۆژەی چی؟ گوتی: پڕۆژەیەکی خێر خوازییە و یارمەتیدانی خوێندکاری هەژارە لە زانکۆ.

ئیتر ئەو ماوەیە بەو بیانویە قسەمان دەکرد، و منی کردە سەرپەرشتی پڕۆژە خێرخوازیەکە.

دوای ئەوە وویستی زیاتر لێم نزیک بێتەوە، بۆیە لە فەیسبووک ئەددی نارد بە بۆنەی ئیش و پڕۆژەوە قسەمان دەکرد، هەندێک کات درەنگانی شەو لە دوای دوانزەی شەو نامەی دەنارد، منیش جوابم نەئەدا، ئەوجا بە فێلیش بوو لە بەشی نامەی نهێنی کە نەتوانی سکرین بکەی و نامەکە ڕسمی لێ بگریتەوە، لەوێ نامەی ئەنارد، کاتی بۆ دانابوو کە یەک دەقە دوای بینینی نامەکە خۆی بسرێتەوە.

پێم دەگوت: بۆ وا لەنامەکە ئەکەیت، ئەیگوت: من کەسێکی ناسراو و دیارم، لە هاک و شت ئەترسم، کە لێم بڵاوبکرێتەوە.

ئیتر کار گەیشتە ئەوەی ئەیگوت: کەی دێیت ڕۆژێک بچینە دەرەوە نان بخۆین، دەعوەتی من بیت و هەرچیت پێویست بوو، ئەوە بەمن بڵێ، بەداخەوە زۆر داواکاری ئەوەی دەکرد بۆ چوونە دەرەوە بەڵام من سپاس بۆ خوای گەورە هیچ کات قبوڵم نە ئەکرد.

پاش ماوەیەک، ڕۆژێکیان گوتی: من دڵم پێتەوەیە ئەمەوێت بێمە داوات، منیش لە نیەتی دڵی خۆم گوتم: لەوانە ڕاستگۆ بێت،

بۆیە گوتم: ئەگەر منت دەوێ وەرە لەگەڵ باوکم قسە بکە، گوتی: دێم بەس دەمەوێ سەرەتا یەکتری بناسین.

گوتم: گەر مەبەستت ناسینە ئەوە زۆرچاک من دەناسی.

گوتی: ئەوها نابێت، وەرە با ببینە خۆشەویستی یەک، بەبیانو دەیگوت ئێستا دادگاکان ڕێژەی تەڵاقی زۆر زۆرە، بۆیە دەترسم دەبێ سەرەتا یەک بناسین، من نامەوێ ئەوهامان لێ بێت و نازانم زۆر شتی گوت.

بۆیە ڕازی نەبووم بەم پەیوەندیە، دوای ئەوەی زانی هیچی دەست ناکەوێت، ڕازی نەبووم بە مەرجەکانی، گوتی: تۆ وەک خوشکمی، بۆیە با هیچ کەس نەزانێ قسەمان کردووە.

گوتم: بەڕێزی خوات لەگەڵ.

کەچی ساڵی پار دەرماڵە دابەش کرا، لە لای ئەو وەرمان دەگرت، ڕۆژێک ڕۆیشتم وەر بگرم لەگەڵ چوار کچی هاوڕێم، دەرماڵەی ئەو کچانەی هەمووداا، بەس ئەوەی منی هێشتەوە بۆ کۆتا کەس، تێلێکی بۆ هات هەستم ئەکرد درۆ بکات، بۆیە ئەو کچانە دەرماڵەکەیان وەرگرت، ڕۆیشتنە دەرەوە چاوەڕێی من بکەن،

دوای تەواو بوونی تێلەکە: گوتی: (ناوی هێنا) خان ئیشێکم پێتە، گوتم: فەرموو، گوتی: ئەتوانی بچیتە لای مامۆستا پشتیوان لە ژێر زەمینەکە لە مەخزەن کلیلم بۆ بێنی؟

کەچی بەخێرای بیرم کردەوە گوتم: دکتۆر چی دەکا لەو شوێنە چۆڵ و داخراوە، کەس بۆی ناچێت سەیرێکی ناو چاویم کرد زۆر پیس و نیەت خراپ دیاربوو، گوتم: دەبێ ببوری بەمن ناکرێت.

دەرماڵەکەی دایە دەستم و ڕۆشتم.

ئیتر لەدوای ئەو ڕۆژەوە کە زانی بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ نزیکم ببێتەوە، وازی هێنا لێم، هەتا قسە کردنیشی نەما.

سوپاس بۆ خوا منی پاراست لە فێڵەکانی، ئەو نیەتی باش نەبوو جگە ئەوەی دەیویست لەگەڵی بڕۆمە دەرەوە و پیاسە بکەین، نەفسی پێم تێربکات، ئەگەرنا مەبەستی زەواج با من پێشنیارم بۆکرد لەگەڵ باوکم قسە بکات، بەڵام ڕاستی نەدەکرد، هەر دەیەویست شتێکم لەگەڵ بکات، بۆیە لە کۆتایی بە فێڵ گوتی: بڕۆ کلیلم بۆ بێنە، تاکو دواتر لەدوام بێت، سپاس بۆ خوا گوێداری نەبووم.

بەڵێ خوشکی بەڕێزم دەبێ زۆر ئاگاداربی و خۆت سوك و کەم نەکەیتەوە هەتا بۆ سەرۆکی زانکۆ، یان هەر کەس و پیاوێك، دەنا دوای ئابڕو و حەیات بچێت هەرگیز وەکو خۆت لێنایەتەوە، ناوت بە خراپ ئەڕوات و کەس نایەوێیت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵت بژیت، سەرەڕای ئەوەش سەری باوك و برا وماڵەوەت شۆڕ ئەکەیت.

بەداخەوە ئەگەر زۆر دیندار و بە ڕەوشتیش بی، بەس بزانن کچی جوانی داوای پەیوەندی و زەواجت لێ ئەکەن، ئەگەر ڕازی نەبی ساقیتت ئەکەن، لەگەڵ ڕێزمان بۆ مامۆستا باشەکان،
بەڵام ئیتر ئەوە ڕاستیەکی تاڵە، ئەمە نموونەی خوشکێکی ترە کە عەبا بوو و زۆریش مولەتەزیم بوو بە ئیسلام ئەو باسی خۆی دەکات و دەڵێ:

مـن کچێکـی داپـۆشراو بـووم تـا کۆتـایی زانکـۆش چـاوم بەرچـاوی مامۆستایەک یان کوڕێک نەکەوت لە دوای تەخەروج مامۆستایەکی خۆم داوای زەواجی لێکـردم بەڵام ڕازی نەبـووم، چـونکە هاوسـەری هەبـوو، دوای دوو ساڵ ویستم ماستەر بخوێنم، ئیتر ئەو هاتەوە زانکـۆم و بـووە مامۆستا، هەر تورەبوو بەوەی کە من ڕەفـزم کردبـوو، ئیـتر زۆر ئیزعـاجی دەکـــردم، بەڵام مـــن بەردەوام بـــووم و زیـــرەک بـــووم لە وانەکە لە تــاقیکردنەوەی کــۆرس لە ڕۆژی تــاقیکردنەوەی ئەو نــامەم بــۆ هــات، نووسرابوو کە تۆ کەوتـوی دوایـی ئەنجـام هـاتەوە بینـیم بەڕاسـتی منـی دەرنەچانـدووە لەدەرسـەکەی زانـیم لە خـولی دووەمـیش دیسـان مـن دەرناچێنێت، زۆر هەوڵم دا لە زانکۆ گوتیان: ناتوانی دەفتەری ئیمتیحـان وەرگریەوە هەوڵدەوە بۆ خولی دووەم ئیتر من هـیچ چـارەم نەمـا و دوای مانـدوو بـون و مەسرەفێکـی زۆر وازم لە خوێنـدن هێنـا، چـونکە لەگەڵ دکتۆرەکانی زانکۆ هیچ ناکرێـت چ بڵێـی بـاوەڕت پێنـاکەن و قسـەت بـۆ

هەڵدەبەستن، هەر قسەی دکتۆرەکان لەپێشتر دادەنێن ئیتر لە زانکۆ چەند توندبیت و پەیرەو بەدین داری بیت و بەڕەوشت بی کە دکتۆرێك مامۆستایەک شتێکی لێ داواکردی هیچت لەگەڵی پێناکرێت یان دەبێ ڕازی ببی یان دەبێت واز لە خوێندن بهێنی ئیتر وەك دۆزەخە باش و خراپ بچێتە ناوی هەر بەشی خۆی دەسووتێت.

کەوایە هەرکێ ویستی بەکارت بێنێ بۆ تێرکردنی حەزی ئیهماڵی بکە، هاوڕێیەك بۆی گێڕامەوە، گوتی: خوێندکاری کچ هەبوو نەی ئەزانی ناوی فەیسبوکی بگۆڕێت، بە هاوڕێکی منی گوت بۆم بگۆڕە، گوتی: ناوی بۆ گۆڕی بوو، ئەو کچە ئەوەندە نەزان و ساویلکە بوو بیری نەئەکردەوە سەیری چاتەکانی ئەکەم،

کە چۆن لەگەڵ مامۆستای زانکۆ کە پیاوە تا نیوەی شەو خەریکی تێرکردنی نەفسیان بوون، بەقسەی ڕۆمانسی نێوان ژن و مێرد و شەیتانی، لە کاتێکدا مامۆستا خاوەن ژن و منداڵی خۆی بوو، مامۆستاکە لە چات ئەیگوتە کچەکە ئەمڕۆ بۆ ئەوەندە بۆنت خۆش بوو بۆن، واتە ڕۆژانە پیاسەیان ئەکرد، شەوەکەشیان گەرم ئەکرد بەقسە ئەیگوت دێمە ناوجێگات خۆم پێت گەرم ئەکەمەوە.

بۆیە چوونی کچان بۆ زانکۆ پاروویەکی چەورە بۆ هەندێ لە مامۆستا گورگ ئاساکان، ئینجا خوێندکارێک ئەگێرێتەوە ئەڵێ مامۆستایەکی زانکۆمان هەیە، زۆر زۆر سوکایەتی بە کچەکان دەکات خوا نەکات

کچێك داواکارییەکی هەبێ و پرسیاری لە دەرسی ئەو هەبێ و نامەیەکی بۆ بنێرێت، یەکسەر ڕەسمی خۆی ئەنێرێ و ئەڵێ وەرە بۆ ژوورەکەم با تۆزێك کات بەسەر ببەین! بەداخەوە ڕۆژێکیان لە فەیسبووك ئاددم کرد نەمزانی ئەم مامۆستایە وایە ستۆریەکم دانابوو هەر لەخۆیەوە نامەی بۆ ناردەو لەنامەکەدا دەیگوت:

وەرە بچینە ژوورەکەم، لێوی یەک بمژین و خۆشیت پێ ئەدەم، زۆر قسەی نەشیاوی تر کرد، منیش گوتم: لەوانەیە بە هەڵە ناردبێتی یان شتێك ڕۆیشتم بۆ لای هاوڕێکانم باسم کرد، گوتیان: هەر وایە تازە ئەیناسی؟! وە بۆ هەندێک لە خوێندکارەکان، وێنەی ناشیاوی خۆی ناردبوو، گوتم: وای چەند بێ شەرمە من لە کچەکانیشی مناڵترم.

ئیتر بۆ کوڕێکم باس کرد وەکو برایەك هەر لەگەڵ خۆمان لە هەمان بەش بوو، گوتی: قبوڵی ناکەم لێی و نامەی بۆ ناردبوو، گوتبوی: چۆن نامە بۆ کچ ئەنێری و شەرەفت ئەشکێنم ئەگەر بتەوێ شەرەفی خەڵك و کچی خەڵك لەکەدار بکەیت، دواتر مامۆستاکە نامەی بۆ ناردم گوتی: من بۆ خۆشی قسەم کردووە و بۆ ئەوەی جەوت خۆش بکەم و پێبکەنی، منیش گوتم: داوەشێی من لە تەمەنی کچەکەتم دڵخۆشم بکەیت بۆ چی شتێك؟ بۆ کاری نابەجێ؟ هەر ئەو مامۆستایە چەند جار نوێنەرەکەمان لە ژوورەکەی هاتۆتە دەر دەیگوت: بەسەر شتی خراپی ڕۆشتووم خوێندکاری کچی لابووە ڕووم نەهاتووە سەیریان بکەم.

یان مامۆستا هەبووە کە کچ تێپەڕیوە لە دواوە گوتویەتی: ئەم سمتە غەریب نیە واتا ئەوەندە نیەتی پیس بووە، جا مامۆستا هەیە ئەوەی زانیبێتم مونافەسە ئەکەن لەسەر بەشێک لە کچەکان، کە ئایە کامەیان فڵانە کچی جوان بخەنە لای خۆیان بۆ توێژینەوە چونکە بۆ توێژینەوە کەوتیە لای هەر مامۆستایەک ئەوکات مامۆستاکە هەر کات بیەوێت بەناوی توێژینەوەو بانگی کچەکە ئەکات بۆ ژوورەکەی، بەڵام ئەبێ کچە ژیرەکانمان هۆشیاربن و بە زمانی لوسی هیچ مامۆستایەک فریو نەخوات و خۆیان نزیک نەکەنەوە لە هیچ مامۆستایەک و نەهێلن ئەوانیش خۆیان نزیک بکەنەوە لێیان، ئینجا لە ژێر هەر ناو و مەبەستێک بێت.
یان مامۆستا هەیە بەناوی ڕۆشنبیری و کرانەوە و هانی کچ و کوڕ ئەدات بۆ تێکەڵی پێیان ناخۆشە کچەکان لە بەشێکی ژورەکە بن و کوڕەکان لە بەشێکی تر، بۆیە هانیان ئەدەن بۆ تێکەڵ بوون و بۆ ئەوەی لە تەنیشت یەکتر دانیشن کچ و کوڕەکان، یان هانیان ئەدات کچ و کوڕەکان چوار چوار و پێنج پێنج بە تێکەڵی بچن لە کافتریا دانیشن، بۆیە خوشکم ئەبێ چۆن خۆیان ئەپارێزن لە کوڕەکان بەو شێوەیەش خۆیان لە مامۆستا و چات و نامەکانیشیان بپارێزن و جوابی کەس مەدەوە نە کوڕ نە مامۆستا.
خوشکی سەنگینم هەرچی هەبوو بەرەو ڕوو لە پۆل و لای خوێندکارەکان بە مامۆستاکەت بڵێ، نەک بە فێل بتباتە ژوور و بانگت بکات.

خوێندکاری تر دەربارەی فێل و تەڵەکەی مامۆستا ئەڵێت: کچێکی هاوڕێیمان تووشی ناخۆشیەکی زۆر سەخت بوو، لەگەڵ مامۆستایەکدا، کە ژنیشی هەبوو پێکەوە ڕۆیشتبوون بۆ مەزرەعە و باخ کاری ناشەرعیان کردبوو (پەنا بە الله تعالی) دواتریش کچەی ساویلکە لەبەر شەرەف و حەیاچوونی بە مامۆستاکەی گوتبو: دەبێ مارەم بکەیت!

بەڵام مامۆستاکە گوتبوی: ئەوە باسی چی ئەکەیت! پەنجەیەکی ژنەکەم نادەم بە سەد کچی وەکو تۆ، من تۆم تەنها بۆ خۆشی و کات بەسەر بردنی خۆم ویستووە.

بەڵێ خوشکە ژیرەکانم بابەتی لەو شێوانە زۆر زۆرن لە زانکۆ و پەیمانگا، داوام لە کچانە کە بەتەمان بخوێنن لە زانکۆ و پەیمانگا تکایە بە هیچ جۆرێك سیقە ومتمانە بە مامۆستا مەکەن باوەڕ بکەن زۆرێکیان تەنها شەرەفتان ئەبەن و حەیاو حیشمەتت ئەبەن.

بەهەمان شێوە خوشکێکی تری زانکۆ دەڵێت: مامۆستایەکمان خۆی زۆر بە باشەو بە شەخسیەت بە ئەدەب دەر دەخست، مرۆڤ کە خۆی هاواری شتێکی بۆ خۆی کرد، ئەوە بزانە لەو شتەی کەمە و نیەتی، قوتابی مەرحەلە چوارەکان ئەیان گوت: کە ئەو مامۆستا چەندین جار نامەی ناردوە بۆ کچێکی پۆلەکەمان ئەویش جوابی داوەتەوە و چەندین جار قسەو گاڵتەو قسەی خۆشیان کردوە، و کچەکەش هاوڕێی کوڕی هەبووە و کاتێك شەرم لە نێوان کچەکە و مامۆستاکە نەما گوتی: مامۆستاکە

داوای وێنەی ڕووتی کردوە لەکچەکە، بۆیە کچەکە کوڕەکانی هاوڕێی ئاگادار کردبوویەوە کە مامۆستاکە داوای چی لێ کردووە، کوڕەکانیش گوتبویان: وێنەیەکت بۆ ئەنێرین بۆی بنێرە، ئەوانیش ڕۆیشتبوون لە سایت و ماڵپەری بێ ڕەوشت وێنەیەکیان دەست کەوتبوو، بە کچەیان نارد بۆ مامۆستا، بۆیە کوڕەکان بە وێنە و بەو چاتە هەرەشەیان لە مامۆستاکە کرد، کە ئەگەر دەریان نەچێنێ و ئەسیلەیان نەداتێ پێش ئیمتیحان، ئەوە ئاشکرای ئەکەن و شەرەف و ناموسی مامۆستا ئەکەن بە پووش، بۆیە ئەو ساڵە هەموویان دەرچوون!

بۆیە لەم سەردەمەی پڕ لەفیتنەیەدا، باشترین شوێن بۆ خوشکان مانەوەیانە لە ماڵەکانی خۆیاندا، ناڵێین با نە خوێنن ناڵێین با دەست لەدونیا بەر بدەن، دەڵێین با بخوێنن خوێندنێک کە سەربەرزی بێت بۆ دونیاو قیامەتیان، نەک خۆیان بکەنە کاڵا و خۆیان نمایش بکەن بۆ مامۆستا و گەنجانی زانکۆ، بەداخەوە ئەوەی ئێستا دەبینرێت لە حاڵەتێک و دوو و سێ نەماوە، بۆتە دیاریدەیەکی زۆر قێزەونی ناو زانکۆ، خوشکێکی خوێندکاری زانکۆ دەربارەی مامۆستا و کوڕەکان و ژیانی زانکۆ ئەڵێت: خۆم وەکو خوێندکارێك کە چوار ساڵ لەزانکۆ بووم لە ئەزموونی ئەو چوار ساڵە شتانێکم بینی زانکۆ بووبوو بە شوێنێکی بێزراو، نەم دەتوانی بەچاوێکی ئاسایی سەیری دەورو بەروو کچان و کوڕانی زانکۆ بکەم، چونکە زانکۆ بووبوو بە کارگەیەک بۆ

درووستکردنی کە سانێک کە ئەقڵ لەچاویان دایە، کچان بێ ئاگایانە و بێ ئەوەی رەحم بەخۆیان و کەسایەتی و خێزان و باوک و برا بکەن خۆیان کردبوویە نێچیری دەستی ئەو گورگانەی کە وەکو مامۆستا، یان وەک نوێنەری پۆل، یان سەرۆک بەش یان هاوڕێ و برا خۆیان پیشان دەدا، بەڵام ڕاستیە جگە لەگورگێکی ناخ و نیەت پۆخەڵ هیچیتر نەبوون، با ئەو نموونەی کە بەچاوی سەر بینومانە لە زانکۆمان بیگێڕینەوە مامۆستایەکمان هەبوو، زۆر بێزارکەر بوو لەسەر زەنشت کردنی کچانێک کە پۆشتەو حیجاب بوون، لە کاتێکدا دەست و دڵی کراوە بوو بۆ کچانێک کە تەنها بۆ خۆنمایشکردن دەهاتنە گرووپ و تەنانەت یەکێکیان بەپارە لەو بەشە دەیخوێند، خوێندکار هەبوو پرسیاری لە مامۆستاکە ئەکرد، دەیگوت: خۆت بە دوایدا بگەڕێ بۆ خۆت، لە کاتێدا بەوکچانەی دەگوت: دوای دەرس وەرن بۆ ژوورەکەم جوابتان ئەدەمەوە!! ئیتر دەبێت چ کارەساتێک ڕوویدات کچانێکی سفور بڕۆنە لای مامۆستایەک کە هەردوو چاوی کوێر دەبوو بە بینینی کچانێکی پۆشتە و داپۆشراو.

هەر لە زانکۆ بەشی قانون، ناوی بەشە کە ئەهێنم لێرەدا، چونکە بەشێکی قانونی نابێت قسەیی ناقانونی تێدا بکرێت، چەندین جار مامۆستا زانکۆ لە گرووپ بە کوڕانی گوتوە: ئێوە چین هەتا ئەو کچە جوانانە لێرەبن، مامۆستایەکی بەشی قانون کەسەرۆک بەشیش بوو،

کەچی نامەی بۆ یەکێک لە قوتابیەکان ناردبوو، گوتبوی: چاوت زۆر جوانە هەرچی ویستت وەرە ژوورەکەم لە زانکۆ هەرچی دەپرسی بپرسە! نموونەکان ئەوەندە زۆرن لەگەڵ ئەوەی تەخەروجم کردووە، الحمدلله بەڵام گەر بیر دێنەوە خەفەت بارم ئەکەن، زانکۆ جێگایی زانست و مەعریفەیە یان ڕێککەوتنی ژێربەژێر و تێرکردنی حەزو ئارە زووەکانە؟!

مامۆستایەکی تر هەیە هەر لە زانکۆ، ئێستاش هەر مامۆستایە، کاتی ئیمتحانەکانی کۆرسی یەکەم بوو، کچێک دوور و نزیک ئەم ناسی کە هاتە دەرەوە لە ئیمتحان، گوتم: چۆن بووی؟ گوتی: مامۆستا مان لە گرووپ بوو، چاودێری ئیمتحان بوو، کچێک لە یەکەم کورسی دانیشتبوو قۆپچەی سینگی قەمیسەکەی بۆ مامۆستاکە کردبوویەوە، مامۆستاکەش ئەهلی ئەوشتانەبوو، بۆیە ئاگایی لە خۆیی نەمابوو، بەس مەشغوڵی ئەو کچە بوو، خوێندکارەکانیش هەموو بەیەکتریان دەگوتەوە کێشەمان نەبوو، هەموومان دەردەچین لەسایەیی ئەوکچە!!

هەمان مامۆستا کچێکی لە دەرسی خۆی خستبوویە دەوری دووەم، کچەکە بە زۆر خۆپارێز بوو، بەڵام مامۆستاکە زۆر بێ ڕەوشت بوو، کچەکە ئیمتحانی دەوری دووەمی کردبوویەوە، بە بۆچوونی خۆی زۆر باش جوابی دابویەوە، بەیانیەک بەزەنگی مۆبایل خەبەری بووبوویەوە، ئەو مامۆستایە تەلەفۆنی بۆ کردبوو گوتبوی: چۆنی کچەکەش جوابی دابوویەوە گوتبوی: مامۆستا فلان تۆی ترساوم وامزانیوە لە ئیمتحانەکەت

دیسان کەوتوم چونکە لێکم داوەتەوە زۆر باش بووم، مامۆستا گوتبوی: یەک دەرەجەت ماوە دەربچی، یەک دەرەجەت دەدەمێ بەمەرجێک یەکجار لەگەڵت ڕابوێرم، ئەو کچە داماوە زۆر ترسا بوو بەو قسەیە و شکا بوو، نەوێرابوو جوابی بداتەوە، بەداخەوە، ئەوانە دڵۆپێکن لەیەک دەریا، بەڕاستی گریانم بۆ هەموو ئەو خوشکانە دێت کە بەڕووسوری و بەو پەڕی حەیاوە دێنە ناو زانکۆ بەڵام دوای ماوەیەکە هەموو ژیانیان دەکەنە قوربانی بۆ کەسانێک تەنیا بۆ تێرکردنی حەزە گڵاوە کانیان بەکاریان دێنن، ئەمە ڕووداوێک و دوان و سەد نییە پرسیار لە هەر کەسێک بکەی ئەزانێت زانکۆ چییە لە هەر خێزانێک و نموونەیەکی ئەوماڵەی تێدایە.

کە ئافرەت لاوازە بە قسە بە روکەش بە شتی بێ ماناو لاوەکی هەڵەخەڵەتێنرێ نەفسی پێ تێر ئەکرێ، ناپلیۆن کاتێک وڵاتێکی عەرەبی داگیر کرد بە هێزی چەک نەبوو بە هێزی وشکانی نەبوو کە دەستی بەسەرا گرت بەڵکوو ئافرەت بوو.

پێش مەرحەلە چوار لە هۆڵی ئیمتیحان یەکێک لە مامۆستاکان چاودێر بوو چاوی پێم کەوت کە پێشتر وانەیەکی پێ گوتوم هاتە لام گوتی: بۆ پێش مەرحەلە چوار بەحس ناکەی گوتم: بیرم لێ کردۆتەوە یەکسەر گوتی: وەرە لای خۆم یارمەتیت ئەدەم چەن کچێکی تریش گوتیان: بە ئێمەشی گوتوە، وا دیار بوو کە باش بێت بە شەخسیەت بێ، هەفتەیەک پێش ئەوەی بکەوینە لای کوڕێکی بەشەکەمان کە پەیوەندی هەبوو

لەگەڵ كچێكی هاوڕێمان كچەكە گوتی: ئەچینە لای ئەو مامۆستا بۆ بەحسەو توێژینەوە، گوتی: شتی وانەكەن چەن كچی هەڵخەڵەتاندوە، بۆیە ئێمە لە ترسان نەچوین، چەن كچێكی تریشم پەشیمان كردەوە كە نەچن.
مامۆستاكان بە قسەی خۆش و بە گاڵتە بۆیان دەر ئەكەوت كامە كچ ئەبێتە نێچیری ئەوان، كام كچ وەك خۆیان بێ شەخسیەتە مامۆستامان هەبوە چاتیمان بینیوە لەگەڵ كچان كە چی گوتوە: چەن بێ ئەدەب بووە، بۆ بەحسەكەم پێویستم بە چەن سەرچاوەیەك بوو گوتیان: بڕۆ بۆ لای فڵانە مامۆستا كە چووم، گوتی: دوای یەكی شەو من مەجالی چاتم هەیە! دوای ئەو قسە بە سەلامیش بێ سەیری ئەو مامۆستایەم نەكردوە.
مامۆستای زانكۆ بە گشتی زۆرێكیان بێ دینن ئەوەش شتێك بوو كە هەموو ساڵی چەن خوێندكارێكی كچی ساویلكەیان هەڵدەخەڵەتان باخ و مەزرعەیان هەبوو بوو بە ئاشكرا ئەیان گوت: دەعوەتی باخەكەمان بن هەندێ كچ هەبوو بۆ دەرچوون زۆر هاتووچۆیان ئەكردن و لە كچیەتی ئەیان كردن بەژن.
ئەم باسانە چیرۆكی هەڵبەستراو نیە، بەڵكو دەیان و سەدان لەم نموونانە خراپتر و بە ئازارتر هەن، كە كچان لە زانكۆ و بەشە داخلیەكان بوونەتە قوربانی ژیانیان بۆتە پارچەیەك لە ئاگر، بۆیە خوشكی ژیرم هیودارم كە چاوت لە خۆت بێت و هەرگیز نەكەی ببیەتە یاری دەستی هیچ نامەردێك و بە حەزو ئارەزووی خۆی یاریت پێ بكات.

## ژیانی بەشە ناوخۆییەکان و ئامۆژگارییەك بۆ کچان



بەشە ناوخۆیی کچان ئەوەیە کە کچ لە شاری خۆی لە زانکۆ ناخوێنێ ئەڕواتە شارێکی تر و زانکۆی تر، بۆ مانەوەیان ناتوانن هەموو ڕۆژێك بگەڕێنەوە شاری خۆیان بەهۆی دووری ڕێگاوە، زانکۆی ئەو شارە شوێنێك بۆ مانەوەی خوێندکارانی لە شوقە و بالەخانەیەك دیاری ئەکەن، کچەکان لەگەڵ کۆمەڵە کچێکی زانکۆکەیان، کە هەر کچە و هی شار و شوێنێکە ئەمێننەوە بە درێژای ساڵێك، دووری لەدایك و باوکی.

بۆیە باوك و دایکان پێش ئەوەی کچیان بنێرن بۆ زانکۆ و شارێکی تر دەبێ زۆر ئاگاداریبن و پەروەردەیەکی زۆر باشیان کردبێ و ترسی خوای گەورەیان خستبێتە دڵیەوە، بۆ ئەوەی بەهیچ کوڕ و پیاوێك هەڵنەخەڵەتێت چونکە ئەوانەی ئەچنە بەشی ناوخۆی دوور ئەبن لە ماڵ و کەسوکاریان، زیاتر شەیتان لەوان نزیک ئەبێتەوە، ئەو دوورکەوتنەوەیە لە ماڵ و دوور لە خێزان ئازادیەکی زۆر بۆ کوڕ و کچان دروست دەکات، ئەمەش زۆربەی جارەکان کارەساتی ناخۆش و جەرگبڕی لێدەکەوێتەوە لە لایەن هەردوو ڕەگەز کە لەکۆتاییدا ئەوکارەساتانە دەبێتە هۆی تێکدانی دەروون و چارەڕەشی ژیان و فەوتاندنیان، هۆکاری ئەو کارەساتانەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە.

مامۆستایەکی بەڕێز بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ڕۆژێکیان تەلەفۆنێکم بۆ هات کچێك بوو، کە دەستی بە قسەکردن کرد هەستت بە ترس دەکرد لە قسەکانی دا، منیش ڕێگام دا و گوێم بۆ قسەکانی گرت و گوتی:

مامۆستا ئێمە چەند کچێك بووین لە یەکێك لە بەشەناوخۆییەکان کە بۆ زانکۆ و خوێندن لەوێ دەماینەوە، یەکێك لە خوشکەکانمان لەگەڵ کوڕێك دەستی بە قسەکردن کرد، ئێمە هەموومان ئامۆژگاریمان دەکرد کە دەست لەو کوڕە هەڵگرێ بەڵام سوودی نەبوو و بەردەوام لەڕێگەی مۆبایل و دواتریش چوونە دەرەوە لەگەڵ ئەو کوڕە بەردەوام بوو، کوڕەکە بەوە خۆی خستبووە ناو دڵ و مێشکی ئەو کچە کە دەچێتە داوای و دەیکاتە خێزانی داهاتووی، کوڕەکە وێنەی کچەکەی لابوو، وەکچەکەش بەهەمان شێوە، خۆشەویستیەکە زۆر زۆر بوو لەلایەن کچەکەوە بۆ کوڕەکە و بەردەوام ئەو کچە باسی ئەو کوڕەی بۆ دەکردین، ئێمەش هەردەم ئامۆژگاریمان دەکرد بەڵام هەر سوودی نەبوو، تا ئەوەی لێی دەترساین ڕوویدا، ڕۆژێکیان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵی کرد حاڵی پەشۆکاو بوو، پێم گوت: چیتە باش دیارنیت، ئەویش بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئەو کوڕەی کە خۆشم دەویست.

گوتم: ئێ!! گوێم لێتە بڵێ! گوتی: ڕۆژێکیان وەکو ڕۆژانی تر لەگەڵ یەکدا چووینە دەرەوە، بەڵام ئەوجارەیان جیاواز بوو، لە ڕۆژەکانی تر، منیش گوتم: جیاوازییەکە چ بوو؟، گوتی: ئەو کوڕەی کە خۆشمدەویست

داوای ئەوەی لێمکرد، تا لەگەڵی جووت بم، گوتم: ئێ! ئەتو چیت کرد؟ ئەویش گوتی: من ڕازی نەبووم و خۆم نەدا بەدەستەوە، ئەو کوڕە زۆر هەوڵیدا بەڵام من هەر ڕازی نەبووم هەرچەندە ئەو بەڵێنی هاتنە داخوازی پێ دام تا ڕازیم بکا بەڵام من هەر خۆم نەدا بە دەستەوە، لەگەڵ خۆشەویستەکەم یەکترمان جێهێشت، دواتر خۆشەویستەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم هەڕەشەی وازهێنان و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێکردم، منیش خەریك بوو شێت بم، ئەو کەسەی کە خۆشم دەویست ئێستا چیم پێدەڵێ! بۆیە هەستم کرد وورده وورده ئەقڵم لەدەست دەدەم، بۆیە بڕیارمدا خۆم بکوژم ئەوەبوو خۆم دەرمان خوارد کرد و ئێستا دکتۆرەکان کەمتر لە هەفتەیەکیان بۆ داناوم، زۆر پەشیمانم بەڵام تازە کات بەسەرچوو. کچەکە دەڵێ مامۆستاگیان ئێستا ئەو کچە لەژیان نەماوە و جێی هێشتین، بەڵام براکانی گومانیان لە مردنی خوشکەکەیان هەیە و بەردەوام پرسیاری ئەوە دەکەن کە خوشکەکەیان هیچ کێشەیەکی هەبووە؟ ئێمەش ناوێرین و ناتوانین ڕاستیەکە بڵێین، لەبەرئەوەی کوڕەکەش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەو شتە ئاشکرا بکەن هەمووتان دەکوژم، ئێستا ئێمە تێدا ماوین نازانین چی بکەین و ڕوو لەکوێ بکەین.

لێرە قسەی ئەو کچە تەواو بوو، بەڵام کێشەکان بەردەوامن و چەندینی تر وا لەڕوودانن، بەڵام دەپرسم خوشکەکانم ئەگەر پیاوێك بە حەرامی تۆی بوێ بە حەڵاڵی چۆن تۆی دەوێ......!؟

برایەك گوتی: زۆر کچ دەناسم بەهۆی دووری لەکەس و کاریان و دووری لە دین و نەبوونی بیروباوەڕێکی پاك و نەترسان لە پەروەردگار دەستیان بەکاری داوێن پیسی کردووە جا بەشێکیان هەر بۆ حەزی خۆیان و بەشێکی تر بۆ پارە پەیداکردن، جا ئەوانەی بۆ پارە داوێن پیـــسی دەکەن لەگەڵ هەموو کوڕێك دەردەچن، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن خەرجی زانکۆ و خواردن و پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن.

کچێکی بەشە ناوخۆییەکان بەم شێوەیە باسی ژیانی خۆی دەکات لەگەڵ هاوڕێ کچەکانی و دەڵێت: چوار ساڵی زانکۆ لەگەڵ پێنج کچ بووم، زۆر باش بوون هەموویان بەرامبەر یەکتر خۆیان وەک ئەندامی یەک خێزان حیساب دەکرد، کچێک هەبوو لە بەشی ناوخۆییەکەمان زۆر بەناز دیار بوو، کە هاتە بەشە ناوخۆییەکەمان قۆناغی دوو بوو، بەڵام نازانم لەچ بەشێک بوو، بەس ناویم بیست بوو، کچێکی جوان بوو، ڕوو بەڕوو ئەت بینی لەو وەسفانە نەئەچوو کە جارجارە دەربارەی ئەمان بیست، حەزم ئەکرد ڕۆژێك لە نزیکەوە لەگەڵی بکەومە قسەکردن، کەمێک قسەی بۆ بکەم، چونکە کوڕ ئەوە ناهێنێ ژیانی خۆتی بۆ بفەوتێنی و خیانەت لە دایک باوک و برا بکەی، بەڵام رێک نەدەکەوت، تاکو شەوێکیان بینیم بە کامێرا قسەی لەگەڵ کوڕێک ئەکرد، رەفتارێکی ناشیرینم لێ بینی دوای ئەوە شەویکی تر سعات یازدەی شەو بینیم لەسەیارەیەک دابەزی و کوڕێکی لەگەڵ بوو،

بەرزی كردەوە بۆ سەر دیواری حەوشەی بەشە ناوخۆ، بەو شەوە لەبەرزی دوو مەترو نیو زیاتر ئەبوو، خۆی فڕێدایە خوارەوە، بڕیارم دا وازی لێ بێنم، داخی گرانم ئەوەبوو لە زانكۆ لەچكی بەسەرەوە بوو پانتۆڵ و شتی كەمێک درێژی ئەكرد، دوای ماوەیەک بیستم هاوسەرگیری كردووە، گوتم: سپاس بۆ خوای گەورە، گوتی: باوكم زۆر پێی ناخۆش بوو، شووم بەم كوڕە كردووە، بەڵام سوێندی خواردوە كێشەم لەگەڵی هەبێت، بۆم نیە بچمەوە ماڵی باوكم، بەداخەوە ماوەیەک پێش ئێستا لەگەڵ پیاوەكەی كیشەیان دەبێت، و دەڵێت: دەڕۆم بۆ ئەوروپا كچەش لە داخان خۆی سووتاند، چونكە گەڕانەوە بۆ ماڵی باوكی قەدەغە بوو، دوای چەند ڕۆژێک گیانی لەدەستدا، ئەمەش نموونەیەكە لەو كچانەی دوای چەندین چوونە دەرەوە لەگەڵ كوڕانی داوێن پیس ئەنجامەكەی بوو.

ئەمانە بەشێكن لە ڕووداو گەلێكی حەقیقی و ڕاست كە كچان بوونەتە قوربانی و ژیانیان فەوتاوە لە زانكۆ و بەشە ناوخۆیەكان، ئێمە لە پێناواللَّه دەستەكانمان ماندوو دەكەین، پەنجەكانمان هیلاك بوون، ئەوەندەی بنووسین سوێن بە اللَّه لە خەمی ئێوەمانە، چونكە ئێمە موسڵمانین و بۆ یەكتر ئەبینە یەک جەستە بۆیە زانكۆ و خوێندن و چوونە دەرەوە فیتنەیە بۆ ئافرەت، وە خوشكی من زۆر ئاگاداری هاوڕێ كچەكانی بەشە ناوخۆییەكان بە،

ئەوانەی لەگەڵت دەبن لە ژوورەوە بەیەکەوە نان ئەخۆن و ئەخەون، ئەمە خوشکێکی خوێندکاری زانکۆ لە بەشە ناوخۆییەکان باسی خیانەتی هاوڕێ کچەکەی دەکات و دەڵێت:

ئەوەی من باسی دەکەم نەک کچ لەگەڵ کوڕ بێ بەڵکو متمانەی زۆرم بوو بە کچە هاوڕێکەم، من لە بەشە ناخۆیی بووم، لەگەڵ کچێک زۆر زۆر هاوڕێ بووم، من عەبام ئەکرد و ئەو سفور بوو، کچێکی زۆر ڕوو خۆش و باش دیار بوو، زوو زوو دەهاتە ژوورەکەمان و لە هەمان بەش و گرووپیش بووین، وردە وردە تێکەڵ بووین و بوینە هاوڕێ، تاکو وای لێ هات بەردەوام بەیەکەوە بووین، جار جار باسی ژیانی خۆی بۆم دەکرد کە کوڕێکی خۆشدەوێ و پەیوەندی لەگەڵی هەیە، لە هەمان کاتدا ماڵەوەیان کردبوویانە دەزگیران لەگەڵ کوڕە پورێکی و بڕیار بوو دوای خوێندن مارە بکرێ لێی، بۆیە پێم دەگوت: مادام تۆ دەزگیرانت هەیە واز لەو کورەی تر بێنە بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە تۆزێک ساردی کەوتە نێوانمان، ڕۆژێک ژمارەیەك تەلەفۆنی بۆ کرد کوڕی پوری بوو، گوتی: من نەمزانی بوو ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی تر هەیە، منیش گوتم: ئەوە هیچ پەیوەندی بە منەوە نیە من زۆرم ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. گوتی: خوشکی من ئەو کچە نەک لە من لە تۆ و لە هاوڕێکانی تریشتان خیانەتی کردوە! گوتم: چۆن چی کردوە؟

گوتی: ئەو کاتانەی ئێوە لە بەشە ناوخۆییە بوون و لە چکتان بەسەرەوە نەبووە یان جل و بەرگی تایبەتی ئافرەتانتان لەبەر بووە، ئەو هەستاوە ڕسمی گرتون و بۆ منی ناردوە باوەڕم پێی نەکرد، گوتی: خوشکەکەم تۆ لەو جۆرە جلەت نیە لەوە و لەوەت نیە گوتی: قژت ئەو جۆرەیە، گوتم: بەڵێ. گوتی: بەخوای گەورە لە خۆمەوە قسە ناکەم هەتا هەندێک سیفات و جلی هاوڕێکانی تریشمانی باس کرد، منیش زۆر ترسام ڕاستی، جا پێی گوتم: مەترسە من کوڕێکی خراپ نیم مۆبایلەکەم فۆڕمات کردووە، هیچ شتێکم پێ نەماوە پەیوەندی بەو کچەوە هەبێت، تەنیا ویستم ئاگادار بن هاوڕێیەتی کەسانی ئەوا نەکەن، ئێوە پاکن باسی ئێوەی کردوە با کەسی وەک ئەو پیستان نەکات، گوتم: زۆر مەمنون برام، بەڵێ من ئەوە بەسەرم هاتووە تکایە کچان قەت نەڵێن ئەوە داخلیە و پیاوی لێ نیە با جل و بەرگیان هەر داپۆشراو بێت، هەتا دەتوانن متمانە نەک بە کوڕ بە کچە هاوڕێکانیشتان نەکەن زۆر جار کچەکان لە کوڕەکان خراپترن، بۆیە ئەو ڕووداوە بە جۆرێک کاری لە ژیانم کرد، دوای ئەوە بۆ خەوتنیش لەچکم لەسەر بوو لە داخلی زۆر بە کەمی ڕەسمم دەگرت لەگەڵ هاوڕێکانی تریشم، ئەو کچە هەوڵیدا نزیک بێتەوە لێم جارێکی تر، زۆر گوتی: بۆچی وا ساردی لەگەڵم جوابم نەدایەوە تا وازی هێنا.

بۆیە دەبێ زۆر ئاگاداری ئەو کچانەبی کە لەگەڵیان ئەمێنیتەوە لە داخلی چونکە هەندێکیان لەگەڵ ڕێزم بۆ کچە باشەکان حەزیان لێیە کوڕان پێیان ڕابوێرن و لەگەڵیان بچنە گەڕان و ڕابواردن هەرچی الله پێی ناخۆشە ئەیکەن.

کەوایە ئەی خوشکی بە شەرم و حەیام دەبێ زۆر چاوکراوەبی، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ فێلت لێ بکات، چاوکراوەش نابێ بەتەواوی تاوەکو شارەزای بیروباوەڕی ئیسلام نەبیت، چونکە ئیسلام ژیری دەبەخشێ بە مرۆڤ، کە چاک و خراپ، ئاو و ئاگر لە یەکتری جیا بکاتەوە، بۆیە ئەگەر بتەوێ کەسەکان بناسی بە چاک و خراپیان ئەوە؛ دەست بە ئیسلام و فێربوونیەوە بگرە، تاکو دووربی لە کێشە و ناخۆشیەکان، ئەوەتا کچێکی خوێندکاری زانکۆ چۆن باسی هاوڕێکانی دەکات و یەکێک لەو کچانەی لە داخلی لەگەڵیان بووە چۆن دەستی لەگەڵ کوڕەکان تێکەڵ کردووە، ویستوویەتی کچانی تریش فێری داوێن پیسی و زینا بکات، بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

هاورێیەکی کچم هەبوو، هەر بە رووخساریەوە دیار بوو کە کەسێکی فێلباز و خۆبەدەرە، زۆربەی جار قسەی هیچ و پووچی دەکرد، پارە گرنگترین شت بوو بۆی، وە هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕانە دروست دەکرد کە دەوڵەمەند بوون،

بەتایبەتی ئەوانەی خوێندکاری زانکۆ بوون، ئەویش هەر خوێندکاری زانکۆ بوو، جگە لەوەش هەوڵی دەدا پەیوەندی خۆی بەهێز بکات لەگەڵ مامۆستاکانی زانکۆش.

لە داخلی بەیەکەوە بووین، واتە لە یەک ژوور بووین لەگەڵ دوو کچی تر، هەموو کات خواردن و شیرینی بۆ ئەو دەهات، یەکەمجار نەمان دەزانی کێ و بۆچی ئەو شیرینی و خواردنانە بۆ ئەو کچە دەنێرێت، وە هیچ کات لێمان نەپرسی کێ ئەو شتانەی بۆ دێنێت.

دوای ماوەیەک درکمان بەوە کرد کە ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ زۆر کەس هەیە، نەک پەیوەندیەکی ئاسایی بەڵکو پەیوەندیەکی جەستەییش هەبوو، چونکە لە بەیانیەوە لە داخلی دەڕۆیشت تاکو ئێوارە نەدەهاتەوە، هەموو ڕۆژێ ئەوە حاڵی بوو، کە دەهاتەوە ڕوومەت و سینگی شین و مۆر بوو، هەر دیار بوو کە لەگەڵ کوڕ ڕای بواردووە، ئێدی کە حاڵی ئەومان ئەوها دیت ئێمەش ترساین، چونکە یەکەم ساڵی خوێندنمان بوو لە زانکۆ و شارەزا نەبووین و نەمان دەزانی چۆن خۆمان بپارێزین.

ئەو کچە زۆر فێڵباز و زمان پاراو بوو، بە یەک قسە دەیتوانی فێڵت لێ بکات و هەڵتخەڵەتێنێ، وە بەوشێوەیەش بوو، هەوڵی دەدا ئێمەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، زۆر جار ئەکاونتی کوڕێکی بە من و هاوڕێکانی لەگەڵم بوو نیشان ئەدا،

دەیگوت: قسەی لەگەڵ بکەن کوڕێکی چاکە بەڵام من و هاورێیەک رەتمانکردەوە کە پەیوەندی لەگەڵ هاورێکانی ئەو دروست بکەین، بەڵام هاورێیەکەی ترم وای نەکرد و گوێداری بوو بەداخەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو دوو کچە زیاتر لێک نزیک دەبوونەوە، لە داخلی بەیەکەوە دەچوونەدەر و بەیەکەوەش دەهاتنەوە، من و هاوڕێکەی ترم هەوڵماندا کە ئاگاداری ئەو هاوڕێ کچە بکەینەوە کە گوێداری کچە خراپەکە بوو، بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە، ئەویش دەیزانی کە کچێکی خراپە و نیەتی باش نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کچە بێ ڕەوشتە بەپارە ئەو هاوڕێیەمی هەڵخەڵتاندبوو، نەیدەتوانی لێی دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەویش کەسێکی هەژار بوو نەیدەتوانی مەسروفی داخلی و زانکۆ بەو پارەیەی کە ماڵەوەی پێی دەدەن بباتە سەر.

کچە نیەت خراپەکە هەموو جارێک پارەی بۆ دەهات وەکو مانگانەیەك ئەویش نیوەی دەدا بەو هاوڕێیەم، وا خۆی پیشان دەدا کە دڵسۆزیەتی و لە خەمیەتی بۆیە پارەی پێ دەدات، بەڵام نیەتێکی تری خراپی هەبوو.

هەر بۆیە ڕۆژێکیان بڕیاریان دا کە پێکەوە بچنە شارێکی تر، تاکو کاتێکی خۆش بەسەر ببەن بە هاورێکەمی گوتبو: بە تەکسیەک دەچین و دێینەوە ئەویش گوتبوی: باشە بە تەکسی دەچین و دێینەوە، بەڵام وا نەبوو، ئەو هاوڕێیە بێ ڕەوشتە پلانێکی دانابوو لەگەڵ دوو کوڕ کە بەیەکەوە بچنە سەفەر، هاورێیەکەم ئاگاداری ئەو پلانە نەبوو تا سواری تەکسی بوون،

کە بینی دوو کەس لەناو تەکسین و ئەو کچەش دەناسن، واتە تەنها ئەو ئەوانی نەدەناسی. ئەو نەیدەزانی چ بکات و زۆر ترسا بوو دەیزانی شتێکی خراپ روو دەدات، بۆیە یەکسەر ترسی خۆی پێشانی ئەوان دا و بەوان گوتبوو سەیارەکە بوەستێنن من دەگەڕێمەوە بەڵام ئەوان گوێیان بە قسەی ئەو نەدا، دوای چەند قسە و مناقەشێک لە جێیەک وەستابوون، لە سەیارەکە هاتنە خوارەوە و بووە شەڕ و هاوار لە نێوانیان، کوڕەکانیش بەس سەیریان دەکرد و بێدەنگ بوون بەرامبەریان.

لێرەدا پلانی ئەو کچە ڕەوشت پیسە ئەوە بوو کە ئەو کچە ببەن بفرۆشن مامەڵەی سێکسی لەگەڵ بکەن، بۆ ئەو دوو کوڕە، واتە ئەو دوو کوڕانە ئاگاداری ئەو پلانە بوون، بەڵام ئەو کچەی هاوڕێم ئاگای لەو شتە نەبوو.

یەکێک لەو کوڕانە کە زانی کچەکە ئاگای لە هیچ نیە و بە مەبەستێکی تر تێگەیشتووە و هاتووە، بۆیە هیچی لێ نەکرد و دەستی لێنەدا.

یەکسەر گەڕابوونەوە بۆ داخلی، کە هاتنەوە یەکسەر هەستمان کرد کە شتێک بووە، زۆر لێمان پرسی چی بووە؟ بۆ وا زوو گەڕانەوە؟ چیتان کرد؟ سەفەرتان چۆن بوو؟

یەک وەڵامان دەست نەکەوت، وە ترس لە ڕووی هەردووکیانەوە دیار بوو، ئێمەش زیاتر لەسەری نەڕۆیشتین، هەر لەو ڕۆژەوە ئەو هاوڕێیەم خۆی لەو کچە خراپە دوور کردەوە و پەیوەندی خۆی لەگەڵی بڕی، ئێمە

شۆک بووین چۆن دوو کەس کە پێشتر زۆر تێکەڵ بوون و هەموو شتێکیان پێکەوە بوو و ئێستا وەکو دوو کەسی بێگانە وان!؟

دوای ماوەیەک من هەوڵمدا خۆم نزیک بکەمەوە لەو هاوڕێیە بەدبەختەکەم هەوڵمدا یەکەمجار من باسی کێشە و ناخۆشی و ئازار و خەمەکانم بۆی بکەم، بێگومان ویستم رێگەیەک دروست بکەم، یان دەرفەتێک دروست بکەم تا ئەویش ئەوەی لە ناخیەتی بۆم بڵێت، چونکە دوای ئەو ڕۆژە زۆر گۆڕا بوو هەمیشە خەمبار بوو هەمیشە بێ تاقەت بوو، دەبوایە شتێکم کردبا، لە خۆمەوە دەست پێکرد، تا وای لێهات هەموو شتەکانی ئەو رۆژە بە من بڵێت.

زۆر هەوڵمدا کە رازی بکەم بچێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، بەڵام قبوڵی نەکرد، ئەو شتە وەکو نهێنیەک لە نێوانمان مایەوە، ئەو ڕێگەیەکی تری هەڵبژارد و بەردەوام بوو، بەڵام ئەو کچە ڕەوشت پیسە هێشتا بەردەوامە لەسەر کاری خۆی، هەر بەدوای کاری خراپ و خراپەکارییە.

بەڵێ ئەمە بوو سەرنجامی هاورێی خراپ، بۆیە دەبێ هەموو کات ئاگاداری هاوڕێکانمان بین بۆ ئەوەی ئێمەش تووشی خراپەکاری نەبین.

بە هەمان شێوە خوشکێکی خوێندکاری زانکۆ بەدرێژی باسی ژیانی زانکۆ و بەشە داخلی کچانی کرد کەچی ئەگوزەرێ لەو پرۆسەیە، بۆیە گوتی: من جگە لە ماڵی خۆمان و چەن خزمێکی نزیک تێکەڵاویم لەگەڵ

هیچ کەسێکی وانەبوو بەس ئامانجم ئەوە بوو لە پۆلی شەش نمرەیەك بەدەست بهێنم و بەشێک تەواو بکەم.

بیرمە یەکەم رۆژ کە چوم بۆ زانکۆ بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکان جلێکی داپۆشراو لەگەڵ لەچێکێکی توندم لەبەر بوو.

ڕۆژانە لەچکەکەم بەرە بەرە لە توندی نەئەما جاری وابوو پانتۆڵ جاری وا بوو قژم دەرەکرد، ئەو کچانەی کە هاوڕێم بوون لە زانکۆ چۆن بە شێوازی جوان و باو میکیاجیان ئەکرد خۆیان ئەگۆری بێگوێدانە ئەوەی جلەکە کورتە، تەسکە منیش کردم بەڵام هێشتا بەشێکی شەرمی خوای گەورەم هێشتبوەو بە تەمەنم دەستم بەر دەستی هیچ کەسێکی حەرام نەکەوتوە لە سەفەرەی زانکۆ هاوڕێکانم بە شەش و حەوت کچەوە لە ریزی شان هەڵتەکاندن و تێرکردنی نەفسیان چەن جار پێیان گوتوم: بە زۆر منیان بردوە بۆ هەڵپەرکێ بەلام لە بەر خوای گەورە ڕووم نەهاتوە دەستیان بگرەم، و نەم کردوو ئەوە شتێکە تا ئێستاش سوپاسی خوای گەورە ئەکەم لە ناو کوڕەکان وا بڵاوبوە کە من تاکە کچم لە (١٠٥) خوێندکار کە هەڵپەرکێ و هەندێ رفتاری دوور لە ئافرەت ناکەم لە کۆتایی مەرحەلە یەک قەدەری خوای گەورە وابوو کە دەست بکەم بە خوێندنەوەی کتێب لە کتێبی ئاینی چووم بۆ کتێبی تر پێم ناخۆش بوو کە من وا دوورم لە خوای گەورە چەن جار ئازاری وێژدانم ئازاری دڵم نەی هێشتوە ئاسوودە بم بەوەی جلەکانم بە حەزی نەفسم ئەکرد.

لەگەڵ هاوڕێیەکم پەیوەندیەکی زۆر باشمان هەبوو وای لێ هات بیر و باوەرمان دەر بارەی دین ئاڵوو گۆڕ بکەین، چونکە هەر دووکمان خوێنەر بووین، ئەو کە لە تەمبەڵی کە نوێژ و ڕۆژوو نەئەکرد لە بەر تێرکردنی نەفسی چەن شتێکی ئەکرد وای خستبووە مێشکمان کە دۆزەخ نیە، هەر تەنیا بەهەشتە و بەس بەهەشتی جۆراو جۆر منیش کە ئەو کتێبانەی ئەم خوێندەوە ئەم گوت خوا بەو گەورەیەی خۆیەوە دۆزەخی نییە تا ساڵێك زیاتریش ئەو فکرەمان هەبوو.

خەڵک ئەچێ بۆ زانکۆ هەڵەیەك ئەکات من پێشی بێ ئیمان بووم کاتێک کە چومە زانکۆ و چومە داخلی وەک پێشتر نامێنیتەوە چی لە ڕوی جل و بەرگ چی لە ڕووی دینەوە.

ئاخر ئەوە ئاسانە لەگەڵ چوار پێنج کچی تر تێکەڵ ئەبیت شەو رۆژتان پێکەوەیە من سەرەتا لەچکم قەپات بوو جل و بەرگم باش بوو، بەڵام بەهۆی کاریگەری کچەکانی دەووروبەرم زیاتر گرنگی دان بە میکیاج و جلی مۆدێل و نمیچە ڕووت و خۆ جوانکردن بۆ زانکۆ مەژغوڵ بووین، هەر کچەو پەروەردەی ماڵێکە من بە نیو سەعات لە ماڵ هیچ کات دوور نەبووم کچ هەبووە لە بەشە ناوخۆی بە مانگ نەچۆتەوە دایک و باوکی پێی نەوتوە بیرتەکەم وەرەوە بۆ ماڵ.

یەکەم ساڵی زانکۆ بەفر باری گوتیان: ئەچین بۆ شەڕە بەفر منیش کچەکانی ژورەکەم هەموو یان ئەچوون منیش ناچار بووم هەر کە چووین من وام ئەزانی کە چەن وێنەیەک ئەگرن و تەواو ئاخر من هیچ کاتێک شەرە بەفرم نەکردووە بە کچ و کوڕەوە بە بیانووی شەرە بەفر باوەش و لە ئامێز بەیەکدا کردن و یەکتر گرتن ڕاکردن بە دوا یەک زۆرم پێ سەیر بوو شۆک بووم، سەیریانم ئەکرد تۆپەڵێ بەفربەرەو ڕوم هات هی کورێکی بەشەکەمان بوو کە من سڵاویشم لێ نەکردوە پێم گوت: ئاخیر جارە شتی وا بکەی، گوتی: هاتنە ناو بەفر یانی شەرە بەفر چی خۆشتر لەگەڵ گروپی خۆتا بیت،

کۆتا جار بینیم ئەو کورە سێ کچی بە گیر هێنابوو کە شەرە بەفریان ئەکرد، یەکێک لە کچی بەشەکەمان گوتی: کوڕەکانی خۆمان جوان نین ئەوە چییە سەیری ئەو بەشە بکە کوڕەکانیان چەن جوانە من ئەچم بۆ ئەوێ شەرە بەفر دەکەم چوو لەگەڵ کورێکیان شەرە بەفری کرد تاوای لێ هات ناوی زانی و فەیسبوکی یەکتریان کەوتە لا ساڵێک قسەو نەفس تێرکردن و وێنە ناردن، کچەکە گوتی: وازمهێنا ئالودەی خۆمم کرد و داوای خۆشەویستی و زەواجی کرد من رازی نەبووم! ئینجا من و هاوڕێیەکم ئەوەمان خستە دڵمان کەخوای گەورە بەهەشتی هەیە بەس دۆزەخی نییە، ئەم بۆچوونە ڕێگایەکی باش بوو بۆ ئێمەی نەفام کە جل بە دڵی خۆمان بکەینە بەر،

زۆر جار چەندین هەڵەی وەک باس کردنی خەڵکی غەیبەت کردن بکەین و بە گوناحی دانەنێین کەس لە ئێمە لە ناو ئێمەدا شارەزای ئاینی ئیسلام نەبوو تا ئەوانی تریشی پێ ئاگادار بکاتەوە، ئەبوایە هەر کچە و هاوڕێی کوڕی هەبێت کە بەشانازی و بە پۆزەوە باسیان ئەکرد کە ئەوە لە ئیسلام ڕێگە پێ نەدراوە، هیچ هاوڕێیەتیەکیش تا سەر نیە هێشتا وامان ئەزانی داخلی و زانکۆ خۆشترین شوێنن کە خەونمان بوو لە هەندێک شتەوە بۆم ڕوون بووە کە ئەمانەشی تێدایە ئەکرێت، بەداخەوەم.

ئینجا لە بیناکەمان کچێکی تێدا بوو زۆر بە ڕەوشت و بە ئەدەب بوو بە هۆی کێشەی ژوور ئەو مەرحەلە یەک بوو کەوتە ژورێک کە بەس یەک دوو کچی مەرحەلە چواری تێدا بوو، کە بە خراپ باس ئەکران دوای ماوەیەک کچە بە ئەخڵاقەکە رفتاری گۆڕا و بێ شەرم بوو خوێندکاران خۆیان لێ دوورەختەوە لەناو کۆمەڵە خوێندکاران باسی شتی بێ شەرمی ئەکرد دوای چەن مانگێک گوتیان: دەستی تێکەڵکردوە لەگەڵ ئەو کچەی ژووریان کە هەموو داخلی و چاودێر ئەیان ناسی چ بێ ڕەوشتێک و لەش فرۆشێکە کە یەک و دووی شەو ئەهاتنەوە بە سەیارەی مۆدیل بەرز ئەیان گەیاندن دوانزەی و یەکی شەو ئەیان گوت: لە چایخانە بووین وای لێ هات ئەخلاق و هەموو شتێکی ئەو کچە تێک چوو کە مامۆستاکانی بەشەکە هەندێ قسەیان پێ ئەگوتن:

بە هیچ کچێکی تریان نەئەگوت بۆ بێتاقەتی خۆیان و تێرکردنـی نەفسـیان بە سەعات قسەیان ئەکرد، لە کۆتایدا زانی چی کردوە چی غەڵەتێکی کرد هەموو کەس باسی ئەکرد جارێک بینیم گوتم: هەموویان باست ئەکەن بۆ وات لە خۆت کرد بە چاوێکی سوک قسەت پێ ئەڵێن هیچ وەلامی نەبوو. هەموو خۆشەویسـتیەکی زانکـۆ و پەیوەندیەکـە مەرج نیـیە تـا سـەر بـێ کاتێک تۆ پاکی چی لە هاوڕێیەتی یان خۆشەویستی بکەی ڕەنگە کەسـی بەرامبەر وانەبێ و فێڵ بـاز و سـاختەچی بـێ و بەدوای داوێـن پیسـی و ڕابـواردن بـێ، ئەوەم بـۆ ڕوون بـوویەوە نابێـت مـتمانە بە هـیچ کەسـێک بکرێت؛ کەسێک کە موسڵمان بێ رەنگە لە بەر خوای گەورە هەندێ شت نەکات بەڵام گەر کەسێ وانەبێت ئەتوانێ زۆر شت بەدڵی خۆی بکات بێ گوێدانە ئەوەی چیت لێ دێت و کچیەتیـت لەدەسـت ئەدەی یـان لەڕوی دەروونیەوە یان چەن ئەڕوخێی.

هاوڕێیەکم زۆر بێـدەنگ و بـوو بە شـەرم بـوو بەژداری خـولێکی کـرد و لەوەوە کوڕێکی ناسی ئیتر خەریکی مـۆدیلات و شـتە دونیایەکـان ئەبـوو بووبە سفورێکی زۆر تەواو چەن جارێک ئەو لە داخلـی بـوو کـوڕەکە لە ناو شار بوو دەرچون و پیاسە و گەڕانیان ئەکرد ئەی گـوت: منـی خـۆش ناوێ ئەگریا، گوتی: ئەو کوڕە منی بۆ حەزو و تێرکردنی ئارەزووی خـۆی ئەوێت داوای چەندین شتی لێ کردووم، پێم گوتوە ئەو شتانە نـاکەم، ئەو هاوڕێیەم نوێژ و رۆژووی ئەگرت خەمبـاری و بێتـاقەتی زۆری بـۆ هێنـا،

بۆیە وازی لە هەموو ئەرکە ئاینیەکان هێنا، کە ئاشقی ئەو کورەکە بوو ئەو کاتە بە چاوێکی تر سەیری ئەکات بەسووکی دائەنێت، ئەمە وای کرد دوای ساڵ و نیوێک توشی نەخۆشی دەرونی قورس بوو دیسانەوە دەستی کرد بە نوێژ دوعای ئەکرد بەس خوای گەورە ئەو کورە لە چارەی بنوسێ ببێتە هاوسەری ژیانی نەبوو وازی هێنا بێ ئومێد بوو هەتا ئێستاش کەسێکی ئاسایی نییە و تێکچووە تا ئێستاش دڵ خۆش نییە بەختەوەر نییە و تووشی نەخۆشی نەفسی بووە.

نموونەیەکم بینی کە ئێستا لەوە تێگەشتم کە من لە چی هەڵەیەکی گەورەدام، قەدەری خوای گەورە وابوو کە لە یەکێک لە قۆناغەکانی خوێندن بکەوینە خولی دووەم چەن کچێك بووین پێکەوە یەکمان ئەناسی لە یەک بینا بوین، هەر کەسێکمان لە ژورێکی جیادا وامان دانا هەموومان شەوێک بچینە ژووری کچێکی ترمان بە ڕێکەوت، چوینە ژوری، گوتی: من لە ژورێکم بەس یەک کچی تێدایە ئەویش سەعی ناکات هەر خەریکی تەلەفونە لە ژووری ئێمە کۆ ئەبینەوە، شەو چوینە ژور کچێکی قەڵەو دەم و چاوێکی زۆر جوانی هەبوو، لە شوێنی خەوتنەکەی دانیشت و تەلەفونی ئەکرد یەک پاکەت شیرینی گەورە لە بەردەمیدا بوو قسەکردن و پێکەنین و هەندێ شت وای دەرخست بۆم کە لەگەڵ کوڕایە، ئەو کچەی هاوڕێمان گوتی: من ئەمرۆ هاتووم بۆ ئەم ژورە، هەرشەوە و عەلاگە شتێك ئەهێنێتە ژور جارێک خواردنە جارێک شیرینییە،

هەر جارەو شتێکە، گوتی پرسیارم کردوە، گوتیەتی: ناسیاوێکمانە بۆم ئەهێنێ، گوتی: درۆ ئەکات لەگەڵ کوڕ زۆر تێکەڵ ئەبێ لەلای کچی تر گوتیەتی: بەیانیش موبایلم بۆ دێت هاتە لامان و قسەی کرد، کچێک بوو کە هیچ شتێکی لا گرنگ نەبوو بەس خۆشی و نەفس تێرکردن نەبێ، بەس خەتی کردەوە سێ نامەی کوڕمان بینی، گوتی: من ئەوە چەن ساڵە ئەکەوم بەس بۆ ئەوەی بکەوێتە داخلی و بە ئارەزووی خۆی بجوڵێ و هەڵسوکەوت بکات بەیانیەکەی کچەکەی ژوورەکەی گوتی: دوو قات شتی بۆ هاتوە بە پێکەنین و خۆ بادان موبایلیشی بە دەستەوە بوو، دوای من یەکەم جارم بوو کە شتی وا ببینم هەموو گیانم ئەلەرزی شەو تا بەیانی نەخەوتووم بیرم ئەکردەوە.

جارێك چوم بۆ لای کچێکی هاوڕێم لەوێ تێکەڵ بە ژورێکی تر بوون ئەم بینی وەک پێشتر لە شوێنێک دانیشتبوو خەریکی چات و تەلەفون بوو کچێکی مەرحەلە یەک گوتی: ئەوە چەن مانگە هاتوم دوو قسەی نەکردوە هەر خەریکی تەلەفونە بە پێکەنینەوە گوتی شتی باشیشی بۆ دێت.

شەوێک زۆر سارد بوو لەگەڵ دووسێ هاوڕێم هەندێ خواردنمان پێ بوو ئەبوایە بمان خواردایە لە شوێنێک چونکە لەدوو ژوری جیادا بوین ئێمەش ئەبوایە بچوینایە یەکێک لە هۆڵەکانی سەعی کردن، چەن هۆڵێک گەراین نزیکی چوار پێنجێک یان گڵۆپەکان ئیشی نەئەکرد یان داخرا بوو یان کچ سەعی ئەکرد، بەس هۆڵێک مابوو،

چوین هەندێک مێز درا بوون بەیەک گەر کەسێک لەودیوی مێزەکانەوە بوایە کەس نەی ئەبینی ژورەکە گەرم بوو دیاربوو کە کچی لێیە هاورێکانم گوتیان: با دانیشین من هەر گومانم لای ئەوە بوو کە چۆن گەرمەو کەسیش دیار نییە، دوو کچ لەو دیوی مێزەکان کە دیار بوو کاری بێ ئەخلاقیان ئەکرد کچ و کچ پێکەوە خۆیان تێر ئەکرد، کە گوێیان لە دەنگی ئێمە بوو چاویان بە ئێمە کەوت رەنگیان گۆڕا هیچ قسەیان نەکرد ئێمەش ئەوێمان جێ هێشت.

هەموو ئەمانە ئەوە بوون من بیرم لێ ئەکردەوە باشە خراپەکان بێ شەرمەکان دوای مردنیان شوێنیان کوێیە؟

لە ناو پازدە کچا پۆزوو لە خۆی بای بوون بەوە لێ ئەدرا کە قسە لەگەڵ چەن کوڕی گروپ بکەی چەندیان تۆی خۆش بوێت، کچەکان کۆ ئەبونەوە بۆ سەیرکردنی کوڕ، کچ بووە لە ناو ئێمەدا یەکەم جاری بوو کە فێر بکرێت دواتر گەیشتە ئەوەی کە پێش هەموو ئەو باسی ئەکرد.

ئینجا با هەمیشە نەڵێین خەتای کوڕەکانە، بەداخەوە کچانێك هەن بەدوای فیتنەن و پیاو و کوڕان هەڵدخەڵەتێنن و خۆیان حەزیان لە ڕابواردنە و پێیان خۆشە لەگەڵیان تێکەڵ بن و هەموو شت بکەن، ئەوەتا خوشکێك لە بەشە ناوخۆییەکان ئەڵێت: کچی وامان لەگەڵ بوو وازی لە پیاوان نەدەهێنا، لە پاڵ داخلیەکەمان پەڕاوگەیەك هەبوو، خاوەنەکەی پیاوێك بوو، منداڵیشی هەبوو بەس لەبەر ئەوەی پیاوێکی جوان و ڕێك و پێك

بوو، کچەك وازی لێی نەدەهێنا، هەمیشە خۆی جوان دەکرد و دەچووە دوکانەکەی قسەی لەگەڵی دەکرد و خۆی نزیك دەکردەوە بە هەزار بیانوی هەموو جار دەمگوت: بۆ واز لەو پیاوەی نایینی ئەوە ژن و ماڵ و منداڵی هەیە دەیگوت: کێشەی چیە ژنەکەی پێ تەڵاق دەدەم، هەتا لە کۆتایی ژنەکەی بە پیاوەکەی تەڵاق دا و ماڵێ ئەو کچەش ڕازی نەبون مێرد بە پیاوێك بکات کە ژنی تەڵاق داوە.

هەر لەو پەڕاوگەیەی شاگردێکی لێ بوو ناوی سامی بوو، سامی کوڕێك بوو، کە کچەکان زۆر پێیان جوان بوو وە هەموو کات عودی لێدەدا لە دوکانەکەی، کچەکانی داخلی زۆربەیان شەڕیان لەسەر ئەو کوڕەی دەکرد، دەیانگوت: بزانین کامە کچ ئازاترە و سامی ڕازی دەکات ببتە کەپڵی ئەو سامیەش تەماشا کەسی نەدەکرد، کچەکانیش تورە بووبوون پلانیان دانا یەکیان بە فێڵ بووە کەپڵی عەلی، کە عەلی زۆر برادەری سامی بوو، هەتا ماوەیەك ئەو کچە قسەی لەگەڵ عەلی کرد و زانیاری لەسەر سامی وەرگرت، ئەوکاتە زانیان سامی کەپڵی هەیە وە بەتەمایە بچتە داوای، بۆیە کچەکان ساردبوونەوە و وازیان هێنا.

ئەمە کورتەی قسان بوو دەربارەی بەشە ناوخۆی و داخلیەکان، بۆیە داواکارین لە خوشك و برایان ترسی الله تعالی لە دڵیان بێت و دوور بکەونەوە لە تاوان و سەرپێچی پێش ئەوەی ئاشکرابین و شەرم و حەیامان بچێ، و خەڵك بەچاوی سووك سەیرمان بکات.

## هۆکار چییە کچان دەبنە قوربانی سەرەکی..



سەرەتا خوی کچ وایە اللّٰه تعالی وای دروستکردوونە بە نازو مەکراوی و ناسک بن، حەزیان لە گرنگی پێدان و خۆشەویستی و ڕێزە، حەزیان بەوەیە دیاری و شتی ڕازاوەیان بۆ بکڕی، ئینجا ئەگەر پیاوەکەی جوانترین و قۆزترین و دەوڵەمەندترین گەنج بێ بەڵام گرنگی پێنەدات و خۆشەویستی بۆ دەرنەبڕی و ئیهمال بێ لە گرنگی پێدان، ئەوکات ئەو ژنە دڵی ئاسوودە و ئارام نابێ، ژیان و خۆشی و دەوڵەمەندی لای شتێکی بێ بەها و بێ نرخ دەبێ، لەنەبوونی گرنگی پێدان و خۆشەویستی پیاوەکەی هەست بە یەتیمی و بێکەسی ئەکات، بۆیە زۆرجا ئافرەت تووڕە و زیز بووە بە قسەیەکی خۆش و گیان و خۆ بەقوربانیکردنێکی پیاوەکەی ئاشت دەبێتەوە، یان بەکڕینی دیاریەکی بچوک و گرنگی دانێک تەواو گۆڕانکاری بەسەر دێ، ئینجا سەیری زۆری کێشەکانی ئێستا بکەین، بزانین بۆچی هەر ڕۆژەو هەواڵێکی سەیر دەبیستین، فلان کچ کوڕێک وای لێکرد، فلان لەسەر بلاوکردنەوەی ڤیدۆکانی کوژرا، فلان ژن چوار منداڵی هەیە و دەستی لەگەڵ فلان کوڕ و پیاو تێکەڵ کردووە، فلان پیاو شەوانە لەگەڵ فلان ژن ڕادەبوێرێت، ئەمانە و دەیان باس و خواسی تری قوربانیانی کچ و ژنان ئایە هۆکار چیە تەنها کچ و ژن دەبنە قوربانی، وەکو ڕای خۆم پێم وایە هۆکاری سەرەکی تەنها پیاوە،

ئینجا باوک و دایک و برای کچەکەن، کە دەبنە دەردەسەری و ناخۆشی و ژان، هۆکاریش کە دەڵێین برا و باوک چۆن لە بەر خۆشی و ئارەزووی نەفسیان هیچ ئاگایان لە ژن و کچ و خوشکی خۆیان نیە، نازانن کچ و خوشک و خێزانیان ئەوەندە تێنوی خۆشەویستین لەماڵی خۆیان کە لە دەرەوە یەکێ گوتی پێیان گیان وادەزانێت خەنی کراوە لەخۆشیان باڵدەگرێت و تینواتی دەشکێت، ئەوەندە بەتاڵن بۆ ئەوەی پڕ بن لە سۆز هەموو شت قبوڵ دەکەن، چونکە ئافرەت بونەوەرێکە سیفات و خوی وایە کە لە پێناو بەدەست هێنانی خۆشەویستی هەموو شت قبوڵ دەکات، ئینجا کچەی غەریب براکەی خەریکی گەڕان و پیاسە و چوونە دەرە تا نیوە شەو، دوای هاتنەوەی خەریکی موبایل و یاری پۆبجی و چاتی کچان دەبێ، باوکەکەش لەبەر ئیش و کار ئاگای لە کچی نیە، خەم و کێشەی چیە، یان کچ و خوشکی خۆیان هەر لە منداڵیەوە پەروەردە بکەن و فێریان بکەن اللّٰه تعالی چاودێرە بەسەریانەوە و ئیمان و تەقوا بخەنە دڵی کچە، بۆ ئەوەی هیچ کوڕێکی گورگ ئاسا نەتوانن زیانی پێ بگەیەنن، و ئەو ئیمانە ببێتە پەرژین و قەڵغان لە بەردەمیان.

بەداخەوە، کەوتووینەتە ڕۆژگارێک هەریەکەو خەمی خۆشی و ڕابواردنی نەفسی خۆیەتی، باوک لەبەر ژنەکەی خۆی ئاگای لە کچەکەی نیە، ها کچی شرینم چیت پێویستە، بۆت بیکڕم چیت دەوێ حەزت بەچیە، دایکەکە بە هەمان شێوە خەریکی خۆ خۆشەویستکردنە لای پیاوەکەی،

لە ناخ و ئازار و ئاواتی کچەکە تێناگات، یـان بـاوک و دایکـی بەردەوام شەڕو هەڵایانە پێک ناهێن بۆیە بێئاگان لە کچی داماویان، پاشان براکەی وەکو گوتمـان خەریکـی چـونە دەرە و پیاسـەیە لەگەڵ هاوڕێکـانی، یـان هەوڵی پەیداکردنی ژن دەدا و بەدوای کچ کەوتـووە، بـۆیە کـچە لە مـاڵ غەریب بووە، و هەست بە بێکەسی خۆی دەکات، کاتێ کە ئەچێتە زانکۆ، بازار، دەوامەکەی، یان بڕواتە خەت کوڕێـک نـامەی بـۆ دەنێـرێ بە دوو قسەی خۆش مەست و بێ هۆش دەبێت، وا ئەزانێت فریشتەی لە ئاسمان بۆ دابەزیوە، ئەوکات گیرۆدەی دەسـتی دەبـێ، و عاشـقی دەبـێ، کەسـی عاشقیش شێتە ئامادەی هەموو شت دەبێـت لە پێنـاو مەعشـوقەکەی ئەو کوڕەش بە ئارەزووی دڵی چڵکن و پیسـی یـاری بە هەسـت و جەسـتەی دەکات، و سەرنجام دەبێتە کێشەی شەرەف و قوربانی دەستی ئەم ناپیاوە، کە کوڕە تێربوو ئەڕوات کچی تـر هەڵبخەڵەتێنـێ و پـاروی تـری چەوری پەیدا بکات، سیفاتی پیاوی خراپ و زاڵم وەکو گورگە حەسوود و چـاو برسیە بە هیچ شێوە تێر نابێت چۆن گورگ هێـرش دەکـاتە سـەر کـۆمەڵە مەڕێک لە حەسودی و ڕق و کینە زۆربەی مەڕەکان ئەخنکێنـێ یەک دانە ئەخوات، بەهەمان شێوە پیاویش وایە ژن و ماڵی خۆی هەیە حەز دەکات لەگەڵ زۆربەی ئافرەت ڕابوێرێت و خۆشی ببینێت، ئینجا کوڕ و گەنجانی ئەم سەردەمە بێ ئیش و کار و دوورن لە دین، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی فەراغ و خۆشیەکانیان دەست دەکەن بە ڕاوکردنی کچەکان.

خەتاباری سەرەکی هەموو پیاوە، بڕوا بکەن ئافرەت غەریب و گوناهن، و زۆرینەیان دوورن لە سۆز و گرنگی پێدان و خۆشەویستی، بۆیە وەکو پیاو نـین، بەتـایبەت گەر کـچ بکەوێـتە دەسـت ناپیاوێـک، ژیـانی دەبێـتە پارچەیەک لە دۆزەخ و هەناوی دەسوتێنی و ئەی توێنێتەوە وەکو بەفـری بەر هەتاو، قژە ڕەشەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ تاڵە سپیەکان جێگای ئەگرنەوە، زوو پیر ئەبن ژیانیان ڕەش دەبێ و ڕەشتر لە هەموو ڕەشـیەک، هەمیشـە جـلە جوان و ڕازاوەکەیان بەنیەتی جلی تازیە و خەم و ئازار ئەپۆشن.

خۆشی لای وان سەفەری یەکجارەکی کـردوە و ناخۆشـی و ژان تەواوی جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە ناخۆش و بە ئازار لە هەموو ئازارێک ئەژین زۆرێک لە کچ و دایکانیش بوونەتە قوربانی خراپی باوکیان.

خوشکێك باسی حاڵی خۆی بۆ ناسیاوێکمان کردبـوو کە خـۆی و دایکـی چۆن تووشی باوکێکی زاڵم و دڵ ڕەق و نوێژنەکەر بوونە، بـاوکی تووشـی تلیاک و ماددەی هۆشبەر بووە، گوتی کاتێک دەرمانی تەواو دەبێ شـێت دەبێ لە هەمومان ئەدات، بەیانی لە بەر خەو لێی داوم لـووتی پـڕ خـوێن کردوم ئێستا گێژم، دایکم ڕۆیشتووە بە دوای خزمەکان بەهـاوارم بـێن کە باوکم دەمکوژێ، ئەیگوت دەستی دایکمی بریندار کردووە، و لە ژیانمـان خۆشیان نەبینوە، بۆیە دەیگوت بەهیچ شێوەیەک باوەڕمان بە پیـاو نـیە، و پیاو هەموو خراپن، دڵیان ڕەش بووە لە پیـاوان تـف و نەفـرەت دەکەن لە نێر، بەهۆی زاڵمی و خراپیانەوە، هەست و سـۆزیان بـۆ زەواج نەمـاوە و

ترس و دڵەڕاوکی زاڵبووە بەسەریان، بەهیچ شێوەیەک بیر لە شووکردن ناکەنەوە لەترسی خراپی پیاوان.



بۆیە داوامان لە باوک و برایانە چاویان لە خوشک و ژنی خۆیان بێ و ڕۆژانە، گرنگی و خۆشەویستی بێ سنوریان پێدەن و لێیان بپرسن چیان پێویستە بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک کەس نەتوانێ هەڵیان بخەڵەتێنێ، کە دووربوون لە سۆز و گرنگی پێدان و سەرەڕای ئەوەی پارەیان نەبوو ئامادەن هەموو شت بکەن لەگەڵ گورگی سک برسی و خنکێنەری خۆشییەکان.

بۆیە لە خراپی هەڵسوکەوتی باوک و برایان و نەبوونی سۆز و ڕەحم هانا بۆ کەسی تر دەبەن، وەکو گوتم کچ خوی وایە حەزی بە خۆشەویستی و گرنگی پێدانە و بۆ قسە و باشییەکی درۆینەی کوڕی گورگ ئاسا زوو هەڵدەخەڵەتێ، بۆیە سەرنجام دەبنە قوربانی، کە بوونە قوربانی ئیتر ژیانیان دەفەوتێ و ناتوانن شوو بکەن و دوودڵی و دڵەڕاوکێ زاڵ دەبێ بەسەری، لە کۆتایی نەخۆشی نەفسی ڕووی تێدەگات.

ئینجا خوشکی من ئەی ئەو کەسەی دووری لە هەموو خۆشەویستی و گرنگی پێدانێک پێش هەموو شتێک بۆ خۆت ژیرانە بژی، هەوڵدە خۆت شارەزای ئیسلام بکە، گەر تۆ خۆت هەوڵنەدەی و بەتەمای خۆت نەبێ و خەم لە دونیا و دوارۆژت نەخۆی دڵنیابە ژیانت دەفەوتێت بە ئازار و ناخۆشیەکانی ڕۆژگار بە تەمای باوک و براو دایکی ئیهماڵت بیت، ژیانت

خۆشی بەخۆییەوە نابینیێ چونکە هەر یەکێك لە باوك و دایك و برا و خوشکت هەموویان خەمی خۆیانە و کەس لە ماڵەوە پێت نالێ کچم قورئان بخوێنە، ها ئەو ئامۆژگاریە بخوێنەوە، یان ها کچم ئەم کتێبەم بە دیاری بۆ کڕیوویت یان ئامۆژگاریت بکەن لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێ (باوک و براو دایکی بەهەڵوێست) کە ماندوو هیلاکن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بەڵام مەبەستم ئەوانەن ئیهماڵن لە پەروەردەی ژن و کچیان، هەر خەریکی دونیا و خۆشی و هەڵاو بەزم و مۆدێلات، کۆکردنەوەی پارەن، جا دەبێ تۆی کچی ژیر خۆت هەوڵدەی زەخیرە و کردەوەی چاکە بەرێ بکەی بۆ دوارۆژت و شارەزای ئیسلام بی، گەر هەموو کەس تۆیان ئیهماڵکرد ئیسلامەکەت شارەزابووی بەرنامەی الله گەشبینی و وزە و هیوات پێدەبەخشی و وات لێدەکات لەسەر پێیەکانت بوەستی منەتت بە هیچ کەس نەبێت و لە دوارۆژ بەهەشت ببێتە شوێنت.

ئامۆژگاریم بۆ خوشکان و بۆ ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیریان کردوە، سەرەتا بۆ کچان ئەی کچی لاو ئەی ئەو کچەی ئاواتت ژیانێکی خۆش و بێ کێشەیە و ئاواتت ئەوەیە پیاوێکت هەبێ بە هەموو دونیات نەدات، ئەوە تەنها ئارام و سەبر بگرە و تەوەکول و یەقینت بە اللە تعالی بێت و هەر داخوازیەکت هات زانیت گەنجەکە دینداری ڕاستەقینەیە ڕازیبە پێی، دوو دڵ مەبە دڵنیابە خۆشی دونیات لای ئەو گەنجە سالیحەیە کە ئاوات و ئامانجی لەگەڵت ژیانە لە پێناو اللّٰه تعالی بۆیە لەگەڵت خراپ نابێ و

هانا بۆ کچی تر نابا و غەدرت لێناکات، بۆیە باشترین چارەسەر بۆتۆ لە دووربوونت لە ناخۆشی و ئازار و خەم و خراپی و ناز هەڵنەگرتنت لە ماڵەوە تەنها شووکردنتە بە کوڕی دیندار و ڕەوشت بەرز.

ئاموژگاریمان بۆ ئەو پیاو و ئافرەتانەی هاوسەرگیریان کردووە، ڕێز و قەدر و نرخی یەک بزانن و هەوڵدەن بۆیەک بژین و چاو و داوێنیانیان بپارێزن لە حەرام و شوکر و سپازگوزاری اللَّه بن کە ئێوە چوونەتە ژیان و ماڵ و منداڵ و خانوی خۆتان هەیە کەسانێک نیانە بۆیە هانا بۆ کاری خراپە مەبەن و غەدر و ناپاکی مەکەن بەرامبەر یەکتر، هۆکاری ناپاکی زۆربەی خیانەتەکان بۆ پیاو ئەگەڕێنمەوە، چونکە پیاو بە دەسەڵاترە لە ئافرەت دەبێ زۆۆر خۆشەویستی بدات بە خێزانەکەی و نازی هەڵگرێت و ڕێزی زۆر و خۆشەویستی بێ سنوری بۆ دەربڕێ بە کردەوە و بەقسەی خۆش، هەر بۆیە کاتێک سەیری دوو هاوسەر بکەین کێشەیان هەبێ پیاوەکە ئەڵێت بە باوک و براو کەسی ژنەکەی پارە ماڵ و نان و هەموو شتی هەیە لەچی کەم نیە و هەموو شتم بۆ تەرخانکردووە کچەکەتان هاربووە و بەهیچ ڕازی نیە، ئەم پیاوە تێناگات کە هاوسەری لە نازو سۆزی هاوسەریەتی بێبەشە، بۆیە ئافرەتەکە لەوانە شەرم بکات بڵێت ئەم پیاوەم ڕۆژێک قسەی خۆشی لەگەڵ نەکردووم، نەیگوتوە شاژنەکەم قوربانت بم هەموو کەسم یانی ئەو ژنە یەتیم کراوە لە ڕووی گرنگی پێدان و

خۆشەویستەوە، بۆیە نامورتاحە، ئاسوودە نیە و دڵی بەو ژیانە خۆشـنیە و بۆڵە بۆڵ دەكات، سەرنجام دەبێتە كێشە.



پیـاوی بەڕێـز و ئاغـای جوامێریشـی كەوتـۆتە دوای داوای شـەیتان و تێركردنی نەفسی بەڕابواردن لەگەڵ كچ و ژنان، وەكو گوتومان حەزی لێیە لەگەڵ زۆرترین ژن ڕابوێرێت بۆیە زۆر پیاوم دیووە، لە كۆڵان وەستاون و ژن و منداڵیان هەیە ئافرەتێك تێپەڕیوە بەیەكتریان گوتوە وای سەیركە لەو ژنە جوانە، چۆن دەبێ پیاو وابێ دەبێ شەرم بكات و پێی غەدر بێ لەنـاو سەد ئافرەت دابێ لە پێناو اللّٰه پاشان ژنەكەی حساب بۆ هیچ ژنی دونیـا نەكات، هەموو ژنانی دونیا بكاتە قوربانی خێزانەكەی خۆی، بۆیە كە پیاو وابو ئیمهال بوو لە خێزانەكەی ئەویش ناچار دەبێ هانا بۆكەسی تر ببات و فەراغی نەفسی پێ پڕ بكاتەوە، بە پیاوی دەڵێ سەبرمان نایەت خەتمان بۆ بكرە ئیتر كێشەكان لێرەوە قوڵتر دەبـنەوە ڕێگـای پەیوەنـدی بـۆ ژنەكە ئاسانتر دەبێت، ماوەیەك لەمەو بەر كوڕێك نامەی بۆ ناردم بـراكەم مـن خوشكێكم هەیە و پێنج منداڵی هەیە ئێستا زانیومـانە منـداڵی بچـوكی لە پیاوێكی ترە بە زینـا و لە ڕێگـای چـاتەوە كـابرای ناسـیوە، ئـایە جـائیزە خوشكم بكوژین، گوتم چۆن زانیوتانە و ئاوا دڵنیان، گوتی هەموو شـتمان بۆ ئاشـكرا بـووە و ئەو خوشـكەمان بەسـەرەدان گەڕابـوویەوە مـاڵمان بە موبایلی خوشكی بچوكم هـاتبوویە خەت لەبیـری كردبـوو لە فەیسـبوكی

خۆی بڕواتە دەر، دواتر چاتەکانمان هەموو بینیووە و بۆیە سەدا سەد دڵنیا بووینە کە منداڵەکە لە زینایە.



زۆربەی کێشەکان لە ئەستۆی پیاوە، سبحان الله پیاو چەند ئیهماڵ و خراپن گەر پیاو گرنگی بەخێزانی بدا چۆن غەدری لێدەکات، ئەو پیاوەی بە سۆز و ڕەحم و میهرەبان و گرنگی بە خێزانی ئەدات و ڕۆژانە لە خەم و ئازار و کێشەکانی دەپرسێ، ئەو ژنە چۆن دڵی دێ بڕوات بەدوای پیاوی تری گورگ ئاسا بکەوێت، وە هیوادارین ئەو ئافرەتانەی پیاویان ئیهماله و لەگەڵیان خراپن، زۆر جار ئەبیستین تەنانەت ئافرەتی مێرد داریش لەگەڵ کوڕێک یان پیاوێک دەستی تێکەڵ ئەکات، ئیتر ئەگەر هۆکارەکەی خەم لێنەخواردنی هاوسەرەکەی بێت یان ساردی و خراپی هاوسەرەکەی ئەوە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی تۆش خیانەت بکەیت و بەچات و نامەی دڵداری لەگەڵ کوڕ و پیاوی خەڵک دەست تێکەڵ بکەیت، ئەتوانی بەسەربەرزی داوای جیابونەوە بکەی نەک دوای پیاوەکەت بە سەرشۆڕی تەڵاقت بدات و لای کەسوکارت شەرمەزارت بکات کە داوێن پیسی و تۆ ببیتە قوربانی سەرەکی بۆیە هیوادارم تا ژیانتان خۆشە و بێ کێشەن شوکربن و گرنگی بەیەکتر بدەن.

## هۆکارێکی تر لە هۆکارەکانی بوونە قوربانی کچان....!



ئەو ڕاستیە ئەبێ بزانین کە زۆرینەی کچەکانمان کاتێک توشی هەڵەیەک ئەبن، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە تینوی تێرکردنی حەزە جنسیەکان نین، بەڵکو تینوی ناز و ڕێز و خۆشەویستی و گرنگی پێدانن، هەر بۆیە کاتێک ئەبینین کە کوڕێک دەیەوێ کچێک گیرۆدەی خۆی بکات و هەلی بخەڵەتێنێت، سەرەتا داوای زینا و چوونە دەرەوەی لێ ناکات و ناڵێت وێنەی خۆتم بۆ بنێرە!

بەڵکو سەرەتا گرنگی پێ ئەدات و نازی پێ ئەدات و گشت چرکە و سعاتێک لێی دەپرسێت، کارت و وەحدەی بۆ دەکڕێ، وای لێدەکات پێوێستی بە هیچ کەس نەبێ دەمارەکانی تەنها پێویستی بە خوێنی ئەو بێ، هەناسەکانی وا لێدەکا کە پێویستی بە ئۆکسجین نەبێ بەڵکو ئەو ببێتە هەناسەی و تەنها گیردۆدەی ئەو بێت، و پێی ئەڵێ خۆشی ئەوێت تا وا لە کچەکە ئەکات ژیانی واتە بوونی ئەو کوڕە، نەبوونی واتە مردن و فەوتانی، ئینجا کچەی داماویش وا ئەزانێ مەلائیکەتی بۆ دابەزیووە بەتەواوی متمانەی پێ ئەکات، و خۆی تەسلیمی ئەکات بە نەفس و لاشەکەیەوە، ئینجا دواتر هێدی هێدی هێرشەکان دەست پێدەکەن لای گورگەکە و داوای وێنە و چوونە دەرەوە لە کچەکە ئەکات و توشی فاحیشە و داوێن پیسی ئەکات و دواترش حەزە پیسەکانی خاڵی ئەکاتەوە

لەسەر کچەی نەزان و پشتی لێدەکات و جێی دێڵێ، یان دەیکاتە نێچیری خۆی هەرکات ویستی دەبێ ئامادە بێ لەگەڵی ڕابوێرێ و نەفسی پێی بەتال بکاتەوە ئەگەرنا وێنەو ڤیدۆکانی بڵاودەکاتەوە و حەیا و حیشمەتی بە بای گەرمی هاوین دا ئەدات و ژیانی ئەسووتێنێ و ئەیکاتە دۆزەخ، ئەمەش ناخۆشی و ئازارەی کچان لەوەوە دروست ئەبێت کاتێک باوک یان برا یان هاوسەری ئەو ئافرەتە پشت گوێ ئەخەن و بێ ناز و بێ خۆشەویستی ئەکەن.

هۆکارێکی سەرەکی تریش دایکە، چونکە دایک بەردەوام لە ماڵە و ئەبێت هەر لە منالی و زۆر بچوکی ببێتە هاوڕێی کچەکەی دەبێ کچەکەی فێر بکات کە هەرچیەکی هەبوو تەنیا بۆ دایکی باس بکات، دەبێ ئەوەندە خۆشەویستی پێ بدات کچەکەی تێ بگات کە دایکی باشترین و نزیکترین هاوڕێیەتی لەژیان، چونکە کچ ڕووبەڕوی هەر شتێک بێتەوە بۆ نموونە کوڕێک پێی بڵێی خۆشی ئەوێ گەر دایکی هاوڕێی نەبێ و ترساندبێتی ناتوانێت بۆی باس بکات ئەترسێ دایکی بڕوای پێنەکات، بەداخەوە بۆ دایکانێک بەردەوام خەریکی تیکتۆک و سناپ چات و چاتی بێ ئیشن، کاتیان بۆ کچەکانیان و گرنگی پێدانیان نیە، ئەوکات لە نەبوونی کەسی نزیکی دایک و برا و باوکی کێشە و ڕووداوەکانی پەنا بۆ کچێکی هاوڕێی دەبات و ئەویش نەزانانە ڕێنموونی ئەکات و ڕێی پێ نیشان ئەدات و ژیانی ئەفەوتێنێت.

بەڵام ئەگەر دایکی هاوڕێی بێت و عاقڵ بێت بەردەوام لێی نزیک بێ و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕاست و باشی بکات، وای لێ ئەکات هیچ حسابێک بۆ قسەی کوڕ دانەنێت.

ئەمە نموونەیەکە لە هاوڕێیەتی کچانی نەزان و جاهیل کە زۆر جار بەهۆی ڕێنمایەکانیان ژیانیان دەفەوتێت، ئەمە ڕووداوی ڕاستەقینەیە کە چۆن کچێک کەوتە دوای خۆشەویستی کوڕێکی جاهیل و دوور لە دین و دوای تێربوونی لەو کچە پشتی لێدەکات، کچە بەهۆی کاریگەری و هۆگربوونی بە کوڕەکە شێت دەبێ و ژیانی دەفەوتێ و ئینجا لە ناچاری پرس بە هاوڕێکەی دەکات، تاکو ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە و ئەویش ڕێگەی سحر و نوشتەی پێ نیشان ئەدات، با بزانین ڕووداوەکە چۆن بووە.

کچێك دەڵێ: مامۆستا من کەوتمە داوی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە بوین چەند داواکاریەکم هات لەبەر ئەو کوڕە و لە پێناو ئەودا ڕەتمکردەوە و شوم نەکرد، چەند جارێك داوام لەو کوڕە کرد بێتە داوام بەڵام هەر جارە و بە بیانویەك خۆی ڕزگار دەکرد و بابەتەکەی منی دەبردە لایەکی تر.

ڕۆژێکیان ئەو کوڕە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: ئەوە دواجارە تەلەفۆنت بۆ دەکەم نێوانی من و تۆ کۆتایی پێهات.

گوتی: من نامەوێ لەگەڵ كچێك هاوسەرگیری بكەم كە خیانەتی لە دایك و باوكی خۆی كردبێ ئەگەر كچێك خیانەتی لە كەس و كاری خۆی بكات بەیانی لەمنیشی دەكات.

گوتی: منیش زۆر پاڕامەوە كە وازم لێنەهێنێ بەڵام سوودی نەبوو.

هاوڕێیەكی كچم هەبوو كە ئاگاداری هەموو شتێكی من بوو هاتە لام و گوتی: كەسێكی باشم دۆزیوەتەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەكەی تۆ، منیش بەپەرۆشەوە گوتم: كێ؟

گوتی: بڕۆ لای فلانە شێخ و بەسەرهاتی خۆتی بۆ بگێڕەوە بەڵكو چارەسەرێكت بۆ بدۆزێتەوە.

دەڵێ: منیش چوومە لای و باسەكەم بۆ گێڕایەوە، شێخ گوتی: ئەو كێشەیەی تۆ بەدوو ڕێگە چارەسەر دەكرێ، جارێ یەكەم ڕێگە تاقی دەكەینەوە ئەگەر ئەو ڕێگەیە سەری گرت باشە ئەگینا ناچارین ڕێگەی دووەم بەكاربێنین. دەڵێ: ڕێگەی یەكەم بەكارهێنانی نوشتە و سیحربوو كردی لە بەرامبەردا بڕەپارەیەكی زۆری لێسەندم ئەویش هەندێ زێڕم هەبوو بە نهێنی فرۆشتم و پارەكەم پێیدا كە یەك ملیۆن بوو.

سیحرەكە كاریگەری زۆری لەسەر ئەو كوڕە دروستكرد، ماوەیەك دەستمان بەقسەكردن كردەوە و تەلەفۆن لە نێوانمان بەردەوم بوو بەڵام ئەو كوڕە هەردەم دەیگوت دڵم توندە و بێزارم و هەندێ قسەی وای دەكرد شەوێكیان تەلەفۆنی كرد گوتی: لە كەینێوە سحرت لێم كردووە؟

گوتی: منیش شڵەژام و گوتم: سیحری چی؟
گوتی: ئەو ماوەیەی دڵم توونـد بـوو و بێـزار و بێتاقـەت بـووم هـەموو شـوێنێکم کـرد تـا چارەسـەریەك بدۆزمـەوە تـا لـە کۆتاییـدا تووشـی مامۆستایەکی بەڕێزی ئاینی بووم و باسەکەم بۆی کردەوە و ئەویش ڕێگـە ی نیشاندام و دوعای لەسەرم خوێند تا سیحرەکەی بەتاڵ کردەوە.
دەڵێ: ئەو کـوڕە قسـەی زۆری پـێ گـوتم و دواتـر مۆبایلەکـەی لەسـەر داخستم و جارێکی تر بێئومێد بوومەوە، دەڵێ: کاتێـك بـە دڵێکـی پـڕ لـە خەمەوە چوومە سەرجێگا بیری ئـەو شـێخەم کەوتـەوە کـە پێـی گوتبـوم ئەگەر ڕێگای یەکەم سەری نەگرت ئەو کاتە ڕێگای دووەم بەکاردێنین.
دەڵێ: بەیانی زوو خۆم گەیاندە شێخ و باسـەکەم گێڕایـەوە، شـێخ گـوتی: ئێستا یەك ڕێگات لەپێشە و ئەمجارەیان دڵنیابە ئەو کوڕە دەبێتە هـی تـۆ و دێتە داواشت. دەڵێ: منیش بەپەرۆشەوە گوتم: تەنها ئـەو کـارەم بـۆ بکـە هەرچی داوای دەکەی بیکە.
شێخ گوتی: ئەو کوڕە دڵی لەسەرت نەماوە و تۆی لەلا ناشرین بووە جا بۆ ئەوەی دڵی بکەوێتەوە سەرتۆ و تۆش لەبەر چاوی جوان بەدەربکەویـەوە هەندێ قسەی کرد منیش ڕازیبووم.
کە بەئاگا هاتمەوە هەموو گیانم دەلـەرزی لاشـەم ڕووت بـوو، بـەخێرایی خۆم کۆکردەوە و جلـەکانم لەبـەر کـرد و ئـەوێم جێهێشـت، نەمـدەتوانی بەباشی هەنگاوەکانم بهاوێژم لەبـەر ئـەو ئـازارە زۆرەی کـە هـەمبوو بـە

هەرحاڵ و دەردەسەری خۆم گەیاندەوە ماڵ و ماوەیەك نەمدەتوانی دانیشم، ئەو کچە گوتی: مامۆستا تکایە هاوارم بگەیەنە بە خەڵکی بەتایبەتی ئافرەتان ئامۆژگاریان بکەن کە بەهیچ شێوەیەك نەچنە لای ئەو ساحیر و داوێن پیسانە، مامۆستا ئەو شێخە داوێن پیسە بەقسەکانی بێئاگای کردم و لە دواوە لەگەڵم جووتبوو ئازارێکی زۆری دام پارەی لێسەندم پاکی لێسەندم و ئەو کوڕەشی بە یەکجاری لێ دوور خستمەوە، ئێستا ئەو کوڕە هاوسەرگیری کردووە منیش بە کۆمەڵێ سەرشۆڕیەوە چاوەڕوانی هاتنی کەسێکم بۆ ئەوەی شوی پێبکەم و تەمەنیشم هەڵکشاوە ئەمە قوربانی دەستی هاوڕێ نەزانەکە و گەنجە گورگ ئاساکەیە، کچ ساویلکەیە و دوای قسەی درۆینەی کوڕەکان دەکەون.

ئینجا هۆکارێکی تریش باوک و برا و هاوسەرە کە ئەڵێین پیاوان هۆکارن لەوەی کچ و ئافرەتان دەبنە قوربانی لەبەر چەند هۆکارێکە ئەویش پیاوان خۆیان دوورن لە اللّٰه و ئیسلام بۆیە ناتوانن ئەمر بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەن چونکە شتێک خۆت جێبەجێ نەکەی کەسی بەرامبەریش بە هیچ شێوەیەک گوێت بۆ ناگرێت،

هۆکارێکی تر پیاوان خۆیان لە ماڵەوە تەلەفزیۆن دەکەنە سەر کەناڵێک کە فیلمێکی بێ شەرمی و بێ ئەخلاقی پێشکەش ئەکرێ و پڕە لەئافرەتی سفور و لەقتەی ناشرین و بی شەرم و ماچ ماچانێ و لە کاتێکدا خوشکی یان کچ یان هاوسەریشی دانیشتوە ئەمەش وا دەکات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ

خوشکی یان کچ یان هاوسەری شەرمی لێ نەکەن و هەوڵیش ئەدەن ئەو فیلمە تاقیبکەنەوە وەک ئەو فیلمەبن، یان کچەکانی خێزانەکەی بۆ سەفرە و میوانی و پێویستیەک ئەچنە دەر لەگەڵی بە سەیارەکەی ئینجا تەجیلەکەی ڕادیۆکەی لەسەر گۆرانیەکی حەرام و پڕ لە ووشەی نە شیاو پێکردووە، ئەمەش وا دەکات ئیتر ئەو ئافرەتە برا یان باوک یان هاوسەری بەکەم بێتە پێش چاو ئیتر شەرمی لێ ناکات.

یان هۆکاری تر برا یان باوک لە پێش چاوی کچ و خوشک و کچە خزمەکانی لەگەڵ ژنی ماچی یەکتر ئەکەن و یاری ئەکەن، بۆیە ئەو خوشک و کچانە شەرمیان دەشکێ و هەوڵدەدەن ئەوانیش گڕی دڵیان دامرکێنن و بە هەر هۆکارێک بێت کەسێک بدۆزنەوە.

ئەم هۆکارانە وا دەکەن ئافرەت شەرم نەکات و قسە لەگەڵ کوڕان بکەن و ژیانیان بسووتێنن. هۆکاری تریش ئەو پیاوانەی لەسەر کار یان لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ خۆشی و کات بەسەربردنیان بەحەرامی قسە لەگەڵ کچی خەڵک دەکەن و نازیان پێ ئەدەن و گرنگی و خۆشەویستی دەر ئەبڕن بۆیان وای لێدێ ئافرەت و خێزانی خۆی ئیهمال ئەکەن، بۆیە ئافرەتەکە لە نەبوونی نازو گرنگی پێدانەوە هەوڵ ئەدەن وەک ئەو پەنا ببەن بۆ کوڕێکی تر تاکو نازیان پێ بدەن، و خۆشی خۆیان دامرکێنن.

سوێند بە اللّٰە پیاو ئیمانداربێت و بەڕاستی اللّٰە بپەرستێت نەک خوشک و کچ و هاوسەر دایک و تەواوی کچ و ئافرەتانی دراوسێ و جیرانەکانی

شــەرمی لــێ ئەکەن، بەڵام بەداخەوە پیاوەکــان ئەوەنــدە ســووک و بــێ دەســەڵاتن تەنهــا بیریــان لای خۆشــی نەفســی خۆیــانە، حەزە جنســی و شــەهوەتیەکان زاڵە بەســەریان بــۆیە بێئاگــان لە کــچ و خوشــک و خێزانەکانیان کە پێویستیان بە گرنگی پێدان و خۆشەویستی هەیە.

ئەوە بەســەرهات و ڕووداوە ڕاســتەقینانەی کە کچــان ژیانیــان فەوتــاوە کچینیان لەسەر داناوە هێندە زۆرن کە فێڵیــان لێکــراوە و داوێنیــان پــیس کراوە کە بەژمار نایەن، بۆیە تکایە خوشکانم بۆ هەر کێشە و ڕووداوێــک دێتە پێش پرس بە براو دایک و باوکت بکە، بەداخەوە تەنها کچان دەبــنە قوربانی و ژیانیان دەسووتێ بە ئازار و خەم.

بۆیە تکایە براو باوک و دایکان چاوتان لە کچ و خوشکانتان بێت ژیانیان بــا نەفەوتێــت و گرنگیــان پــێ بــدەن و لێــان نزیــک بــن و لە کێشــە و خەمەکانیان بپرسن، ئەم قسانە هەمــوو ڕاســت و حەقــیقەتن بەڵام مانــای ئەوە نیە کچ بڕوات هەموو کارێکی هەڵە بکات هەرچــی حەزی لــێ بــوو بیکات مانای ئەوەنیە کچ مــاف خــۆیەتی خەریــک خۆشەویســتی حەرام بێت، نەحێر کچ کاتێ گەورە بوو ئەبێ بەدوای ڕێــگەی ڕاســت بــڕوات و بزانێ اللَّه تعالی ئەمری بەچی کردووە لەسەری و مەبەستی ئێمە ئەوە نیە کچان موستەحەقن خۆشەویتسی بکەن و مــافی خۆیــانە لەنەبــونی نــازی باوک و براو هاوسەر پەنا بۆ خۆشەویســتی حەرام بــبەن نەخێــر چــونکە ئەبێ سەبر بگرن و لە اللَّه بترسن و خۆیان بپارێزن لەحەرام.

بـۆیە کـچ و خوشـکانمان مافیـان بەسـەرمانەوە هەیە، تووشـی کێشـە و ناخۆشی بن هەر بۆ برا، باوک، دایک دەبنە ئازار و خەم، بۆیە ڕەحمەتـان لێ بێت چاوتان لێیان بێت. لەکۆتایی داواکـارم لە اللّـه تعـالی ئیسـلاحی حاڵی هەموومان بدات و خوشکانی موسڵمان دووربن لە هەموو ناخۆشـی و ئازار و دەرد و ژانێک و هاوسەری سالحە بە قسمەتی هەموو گەنجانی کوڕ و کچ بکات تاکو لە دونیا و دوارۆژ بەختەوەربین.

## پێش کۆتایی ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە بۆ تۆ خوشکم



لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گەنجەکانمان دووره پەرێز بوونە لە ئیسلام و کەوتوونەتە دوای حەزو خولیای نەفسیان، هەوڵنادەن لە ئیسلام شارەزابن، بۆ بڕوانامەیەکی دونیا ئامادەن ١٦ ساڵ زیاتر بخوێنن، بەڵام هیچ گرنگی بە قیامەت و دواڕۆژ نادەن، تەنها بەدوای ڕابواردن و خۆشیەوەن، لەو لاشەوە کچان جوانی و ڕازاوەی خۆیان لە زانکۆ و شوێنە گشتیەکان بەدەر ئەخەن بۆ غەیری پیاوی خۆیان، گەنج کە ئەبینێ کچ چۆن خۆی ڕازاندۆتەوە، لەکاتێکدا جوانیەکەیان دەستکردە هی خۆیان نیە، کۆڵێك موکیاج و برژانگی دەستکردو دەرزی لە روومەت و لێویان ئەدەن، جلێکی نیمچە ڕووت و تەسك دەکەنە بەریان، بەلای گەنجەکان دا دەڕۆن و شەیتانی نەفرەتی وایان لێدەکات توشی نەزەر و تاوانی گەورەیان بکات، وایان لێدەکات زیاتر دووربکەونەوە لە عیبادەت بۆ خوای گەورە.

بۆیە ئەی خوشکی بەڕێزم ئایە تاکەی نابی بە باڵاپۆش؟! ئەوە بزانە تۆی بەرێز هەروا بەبێ هۆ بۆ گاڵتە دروست نەکراوی، تەنها بۆ ڕابواردن و بێفەرمانی خوای گەورە بژیت تەواو وازت لێ بهێنرێ.

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾[١]. واتە: ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت هەروا وازی لێدەهێنرێت بەخۆڕایی تووشی لێپرسینەوەی نابێت؟!.

ماوەیەکە لە ژیان دوور لەبەرنامەی ئیسلام تەمەنێکی زۆرت بەڕێکرد، خوشکی من بزانە بەخۆ جوانکردن و ڕازاندنەوە، تۆ ئەبیتە هۆی بە لاڕێدانی گەنجانی موسوڵمان لە بەرنامەی ئیسلام، ئەو گەنجانەی ئەم سەردەمە زۆرینەی سەلتن و ژنیان نیە، مێشك و ئەقڵیان دەوەستێ، کە ئەبینن ئافرەت بەم شێوەیە سەرنج ڕاکێشەوە خۆی ڕازاندۆتەوە، حەز و ئارەزوویان هانیان ئەدات بۆ تاوان، بۆیە دوور ئەکەونەوە لە واجبەکانی خوای گەورە کە کاتی نوێژە، ئەو گەنجانە ئەچنە بەردەم زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەی کچان و بازاڕ بەبێ ئیش و کار دینارێك لە گیرفانیدا نیە بۆ پێداویستەکانی، تەنها بۆ تێرکردنی نەفس و سەیرکردنی ئافرەت ئەچن.

جا کەوابوو تێبگە ئەی خوشکی ژیرو ئاقڵم، مەبە هۆکاری فیتنەو ئاژاوە و دوورکەوتنەوەی گەنجان لەدین، چونکی پێغەمبەری خودا ﷺ هۆشیاری کردوینەتەوە کە هاوار و وەیل بۆ ئەو کەسانەیە ئەبنە هۆی کردنەوەی دەرگای خراپە و تاوان.

[١] - سورەتی القیامة ئایەتیی نمم (٣٦).

هەروەك فەرموویەتی: (وَوَيْلٌ لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الشَّرِّ عَلَى يَدَيْهِ)[1].
واتە: هاوار و وەیل بۆ ئەو کەسەی کەئەبێتە هۆکاری کردنەوەی کلیلی شەڕوخراپە. (زاناکان دەفەرموون: وەیل تیاچوون و لەناوچوون و سزای سەختی دۆزەخە پەنا بەخوای گەورە).



ئەی خوشکی من ڕەحمەتی خوای گەورەت لێ بێت بزانە دونیا ئەوەندە ناهێنێت تۆ قیامەتی بۆ بدۆڕێنی، ئەم دونیایە جێگای ئومێد و هیوا نیە دڵت خۆشبکەی بەوەی هەر بمێنیەوە، ئەم دونیایە بۆ پێغەمبەران نەبوو کە نوێنەرو پەیام گەیەنەری خوای گەورە بوون سەلامی خوایان لەسەر بێت، بۆ مرۆڤایەتی بۆ ڕزگارکردنیان لە شەوەزەنگی تاریکی بۆ ڕووناکی و باوەشی یەکخواپەرستی، بۆ هاوەڵان و پیاوچاکان و زانا و خواناس و چاکەخوازان نەبوو کە هەموو ژیانیان بۆ پەرستن و بەندایەتی خوای گەورە بوو ئێمەی تاوانبارو زەبوون و زەلیلی بێ دەسەڵات چین تا دڵمان پێ خۆشبکەین و بۆ ئێمە بێت، و هیوای مانەوەمان پێی هەبێت؟ چاك بزانە خوای گەورە بە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ دەفەرمووێ: پێش تۆ هەموو کەسێك مردووە هەر لە ئادەم پێغەمبەر(علیه السلام) تا گشت ئەو پێغەمبەرانەی پێش تۆ هاتوون هەموویان بەگەل و قەومەکانیان مردوون ئەی پێغەمبەر ﷺ چاکەوابوو دەبێ تۆ و گشت خەڵکی بمرن.

[1] - سنن ابن ماجه، ژمارەی فەرموودە: (٢٣٧)، السنة لابن أبي عاصم، ژمارەی فەرموودە: (٢٩٧).

﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ﴾[١]. واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ لە پێش تۆدا ژیانی بەردەوامی بەهیچ مرۆڤێکمان نەبەخشیوە هەموویان مردوون.

بەڵێ خوای گەورە دەفەمووێ: هیچ مرۆڤ و کەسمان نەهێشتەوە گیانی نەکێشین هەمووومان مراند ئەی پێغەمبەرﷺ، جا خوای گەورە پرسیار دەکات و دەفەرمووێ: ئایە ئەگەر تۆ بمری ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەو خەڵکە دوای خۆت ژیانی هەتایی دەبێت و نافەوتێن؟ هەر لەم دونیایە دەمێننەوە و نامرن؟ با هەر بەدوای ڕابواردن و خۆشیەکان بێ و خەریکی خۆڕازاندنەوە بن و بەخۆیان بنازن و خۆیان هەڵبکێشن کە جوانن و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ببێتە پیشەیان، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿أَفَإِين مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ﴾[٢]. واتە: ئایا تۆ بمری و خەڵکی دەمێننەوە؟ نەخێر هەرگیز شتی وانییە ئەوانیش وەکو تۆ ئەمرن و کەس نامێنێت.

کەوایە بیرت نەچێ ئەی خوشکی من ڕۆژێک کە هیچ گومانی تێدانیە ئەمریت و گیانت لەلاشەت دەردەچێ، بۆیە تۆش دەمریت و کەس نامێنێت لەسەر زەوی، خۆ پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ خۆشەویسترین کەس بوو لای خوای پەروەردگار بەڵام دونیا بۆ ئەویش نەبوو، وەفاتی

[١] - سورەتی الانبیاء ئایەتی (٣٤).

[٢] - سورەتی الانبیاء ئایەتی (٣٤).

کرد بەدایك و باوکەوە بەقوربانی بین، بۆیە ئێمەی گوناهبار چین تا دڵمان خۆشبکەین بەمانەوەی یەکجاری لەم دونیاییە!؟.

بەڵێ خوشکە بەڕێزەکەم ئەگەر گومان ببەی کە تۆ جوانی، بۆیە خۆت باڵاپۆش ناکەی یانی تاوەکو پێت بڵێن: ماشاءالله زۆر جوانی، ئەوە بزانە لە تۆ زۆر جوانتریش هەن، جوانی تەنها بۆ کەسێك نیە بەڵکو لە جوان جوانتریش هەن جابۆیە بەجوانیت هەڵمەخەڵەتێ و پێی سەرسام مەبە.

چونکە جوانیش تا سەرنیە ساڵ بە ساڵ جوانیت کزو لاواز و چرچ و زبر ئەبێت، سەرت سپی و پشتت کوڕئەبێ، جوانییەکەت نامێنێت و لە دوایی پیرو پەکەوتە ئەبیت.

بەوانەش هەڵمەخەڵتێ کە جوان و ڕازاوەن چونکە ئەوە بزانە گشتی بۆتە دەستکرد و جوانی خۆیان نیە بەشێکی زۆری دەستکردەو دکتۆر بەدەرزی وایان لێدەکات و کاتیە، پاش ماوەیەك پیرەژنە سەد ساڵیەکان لەچاو ئە وان حۆرین، بۆیە پێیان هەڵمەخەڵەتێ و قیامەتت بۆ ئەوان مەدۆڕێنە.

ئەی چ شتێکە وا دەکات دوور بیت لە بەرنامە و ڕێبازی ڕاستەقینەی خوای گەورە کە باڵاپۆش نەبی؟، ئەی تۆ ناڵێیت من موسوڵمانم؟، لە خوا دەترسم و پێغەمبەرم ﷺ خۆشدەوێ؟!

تکایە ئەی خوشکی بەرێزم موسوڵمانیەتی ئاوایە بێفەرمانی خوای گەورە پاشان پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەی؟ چۆن ترس و شەرمی خوای گەورە

ناتگرێت بەوەی فەرمانی پێشل بکەی و سنوری قەدەغە کراوەکانی بشکێنیت؟



کاتێك بە خوشکێك ئەڵێیت بۆ باڵاپۆش نیت؟ ئامۆژگاری ئەکەیت و قیامەت و مردنی بیردێنیتەوە، پێت دەڵێت برام منیش هەموو شتێك ئەزانم کەوایە تۆ هەمووشت ئەزانی ئەی بۆ فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ ناکەی تۆ ئەزانی خودای گەورە دروستی کردووی رزق و ڕۆزی پێداوی ئەزانی دەمری بەتەنها ئەچیتە ژێرگۆڕی تەنگ و تارو حەشر و حساب و لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێ، هەمووشتت زانی ئەی چیە بۆ ترسی خوا نات گرێ مەگەر دڵت بۆتە بەرد چ شتێکە بۆتە بەربەست و ناهێڵێ بێیتە ناو خۆشی ئەم ئیسلامە پاك و بێگەردە؟

گەر لە ڕاستی و حەقیقەتی ئەم ئیسلامە بە جوانی و بە ویژدانەوە تێگەیشتبای دڵنیابە پۆشاکی شەرعیت ئەپۆشی تاکو بەس سەیرت نەکەن، تۆ نازانی ئەم ئیسلامە تاکە ڕێبازو بەرنامەی خوای گەورەیە کە هەموو فەرمان و یاساییەکی بێ حیکمەت نیە ئیلا قازانج و چاکەیەکی تێدایە بۆ مرۆڤەکان، خوای گەورە مرۆڤی دروستکردووە هەرخۆشی شایەنی فەرمان پێکردن و ڕێگریکردنی مرۆڤە بۆ گشت کاروبارێکی دونیا.

حیجاب و باڵاپۆشی یەکێکە لە فەرمانەکان کە خوای گەورە تایبەتی کردووە بە چینی ئافرەتانی موسوڵمان کە جێبەجێی بکەن بەمەرجێك لە بەرنامەو دینی ئیسلامدا بێت چونکە هەر کارێك و کردنی هەر فەرمانێك لە دەرەوەی بازنەی ئیسلام قبوڵ نیە.

حیجاب دەبێتە هۆی ئەمن و ئاسایش و ئارامی و سەرکەوتنی کۆمەڵگا، دەبێتە قەڵایەکی پتەو بۆ دەست درێژی نەکردنە سەر ناموس و شەرەفی ئافرەتان، ئەو کەسانەی نیازی خراپیان هەیە بۆسەر ئافرەتان گەر زانی ئەو کەسە لەخواترسەو باڵاپۆشێکی پارێزگارە هەرگیز ناتوانێ و ئەترسێت زەفەرو خراپە و دەست درێژی بکاتە سەری و پێی ڕابوێرێ و هە ڵیخەڵەتێنێت و هەمیشە لە بازاڕ و زانکۆ و شوێنەکان خۆی ئەپارێزێ لەو خوشکەی باڵاپۆش و داپۆشراوە.

ئەگەڕێت بەدوای ئەو ئافرەتەی کە دوورە لە ڕەوشت و ڕێبازی ئیسلام تاوەکو ڕاوی بکات و بە قسە پڕوپوچەکانی هەڵی بخەڵەتێنێت و، تەنها توانای هەیە لەسەر ئەو ئافرەتانەی کە دوورن لە دین و ئیمان لاوازن.

ئەو خوشکانەی بەپێی فەرمانی خوای گەورە ئەجوڵێنەوە، نموونەی ئەستێرەی درەوشاوەن لەنێو ئاسمانێکی تاریکی شەوەزەنگدا، ئەو خوشکانەی سەر ڕاستانە وابەستەن بە فەرمانی خوای گەورە زۆر کەم و نامۆن، لە شوێنە گشتیەکان زانکۆ، پەیمانگا، بازاڕ ..هتد زۆر بە ئەستەم تاك تاکە ئەیان بینی کە باڵاپۆشی شەرعی بن.

هۆکاری سەرەکی بڵاوبونەوەی خراپەکاری و سفوری لە نێو کچان لەم ڕۆژگارەدا، ئافرەتە گۆرانیبێژە بێڕەوشتەکان، و کچانی سناپ و تیکتۆك و ئەوانەی لە شۆسیال میدیا کە خەریکی بێ ڕەوشتکردنی کۆمەڵگا و داوای یەکسانی ژن و پیاو دەکەن، کە ئافرەت شان بەشانی پیاو لە بازاڕ و کۆمپانیاکان کار بکەن، ئەمانە و چەندان هۆکاری تر، بوونەتە بەربەستێکی دژوار و سەخەت، لە بەردەم ئەو خوشکانەی کەدەیانەوێ ببەنە باڵاپۆش و بێنە نێو بازنەی شەرم و شکۆی ئەم ئیسلامە بێگەردە.

ئەم کۆمەڵە دونیا پەرستە بە ئاشکرا بانگی شوێنکەوتووانیان دەکەن بۆ ڕێگای گومڕای و ئاگری دۆزەخ، پەنا بەخوای گەورە.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ﴾[1]. واتە: ئەو خوانەناس و بێ باوەڕانە بانگەوازی خەڵکی دەکەن بەرەو دۆزەخ.

بەڕاستی ئەی خوشکی من بە گوێ کردنی ئەو کەسانە دوواڕۆژێکی ڕەش و سەخت لە لای خوای عزوجل چاوەڕێیە! بۆیە بەگوێی ئەو بانگەوازکەرانەی ئیسلام بکە، ئەوانەی بەڕاست و دڵسۆزی بانگت دەکەن بۆ گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە و ڕێگای بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت. ﴿وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ﴾[2]. واتە: خوای گەورەش بانگەوازی مرۆڤەکان دەکات بۆ بەهەشتی پڕ لەشادی و ئاشتی و ئارامی.

---

[1] - سورەتی البقرە ئایەتی (٢٢١).

[2] - سورەتی یونس ئایەتی (٢٥).

زۆرێک لە کچانی ئەم سەردەمە گرنگی بە فەرمان و واجبەکانی خوای گەورە نادەن، بەڵام بۆ فەرمانی خراپەکاران گوێڕایەڵن، لە زانکۆ و پەیمانگاکان ئەگەرهاتوو بە کچێك بڵێین سەیربکە مامۆستای فڵان بابەت و فڵانە وانە ئاوایە، یان فڵانە کچە مۆدێل جلی ئاوایە ئەو شوێنەی تەسك و ئەو شوێنەی کورتە تۆش وابکە! بەڵام لە بیر نەکەی ها دەزانی بڕۆی زۆر باریکش بوو، ئەوجا بۆ بەیانی چاو لە خراپەکاران ئەکەن، ئەو خوشکانەی ئیمانیان لاوازە چاویان لێدەکەن و ڕێگای شەرم و حەیا واز لێدێنن لە پێناو وتەی خەڵکی نەفام و نەزان تاکو بڵێن کچێکی جوانە!

یاخود بە جوانی خۆیان ئەنازن، چاو لە کچە مۆدێل و گۆرانیبێژ و ئەکتەری فیلم و سینەما ناپوختەکانی دوور لە ڕێبازی ئیسلام دەکەن، دەیانکەن بە پێشەنگی خۆیان لە کاتێکدا خۆیان پێ موسوڵمانە، کەچی هەر ڕۆژەو چاو لە ستایلی یەکێك دەکەن!

خوشکانی موسوڵمان دەبێ چاو لە ئافرەتانی هاوەڵان بکەن و پێغەمبەری خوا ﷺ بکەنە پێشەنگ و پێشەوای خۆتان و هەر فەرمانێکی کردبوو پێمان، بێ یەك و دوو ئەوە جێبەجێی بکەین چونکە سەرفرازی دونیا و دوارۆژی لەگەڵە .

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾[١]. واتە: جا ئەوەی گوێڕایەڵی خوا پاشان پێغەمبەرەکەی بێت، ئەوە بەڕاستی ئیتر سەرکەوتن و سەرفرازیەکی بێ ئەندازەو بێ سنووری لە دونیا و قیامەت بەدەستهێناوە.

ئێمە کاتێك ئەڵێین ئەو خوشکانەی نیمچە ڕووت و پۆشتەنین و جلی ناشەرعی لەبەردەکەن دەبن بە هۆکاری تووڕەبونی خوای گەورە، پاشان بەچاوێکی کەم سەیرکردنیان لە لایەن ئیماندارانەوە، لەو لاوە چەن کەسانێکی کاڵ فام، دژایەتیمان ئەکەن بەوەی هێرشمان کردۆتە سەر ئافرەتان و مافمان پێشل کردوون، پێمان ئەڵێن برا، وازبێنە، چیدەکەن با بیکەن، ئازادن ئەوکەسانەی وادەڵێن ئازادبن ڕاستیان نەوتووە، دڵ ڕەشن، نوێنەری شەیتانن لەسەر زەوی، تەنها دەیانەوێ خراپەو بەدڕەوشتی لە نێو کۆمەڵگای موسوڵمانان بڵاوبێتەوە، تاکو نەفسی ناپوختیان تێربکەن، بە تێڕوانین بۆ سفوری و بەدیارەوە بوونی لاشەی ئافرەت.

بەڵێ خوشکی خۆم بزانە ئافرەت لای ئەوان تەنها بۆ تێرکردنی هەوەس و ئارەزووی چڵکن و ناپوختیانە، دەیانەوێ مافی ئافرەت وەك بێبڕواکانی ڕۆژئاوا لێ بکەن، کە بێ ڕەوشتی بە ڕادەیەك پەرەبسێنێت، لە سەر شەقام وبازار و بن دیوارەکان، ئافرەت لاشەی هەڕاج بکات و لەشفرۆشی بکات، بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆیان کام ئافرەتی کچ و جوانە داوێن

---

[١] - سورەتی الاحزاب ئایەتی (٧١).

پیس بکەن، تاوەکو شەو و ڕۆژیان لەگەڵ بەسەر ببەن، دواتر وازی لێ بهێنن، ئەمەیە ئەو مافەی بۆ ئافرەت دەیخوازن و ئاوات و ئاخی بۆ هەڵدەکێشن، ئەوجا دێن دژایەتیان دەکەن، دەڵێن کاکە تۆ ئیسلامت قورسکردوە مافت لە ئافرەتی بەستەزمان زەوتکردوە، بەداخەوە خۆزگە ئەو خوشکانەی سفور و نیمچە ڕووتن لە ڕاستی قەسەکانمان حاڵی دەبوون، کە ئێمە لەخەمی تۆ داین، تاکو نەبیتە یاری دەستیان و بەئارەزووی خۆیان یاریت پێبکەن.

ئەی ئەو خوشکانەی فریودراون بەقسەی باق و بریق! وەرن با سەیری وڵاتی ئەڵمانیا بکەین بە نموونە، چۆن یاری بە شەرەفی ئافرەت ئەکەن، بۆخۆشی خۆیان هەموو شتێک ئەبەخشن لە پێناویدا، بەڵێ لە ئەڵمانیای بەناو ئازادی و دیموکراسی خواز نووسینگەیەکیان کردۆتەوە، بۆ هەڕاجی ئافرەت، نەمانی حەیا و شەرمیان، نووسینگەیەك هەیە کە نزیکەی (٣٠٠) کچی تەمەن (١٨) و (١٩) و (٢٠) ساڵ خۆی ناو نووس کردووە، بۆ ئەوەی کچێنی خۆی بفرۆشێ، ئەم کچانە کەخۆیان هەڕاجکردووە، هەر پیاوێك پارەی زیاتر بدات ئەو پیاوە ئەبێتە خاوەنیان بۆ شەوێك کەوا کچێنی خۆیانی پێ بفرۆشن!

ئەم نوسینگەیە ئاشکرای ئەکات، یەکێک لەم کچانە لەلایەن پیرە پیاوێکی دەوڵەمەندی (٧٨) ساڵانی خەڵکی هۆنکۆنگ بەبڕی (٢) دوو ملیۆن و سێ سەت هەزار یۆرۆ) کڕدرا، بۆ تەنها یەك شەو کە ئەو پیرە پیاوە لەگەڵی بخەوێ و ڕابوێرێ ![١]

ئەمەش ڕۆژئاواو کۆیلایەتی و هەڕاجکردن و کڕین و فرۆشتنی کچان و بەکەم زانینی ئافرەت، خەڵکێکی دڵ نەخۆشیش دێت دەڵێت مافی ئافرەت لە ئەووروپاو ئەمریکایە، بەسە وازبێنن لەباسی پۆشتەی ئافرەت تاوەکو لە کۆمەڵگای موسڵمانانیش ئاوا ئافرەت هەڕاجی لاشەی بکات.

بزانە لە خەمی تۆ داین و خۆمان ماندوو ئەکەین لە پێناو ژیانی تۆ تاوەکو لێمان تێبگەیت نەبیتە نێچیریان و ڕاوت بکەن، بەڵکو دەمەوێت تۆ ژیانت خۆشبێ و بێ کێشە بیت و نەبیتە یاری دەستی نامەردەکان سەربەرزانە بژیت و ببیتە موڵکی پیاوێك بە حەلالی کە بە هەموو دونیا نەتگۆڕێتەوە.

بۆیە کە دەڵێین واز لە جلی نیمچە ڕووت بێنە، خۆت پۆشتە بکە بەجلی شەرعی، بۆباشی تۆمانە چونکە ئەوکاتە خوای گەورە لەخۆت ڕازی ئەکەیت، سەرفراز ئەبیت، بەختەوەر ئەبیت، ئەمە بەلێنی خوای پەروەردگارە، هەرکەس گوێرایەڵی فەرمانەکانی بوو، ئەوکات ژیانێکی خۆش و بەختەوەری بۆ دەبێت.

---

[١] سەرچاوەی باسەکە لەم لینکەوە بخوێنەوە.) https://www.cnet.com/news/teen-reveals-aftermath- online/ of-selling-her-virginity

﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾[١].

واتە: هەرکەسێک کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا بڕوادارو ئیماندار بێت ئیسلام بەرنامەی بێت، بەراستی و بەبێ گومان بەژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دونیادا دەیژیەنین.

بەڕاستی نەمان زانیوە لە هیچ ئاین و یاسایەکی جیهاندا، کە مافی ئافرەت درابێ وەکو ئەوەی لەئیسلام دراوە، لە دابین کردنی مافەکانیان و چاودێری کردنیان و ڕێز لێ گرتنیان، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بێ باوەڕان و دووڕوان و ئەوانەی نەخۆشی لەدڵیاندایە سینگیان ئەکوتن و دەیانەوێت ئەو ڕێزو مافانە کە ئافرەتی موسڵمان بەدەستی هێناوە بە بای گەردەلولی ڕەشیدا بدەن، ئەو ڕێزو ماف و سەربەرزی پارێزراوەی لەئیسلامدا هەیەتی تووڕەی کردوون و ڕقی جوڵاندوون، چونکە ئەوان ئەیانەوێت ئافرەت سووك بکەن و بیکڕن و بیفرۆشن بەکاری بێنن بۆ مەرامی پیس و حەز و ئارەزوو تێرکردنیان، ئەیانەوێت ئافرەت ببێتە ئامێری ڕووخاندن و داوی ڕاوکردنی ئیمان لاواز و ئارەزووە ملکەچیەکان، پاش ئەوەی کە ئارەزووە پیس و گڕ سەندوەکانی خۆیان تێکردووە.

بەڵێ خوشکم، بزانە ئەمڕۆ سەردەمی فیتنەو بەرێ لابردنە بۆ گومڕای، لە بازاڕی قیامەت بۆ بازاڕی شەیتان، ئەوە بزانە ئەی خوشکە

---

[١] - سورەتی النحل ئایەتی (٩٧).

ژیرەکەم تۆی ئافرەت زۆر بەنرخ و گرانبەهای، بزانە چۆن ئەو  پیرە پیاوە، دوو (٢) ملیۆنی داوە تەنها بۆ شەوێک ڕابواردن بۆئەوەی خۆشی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە تەنها بۆ خۆشی تۆیان دەوێت.

بۆیە ژیرانە هەڵسوکەوت بکەو بجوڵێوە بەرامبەر نەفسی خراپەکاریان، وا مەکە ببیتە هۆی دڵخۆشکردنیان بە خۆدەرخستن بۆیان، نەکەیت بەهیچ جۆرێك ئەی خوشکی ژیر جوانیت دەربخەی و دڵیان خۆشبکەی، چونکە هیچ کات بەقەد ئەو کاتە دڵخۆشترنین، کەتۆ خۆت ڕازاندۆتەوە، جوانیت بۆیان بەدەرئەخەی، ئەوان ئەوەیان پێخۆشە، لای ئەوان گرنگ نیە کە تۆ سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ئەکەی یان نا!.

ئەی خوشکە بەڕێزەکەی من ئەمانە نەفس نزمی چاو برسی دڵ پڕ لە ژەهرن ئەگەرێن تا بەنێچیرێکەوە بدەن، پێش ئەوەی تۆ بێتە دەر لەماڵ ئە وان لە دڵ و فکریان وێنەو پیلانت بۆ ئەکێشن چۆن ژەهرەکەیانت پێ بڕێژن و لە کام لاوە لای سەرتەوە، یان قاچەکانت، یان تەنیشت و لای چەپ ڕاستەوە بۆت بێن، شەرەف و ناموس و ڕەوشتی جوانت لای خەڵکی بێ ڕێزبکەن و سوکت بکەن، تکایە تۆ چۆن خۆتیان بۆ ئەڕازینیتەوە دڵیان خۆش ئەکەیت تکایە وریابە و بەئاگا وەرەوە.

بەڵێ خوشکم تکایە بە هۆش خۆت وەرەوە لە ئێستاوە تا نەمردووی فرسەتە بۆت تاوەکو توشی سزاو ئازارو نەخۆشی وتاقیکردنەوەی سەختی خوای گەورە نەبووی هەر لە دونیا، دواتر سودی نیە پەشیمانی، بۆیە تکایە

کەمێ بیربکەوە لەگەڵ نەفسی خۆت، بەنەفست بڵێ من ڕۆژێك دێ ئەمرم بڵێ ئەی نەفسی سەرکەش بەجێی دێڵم ئەم دونیا کاتیە، کە مانەوەی یەکجارەکی لە قیامەتی نەبڕاوەی هەتا هەتاییە.

ئەی نەفسە خراپەکەم بۆچی تامەرگ نەبۆتە میوان و لەدەرگای نەداوین وازنەهێنین لەسەرپێچی کردن ؟!

ئەی نەفس بۆچی وام لێدەکەی خۆم بڕازێنمەوە بۆگورگە برسیەکان!؟

ئەی نەفسەکەم دەتەوێ بەوشێوەیە بەڕێزبم بەخۆ دەرخستنم بۆ خەڵکی جوانیم پیشانیان بدەم؟! دەتەوێ تاکەی بەردەوامبم لە سەرپێچی کردن وا تەمەنم بەرەو پیری ڕۆیشت و تەمەنی لاویم وەگ گەڵای پایز هەڵوەری؟!

ئەی نەفس تۆ زۆر بێ وەفای هەر کەپیربووم پشتم لێ ئەکەی و بەجێم دێڵی، کە دەزانی ئەو جوانیە سەرنج ڕاکێشەم نەما و گەنجان ئیشیان پێم نەما، چونکە بێ هێزو دەست لەرزۆک بووم بۆیە بەتەنها ئەمێنمەوە بێ ئەوەی توێشوم کۆکردبێتەوە بۆ قیامەتم!

ئەی نەفسە بێ ویژدان و خراپەکارەکەم تۆ کەمێك گوێم بۆبگرە با بۆت باس بکەم وا ئێستا گەنجم و خەڵکم سەر قاڵ کردووە بەخۆ دەرخستنم بەڵام بەیانی وا لەژێر گۆڕم بەتەنها و بێکەسی، بۆیە تاکو نەمردوم با واز لە تاوان بێنم بەسە کە دووری خستومەتەوە لەیاد و ڕێبازی خوای گەورە، ئەی نەفسەکەم بابەجوانیەکەمان هەڵنەخەڵتێین کەگەنجەکانمان دوور خستۆتەوە لە ڕێگای خوا، بەیانی گەنجی و جوانیەکەمان ئەبێتە خۆراکی

کرم و حەشەراتی نێو گۆڕ! ئەمڕۆ لەسەر زەویم و بە ئارەزووی خۆم دەجوڵێمەوە دێم و دەچم، بەڵام بەیانی وا لە ژێر خاکم (دەبست) شوێنمە، لەژێر گۆڕ هیچ سوودی نییە بۆم ئەو جوانیەم کەپێی سەرسام بووم خەڵکم پێ لەڕێگای خوا لائەبرد تەنها ماڵ وێرانیە بۆخۆم، چونکە لەبێ فەرمانی خوای پایەبەرز بەکارم دەهێنا تا هاوڕێکانم بڵێن وای کچێکی چەن جوانە، بەڕاستی ئەی نەفسەکەم گومڕا بووبووم کەپشتم لەیاد و بەرنامەی خوای گەورە کرد.

﴿تَاللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾[١]. واتە: لەقیامەت لەبارەگای خوای گەورە تاوانباران سوێند بەخوا دەخۆن دەڵێن ئێمە لە گومڕایی یەکی ئاشکرادا بووین.

بەڵێ ئەی نەفسە خراپەکارەکەم تیاچوون بۆئێمە کە بەگوێی تاوانبارانمان ئەکرد کاتێ بەقسە خۆشەکانیان ئەیان گوت: دەخۆت جوان بکە دەی خۆ دونیا خراپ نابێ با گەنجەکان سەیرت بکەن. ﴿وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ﴾[٢]. واتە: کەس ئێمەی گومڕا نەکرد تاوانباران نەبێت.

ئەی نەفسەکەم کەگومڕابووین لەدواڕۆژ پاشان دۆزەخ ئەبێتە شوێنی مانەوەی یەکجاریمان! ئەوکاتی پەشیمانی و داخ و حەسرەت سوودی نیە بۆمان.

---

[١] - سورەتی الشعراء ئایەتی (٩٧).

[٢] - سورەتی الشعراء ئایەتی (٩٩).

﴿فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾[١]. واتە: خۆزگە جارێکی تر بگەڕاینایەتەوە بۆ دونیا ئەوسا چاکەمان دەکرد و ڕێگای ئیسلامان دەگرتەبەر و باوەڕدار دەبووین.

بەڵێ ئەی نەفسەکەم کە تۆ مردی جارێکی تر گەڕانەوەت بۆنییە بۆئەم دونیایە، بۆیە ئەی نەفس کەمێك ڕەحم بە حاڵم بکە بەسە فەرمانم پێ مەکە بۆخراپە ئاخیرەتم وێران مەکە.

ئەی نەفس دوورم مەخەوە لەهاوڕێ چاکخوازانی ڕێگای ئیسلام کە بەرەو بەهەشت دەڕۆن بۆلای پێغەمبەری پێشەوا ﷺ و یارانی، ئەی نەفس کە سەراپای ژیانم تاوان و ئاخیرەتم خراپ بوو لە قیامەت کەس بەهاوارم نایەت ڕزگارم بکات لەسزای خوای گەورە.

کەوابوو ئەی نەفسەکەم بابەڵێن بدەین بەخوای گەورە تاکۆتا هەناسەی تەمەن و لە ژیانین بۆ ڕەزامەندی ئەو و بەهەشتی نەبڕاوە تێبکۆشین.

چونکە ئەی نەفسەکەم هەر ئەوەیە چارەمان کە بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە و پابەندبوونمان بە ئیسلامەوە ئەوکات سەرفراز و سەربەرزی دونیا و قیامەت ئەبین، بەئیزنی الله تعالی.

---

[١] - سورەتی الشعراء ئایەتی (١٠٢).

## لە كۆتایی



خوشكانی سەنگینم لەكۆتایی پێت ئەڵێم، ژیانی خۆت بۆ هیچ كوڕێك مەفەوتێنە، بە قسەی كەس باوەڕ مەكە، و مەبنە مەڕ لەبەر دەستی گورگەكان، كوڕێك نەهاتە لای باوكت شەرەف و ڕێز و حورمەتت مەخە بەردەستی، زۆر كچ هەبوون، كوڕەكانان ژیانیان فەوتاندن بە وەعد و بەڵێنی درۆ، دونیایەك ئومێدی پێ دا، هۆگری خۆی كرد و بەڵێنی مانەوەی دا سوێندی خوارد كە بەس من ئەو ئەهێنی و ئەوی دەوێ
كەچی لەناكاو هەموو شت گۆڕا، كچەكانیان ڕوخاند ئیستا لە ژیانێكدان دڵیان بەهیچ خۆش نابێت، بۆیە ئەوەی ئەو كچە حۆشباوەڕانە كردیان ئێوە مەیكەن، ڕەحمەتتان لێ بێت.
ژیر و ئاقڵ كەسێكە پەند و وانە لە كەسانی ترەوە وەردەگرێت، ئەم كتێبەی كە خوێندتەوە، پڕ بوو لە ڕووداو بەسەرهاتی ڕاستەقینە، بۆیە هیوادارم دەرس و پەندی لێ وەربگریت، پێش ئەوەی ئێمە ببین بە پەند و وانە بۆ خەڵك، بۆیە هەوڵدە ئەم تەمەنە كورتەی هەمانە بابۆ ڕەزامەندی اللە تعالی بێت، خۆشی دونیا هەر چۆنێك بێ دەبرێتەوە.
كاتێک ئامۆژگاری ئافرەتان دەكەین، بەدووربوون و تێكەڵ نەبوون لەگەڵ پیاوان، بە گۆشەگیرو توندڕەومان دەزانن،

کەچی خۆیان ئافرەتێک دەهێن ڕووتی دەکەنەوە وێنەی لەسەر بەرگی سابونێک دادەنێن سابونەکەش دوو بە (٢٥٠) دینارە، کەچی زمانیان بەرامبەر ئیسلام درێژ دەکەن دەڵێن ئیسلام مافی ئافرەتی نەداوە گۆشەگیری کردوە ونازانم چی!! بەلام بزانە ئافرەت اللە تعالی ڕێزی لێناوە سورەتێکی بەناوی (النساء) کردووە هەموو قورئان بگەڕێ سورەتێک نیە بەناوی پیاو (الرجال).

بۆیە خوشکی بەڕێزم با کەس ساردتان نەکەنەوە لە ئیسلام و خۆداپۆشینت، ئەوە بزانە کە ڕێزی تۆی ئافرەت تەنها لەئیسلامە، دین و بەرنامەکانی تر ئافرەتیان وەکو خزمەتکار و دەزگایەک دەبینن بۆ تێرکردنی حەزەکانیان.

کەوایە خوشکم دووربە لە خەڵکانێکی دونیا پەرست، چونکە زۆرینە خێرییان تێدانەماوە، چ جای چوونە دەر و کارکردنت لەگەڵ پیاوە نامەحرەمەکان، کوفر ئەوەندە بەدوای بێ ڕەوشتکردنی ئافرەتانە، تاکو پیاو بەردەوام بەدوای حەزی نەفسی بێت، و دوور بکەونەوە لە ئیسلام، و موسڵمانان هەر خەمیان سك و دامێنیان بێ و کۆمەڵگای موسڵمانان لاواز بکەن و خۆیان حوکمی وڵاتە ئیسلامیەکان بگرنە دەست.

بۆیە خوشکە ژیرەکەم هیوادارم ئامۆژگاریەکانمان سوودی هەبێ بۆت، وە هەرگیز بەگوێی ئەوانە مەکە کە پێت بڵێن جوانیت تۆش هەموو سنورێکی اللە تعالی بشکێنی لەسەر قسەیەکی ئەوان خۆشباوەڕ و ساویلکە بیت،

هەرگیز نەکەی بێ فەرمانی الله بکەیت، با پێت بڵێن دواکەوتووی با پێت بڵێن گۆشەگیری با پێت بڵێن دۆڵمەی پێچراو با پێت بڵێن پیرەژنیت تۆ لای هەموو ئەوانە ناشرین بیت و پیرەژن بیت، بەڵام بە جلە شەرعیەکەت لای الله زۆر خۆشەویستی، بزانە کە هیچ پێویست ناکات کوڕی خەڵك نەفسی پیسی بەئێوە تێر بکات، بۆچی جوانی خۆتان هەڕاج ئەکەن بۆ ئەوەی پێت بڵێن کراوەیت و جوانیت!

دڵنیابە جوانیەکەت کۆتایی پێدێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەنت هەڵدەوەرێت بەڵام شەرم و ڕەوشتی ئافرەت ئەگەرچی تێش بپەڕێت، بەڵام لای الله تعالی نوسراوەو پاداشتەکەشی لە قیامەتە.

داواکارم لە الله تعالی هیدایەتی هەموومان بدات و بەردەوامیمان پێ ببەخشێ لەسەر ئیمان و ئیسلام، تاکو ئەوساتەی دەگەڕێینەوە لای الله تعالی، امین.

داوام وایە هەرکەس ڕەخنە و پێشنیازی لەبارەی ئەم کتێبە هەیە بۆمان بنێرێت بەخۆشحاڵییەوە قەبوولی دەکەین بۆ ناردنی سەرنج و تێبینیەکانتان لە فەیسبوك ئەتوانن لەم ناونیشانە بنێرن: عبدالله خاکی

براتان: عبدالله خاکی

**خوێنەری بەڕێز: داوام وایە دوای خوێندنەوەی ببەخشی بە هاوڕێ و ناسیاوەکانت تاوەکو زۆرترین کەس سوود ببینن و بۆت ببێتە خێری نەبڕاوە.**

# ناوەڕۆك


| سەرە بابەت | ژ. پەڕ |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| خوێندن و چوونە دەرەوەی ئافرەت لەم ڕۆژگارەدا | ٨ |
| ئامۆژگاری و خۆپاراستن لە کوڕەکانی زانکۆ و پەیمانگا | ٣١ |
| خۆپاراستن لە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا | ٦٤ |
| ژیانی بەشە ناوخۆییەکان و ئامۆژگارییەك بۆ کچان | ٨٦ |
| هۆکار چییە کچان دەبنە قوربانی سەرەکی | ١٠٧ |
| هۆکارێکی ترلە هۆکارەکانی بوونە قوربانی کچان. | ١١٦ |
| پێش کۆتایی ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە بۆ تۆ خوشکم | ١٢٥ |
| لە کۆتاییی | ١٤٢ |
| ناوەڕۆك | ١٤٥ |